میخائیل شۆلۆخەف

# چیرۆکەکانی دۆن

وەرگێڕانی لە فارسی و عەرەبییەوە
ئەکرەم عەلی

سلێمانی-2006

www.pertwk.com

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri.org
khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: چیرۆکەکانی دۆن
- نووسەر: میخائیل شۆلۆخۆف
- ەەر ەۆڕعەعوم عە ع
- سەرپەرشتاری هونەری: زانا جەلال
- نەخشەسازی: زانا جەلال
- بەرگ: زانا جەلال
- زنجیرە: 133
- تیراژ: 1000
- ژمارەی سپاردن (75)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە
- چاپخانەی:

www.pertwk.com

## ڕونکردنەوە

کە لە وەرگێڕانی "گێژاو"[1] بوومەوە، دوو کۆمەڵە چیرۆکی تری "شۆلۆخەف"م بەفارسی دەستکەوت، کە لە ڕاستیدا هەردووکیان هەمان "شەش چیرۆکبوون"[2] و لەلایەن دوو وەرگێڕی جیاوازەوە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی فارسی و لەژێر دوو ناوی جیاوازدا بڵاوکرابوونەوە؛

یەکەمیان بەناوی؛

داستانهای دن _چیرۆکەکانی دۆن_

ترجمە؛ م. ع. عموئی

چاپ؛ دوم 2535 "شاهنشاهی" 1976ی زاینی

انتیشارات رز_تهران

---

(1) بریتیبوو لە 10 کورتە چیرۆکی تر لە فارسیەوە وەرمگێڕاوە و چاپکراوە.

(2) شەش کورتە چیرۆکەکە بریتین لە؛ گاوان (شوان)، بیژی، خوێنی بێگانە، جوانوو، دەشتی گوڵە مێلاقەی کێویلە. کە ئەم سیانەی دواییان لە "گێژاو"دا دوبارەبوونەتەوە، بۆیە جارێکی تر لێرەدا وەرمنەگێڕاونەتەوە.





ناوی چاپخانەکە نەنوسراوە.

دووهەمیشیان؛

خون اجنبی و چند داستان دیگر، "خوێنی بێگانە و چەند چیرۆکێکی تر"

ترجمە؛ قاسم کبیری

چاپ اول؛ بهار 2537 "شاهنشاهی"

چاپخانە؛ دانیشگاه ازاد ایران

نشر اندیشە_ تهران

وام بەباشزانی کە لە دەقی وەرگێڕانەکەی "م. ع. عموئی"یەوە بیانکەمە کوردی. بەڵام بەداخەوە ئەو نوسخەیەی کە دەستمکەوتبوو 17 لاپەڕەی کەمبوو، ئەوە ناچاریکردم بۆ ئەو 17 لاپەڕەیە _کە بەر چیرۆکی "بیژی" دەکەوتن_ پەنا بەرمە بەر وەرگێڕانەکەی "قاسم کبیری" و ئەو 17 لاپەڕە نوقسانە لەوەوە تەرجەمەبکەم.

پاش ماوەیەکی تر دوای تەواوکردنی وەرگێڕانەکە لەشوێنێکی تر بەشی یەکەمی نوسینەکانی "شۆلۆخەف"م بە

زمانی عەرەبی دەستکەوت، کە بریتیبوو لە "12"[3] چیرۆک و لەژێر ناوی؛

قصص الدون "چیرۆکەکانی دۆن"

المجلد الاول

ترجمە عبدالله حبە

دار "رادوغا" فرع طشقند

سنە 1986

ئەوە وایلێکردم کە لە کاتی پاکنوسکردنی ئەم چیرۆکانەدا بەراوردێک لە نێوان هەر سێ دەقەکەدا بکەم _دوو وەرگێڕدراوە فارسیەکە و وەرگێڕدراوە عەرەبیەکە_ لەکاتی بەراوردکردنەکەدا هەستم بە جیاوازیەکی هێندە گرنگ نەکرد کە پێویستبکات پەنجەی بۆ ڕابکێشم، ئەوەش خۆی لە خۆیدا شتێکی دڵخۆشکەربوو و تاڕادەیەک دەستپاکی و ئەمانەتی وەرگێڕانەکانی دەسەلماند و هەر

[3] ئەو دوانزە چیرۆکە بریتین لە؛ پاسەوانی بێستانی کاڵەک، ڕێگای ژیان، ڕێگای چەوت، خراپە، دوژمنی خوێنە خۆر، کرێکارانی کشتوکاڵ، خاڵ، گاوان (شوان)، بیژی، خوێنی بێگانە، جوانوو، دەشتی گوڵە مێلاقەی کێویلە (دەشتە لازوەردیەکان). کە ئەم شەشەی دواییانم لە فارسیەوە کردووە بە کوردی و بەهیوام لە دەرفەتێکی تردا ئەوانی تریش لە عەرەبیەوە بکەم بە کوردی.





سێکیان لە پارێزگاریکردنی شێوە و ناوەڕۆکی چیرۆکەکاندا تاڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکبوون. ئەمێنێتەوە سەر هەندێک جیاوازی بچوک _دیارە ئەوەش هەر دەبێت، چونکە هەر وەرگێڕێک شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە_ من هەوڵمداوە بەپێی توانا و بۆچونی خۆم ڕاستترینیان و نزیکترینیان لە شێوە دەربڕینی "شۆلۆخەف"ەوە لە وەرگێڕدراوە کوردیەکەدا بەکاربهێنم.

هیوادارم توانیبێتم لە ئاستی خۆمەوە خزمەتێکی بچوکی ڕۆشنبیری گەلەکەمم کردبێت.

"ئەکرەم"

مایسی 1988

# گاوان

**1**

شانزە ڕۆژە لە ڕۆژهەڵاتەوە، لەلای دەشتە قاوەییە بەهەتاو سوتاوەکانەوە، لەلای لیتە سپیە بەخوێ داپۆشراوەکانەوە، گڕەیەکی گەرم دێت.

زەوی ڕەش داگیرساو، گژوگیا سیس و زەرد و ژاکاو، هەموو چاڵەکانی کە بەدرێژایی جادە سەرەکیەکان ڕیزیان بەستبوو وشک و بێ ئاو، هێشووە گەنمەشامیەکانی کە هێشتا دەمیان نەکردۆتەوە، وەک پیرەمێردی کۆم، سیس و سەربەرەوخوار چەماونەتەوە.





دەمەدەمی نیوەڕۆیە، زایەڵەی زەنگە زەردەکەی کڵێسا بەناو گوندە خەواڵوەکەدا پەخشدەبێتەوە. هەوا گەرمە و جگە لە دەنگی ئەو تەپەی پێیانەی کە لە تەنیشت پەرژینەکانەوە دێن و تەپوتۆزیان لێبەرزدەبێتەوە، و تەق و تۆقی گۆچانی پیرەمێردەکان کە هێواش هێواش ڕێدەکەن، هیچ دەنگێکی تر نابیسترێت.

زەنگی کڵێسا بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی ئاوایی لێدەدرێت، کۆبونەوەکەیان بۆئەوەیە گاوانێک ڕاگرن بۆ گاگەلی ئاوایی.

بارەگای ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن پڕە لە غەڵبەغەڵب و دوکەڵی جگەرە. سەرۆکی ئەنجومەن بە قنگی قەڵەمەکەی دەستی دەکێشێت بە سەر مێزەکەدا؛

ـ هاووڵاتیان! گاوانی گوندەکەمان چیتر مەیلی چاودێریکردنی گاگەلەکەمانی نەماوە. دەڵێت موچەکەم کەمە. لەبەرئەوە ئێمەی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن لەبری ئەو پێشنیاری "گریگۆری فرۆلۆڤ Grigory frolov"دەکەین... لاوێکی بێ دایک و باوکە و ئەندامی ڕێکخراوی لاوانیشە. وەکو ئاگاداریشن باوکی کاتی خۆی پینەچی بوو. ئێستا خۆی و خوشکەکەی پێکەوە دەژین و دەستیان زۆر کورتە و

هیچ دەرامەتێکیان نیە. لەبەرئەوە هاووڵاتیان، لەو بڕوایەدام کە ئێوەش دەرک بەو مەسەلەیە دەکەن و بەگاوانی گوندەکەمانی ڕادەگرن.

ئەم قسەیە بەلای "نستڕۆڤ **Nesterov**"ی پیرەوە گەلێک ناخۆشبوو، بەدەست خۆی نەبوو، ئۆقرەی لێبڕا، لەسەر کورسیە تەختە لاسەنگەکەی کە لە ڕیزی دوای دواوەبوو دەستیکرد بە جوڵەجوڵ؛

ـ ئەو بە کەڵکی ئێمە نایەت! گاگەلەکەی ئێمە گاگەلێکی گەورەیە و ئەو دەرەقەتی نایەت!.. لەم نزیکانە لەوەڕگا نیە، ئەبێ ببرێن بۆ پاوەنێکی دور بۆ لەوەڕ.. ئێ بێجگە لەوە ئەو کوڕە پێشتر ئەم کارەی نەکردووە و شارەزایی نیە، تا پایز نیوەی گوێرەکەکانمان لەناو دەچن.

"ئیگنات **Ignat**"ی ئاشەوان، پیرەمێردێکی سەربەگۆبەن بوو، ئاگری بن کابوو، بەزمانێکی لوس بەڵام پڕلەئاشوب و ئاژاوە نانەوە، هێمن و لەسەرخۆ کەوتە قسە؛

ـ ئێمە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنیش نەبێت گاوانێکمان هەر بۆ پەیدا دەکرێت.. ئەمە کارێکە پەیوەندی بە خۆمانەوەیە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە پیرەمێردێکی عال وسال





بدۆزینەوە کە جێگای متمانە بێت و لەگەڵ وڵاخەکاندا ڕەفتاری باشبێت.

ـ زۆر ڕاستە باپیرە!

ـ هاووڵاتیان، ئەگەر پیرەمێردێک ڕابگرین لەوانەیە ژمارەیەکی زۆرتری گاگەلەکەمان لەدەست بچێت، چونکە لەم ڕۆژانەدا دونیا گۆڕاوە، لە هەموو شوێنێک دزی و ڕاوڕوت تەشەنەی کردووە.

ئەوە قسەی سەرۆکی ئەنجومەن بوو کە هەروەکو چاوەڕێی لێدەکرا بەدەنگێکی زوڵاڵ وتی.

لەپڕ زەلامێک لەبنەوەی هۆڵەکەوە هەڵیدایە و پشتگیری قسەکەی سەرۆکی کرد؛

ـ نەء، پیرەمێرد بەکەڵکی ئەم ئیشە نایەت. خۆتان دەزانن هەموو گۆلکی یەک ساڵەن و گا و مانگا نین، پیاو دەبێت وەکو تانجی ڕابکات تابتوانێت پێ بەپێیان بڕوات.. باشە واگریمان گاگەل بڵاوەی لێکرد و هەر یەکەی بەلایەکدا هەڵیتیزاند، خۆ ئەو پیرەمێردەی ئێوە تا کۆیان دەکاتەوە جەرگ و ڕیخۆڵەی خۆی دادەنێت.

هاڕەی پێکەنین هۆڵەکەی هێنایە لەرزین.

پیرەی ئاشەوان لەبنی هۆڵەکەوە پەنجەی هەڵبڕی و بەنیمچە گلەییەکەوە وتی؛

ـ ئەم ئیشە بە شیوعی ناکرێت.. ئەم ئیشە دەبێت بەدەست نوێژکەرەکان بێت، نەک ئەوەی کەسێک بێت و ...

پیرەمێردە بەدەکە کەوتە سڕینی سەرە کەچەڵەکەی.

بەڵام هەرزوو سەرۆکی ئەنجومەن بەرەقیەوە قسەکەی لەوێدا پێبڕی و وتی؛

ـ بەسە هاووڵاتی، ئێرە جێگای ئەم قسە ناشیرینانە نیە... ئەگینا دەڵێم بتکەنە دەرەوە.

بەم شێوەیە تاریک و ڕونی بەیان، ئەو دەمەی لە دوکەڵ کێشەکانەوە دوکەڵی سپی چون لۆکە بەرزدەبۆوە و لولی دەخوارد و بەئاسمانی گۆڕەپانەکەی گوندا بڵاودەبۆوە، "گریگۆری" سەدوپەنجا سەر مانگا و گوێرەکەی کۆکردەوە و بەناو ئاوایدا بەرەو گردە خۆڵەمێشیە تاق و تەنهاکەی نزیک ئاوایی دانیە بەر.

کونە مشک دەشتەکەی ئاوڵاوی کردبوو. زیکەی مشک لە هەموو لایەکەوە دەبیسترا. پۆڕ لەناو گژوگیا کورتە باڵاکانی نێو دۆڵەکانەوە هەڵدەفڕین و پەڕە زیوینیەکانیان دەبریقایەوە.





گاگەل هێمن بوو، دەنگی سمی گوێرەکەکان وەک هاڕەی ڕێژنە بارانی سەر زەوی قڵێشاو دەهاتە بەر گوێ.

گریگۆری "دونیاتکا **Dunyatka**"ی خوشکی کردبوو بە یاریدەدەری خۆی و لەتەک خۆیدا هێنابووی، سەرگۆنا خوێن تێزاوە پەڵەپەڵەکانی "دونیاتکا" دەخنانەوە.. لێو و چاوەکانیشی پێدەکەنین.

لەڕاستیدا ئەو هەمیشە سەرتاپای پێدەکەنی، چونکە تەنها حەڤدە بەهاری دیبوو.. و کاتێک کە مرۆڤ تەمەنی حەڤدە ساڵ دەبێت، هەموو شتێک _دەموچاوی تێکترشاوی براکەی، گوێرەکەکان بە خۆیان و گوێچکە بچکۆلە شۆڕەکانیانەوە، کە هەڵدەتیزێنن و دەلەوەڕێن، تەنانەت ئەو ڕاستیەش کە مرۆڤ دوێنێش و ئیمڕۆش پارویەک نانی نەبێت بیخوات_ بەلایەوە نوکتەیەکی خۆشە و تێرتێر پێی پێدەکەنێت.

بەڵام گریگۆری پێنەدەکەنی، ناوچەوانی لەژێر کڵاوێکی کۆنەی شڕدا پرلەچرچ و لۆچ و بێتاقەت دەینواند و چاوەکانی ماندوو دیاربوون، واپێدەچوو لە نۆزدە ساڵەکەی تەمەنی خۆی زیاترێک ژیابێت.

گاگەل بە هێواشی ڕێیدەکرد و وەکو مەلۆ گەنمی درەوکراو بەدرێژایی ڕێگاکە قەتارەیان بەستبوو.

گریگۆری بەدەم فیکە لێدانەوە بۆ لێخوڕینی جێماوەکان، ئاوڕێکی لە خوشکەکەی دایەوە و وتی؛

ـ "دونیا"، تا پایز ئەوەندە دانەوێڵە کۆدەکەینەوە کە بتوانین پێی بچین بۆ شار. من لەوێ دەچمە فێرگەی کرێکاران و هەوڵدەدەم تۆش بخەمە بەر خوێندن. "دونیا"، لەشار هەر کتێبێکمان بوێت دەستمان دەکەوێت. لەشار خەڵکی خواردنی باش دەخۆن، نەک وەکو هینی ئێمە ئەڵێی پەینە و ئالفی تێکراوە.

ـ باشە ئەی پارەمان لە کوێ بوو پێی بڕۆین؟

ـ ئۆهۆو، بێئەقڵ، ئەویش پەیدا دەبێت. بیست پۆد (*یەکەیەکی کێشی ڕوسیایە.و) گەنممان دەدەنێ و ئەوەش ئەو پارەیەیە کە تۆ دەتەوێت.

هەر "پۆد"ێکی گەنمەکە دەفرۆشین بە ڕۆبڵێک . بێجگە لەوە هەرزن و تەپاڵەشمان

دەبێت بیفرۆشین.گریگۆری لەناوەڕاستی ڕێگاکەدا وەستا و بە دارەکەی دەستی لەسەر خۆڵی سەر جادەکە کەوتە ژمارە نوسین و کۆکردنەوەیان.





ـ بەڵام ئەی ئێستا چی بخۆین! "گریشا"؟ (*گریشا؛ کورتکراوەی گریگۆریە.و) خۆهەر هیچمان نیە.

ـ هەندێک نانە ڕەق لە توێشەبەرەکەمدا ماوە.

ـ ئەگەر ئەوە بخۆین، ئەی بۆ سبەینێ چی بکەین؟

ـ یەکێک لە گوندەوە دێت. هەندێک ئاردمان بۆ دێنێت. سەرۆکی ئەنجومەن خۆی گفتی دامێ..

قرچەی هەتاوی نیوەڕۆ هەموو شتێکی داغدەکرد، کراسە خامەکەی گریگۆری شەڵاڵی ئارەقەبوو و بەلەشیدا نوسابوو.. گاگەل سست و بێتاقەت بەرەوپێش دەڕۆیشت. مێشە سەگانەکان گازیان لە گوێرەکەکان دەگرت. هەوای قورس و سەنگین پڕلە گیزەگیزی مێش و بۆڕەبۆڕی گۆلکەکان بوو.

دەوروبەری عەسر، پێشئەوەی خۆر ئاوابێت گاگەلەکەیان کردبە تەویلەیەکی دورە دێدا، کەمێک لەولایەوە حەوزێکی بچکۆلە و کەپرێکی لە حەسیر دروستکراوی لێبوو، باوباران نیمچە شڕیان کردبوو.گریگۆری بەڕاکردن گاگەلەکەی کۆکردەوە و مۆڵی دان، پاشان دەرگا لە پوش و پەڵاش دروستکراوەکەی تەویلەکەی بەپاڵ کردەوە، یەکە یەکە لە

کونە چوارگۆشەییە تاریکەکەی دەرگاکەوە ولاخەکانی ئاودیودەکرد و لە هەمان کاتدا دەشیژماردن.





## 2

لەسەر قوتەیەک کەپرێکیان دروستکرد، لەدورەوە دەتوت دەنکە نۆکێکی زەبەلاحە و لەتەنیشت حەوزەکەوە قوت بۆتەوە، بەدووقۆڵی دیوارەکانی کەپرەکەیان بە شیاکە سواغدا و پاشان گریگۆری بانەکەی بە قامیش و چیلکە و چەوێڵ گرت.

ڕۆژی دوایی سەرۆکی ئەنجومەن بەسواری ئەسپێکەوە گەیشتە لایان، نیو "پۆد" ئاردی گەنمەشامی و تورەکەیەک هەرزنی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لەژێر سێبەری کەپرەکەدا بەچیچکانەوە دانیشت و جگەرەیەکی گڕدا؛

- گریگۆری تۆ گەنجێکی سەلار و ڕێک و پێکیت.. گاوانیەکەت بەباشی بکە.. پاشان پایز بەیەکەوە دەچین بۆ مەڵبەندی ناوچە بەڵکو لەوێوە بتوانیت بەلایەکدا بڕۆیت وخوێندنەکەت تەواوبکەیت. لەبەشی فێرکردنی گشتی کوڕێک دەناسم دەتوانێت یارمەتیت بدات...

ڕوخساری گریگۆری لە خۆشیاندا سورهەڵگەڕا، کاتێ کە زانی سەرۆکی ئەنجومەن نیازی ڕۆیشتنی هەیە، جڵەوی ئەسپەکەی بۆ گرت و توند دەستی گوشی، ماوەیەکی زۆر

لەجێی خۆیدا وەستاو و چاوی بڕیە تەپ و تۆزی بەئاسماندا هەڵچوی ژێر سمی ئەسپەکەی.

دەشتی وشک و برینگ، هەمیشە کاتی خۆرئاوابوون وەکو نەخۆش تای لێدەهات و ڕوخساری دادەگیرسا، لە قرچەی گەرمای نیوەڕوانیشدا بزەی لێدەبڕا و لە جوڵە دەکەوت.

گریگۆری لەسەرپشت ڕاکشابوو و چاوی بڕیبووە گردۆڵکەیەک هاڵاوی گەرمی مەیلەوشین تێی ئاڵابوو، بەخەیاڵ وایدەبینی کە دەشتیش گیانلەبەرێکە و لەژێر زەبری قورسایی ئاوایی و گوند و شارەکاندا دەناڵێنێت. وایدەهاتە پێش چاو کە خۆڵیش هەناسەدەدات و لە قوڵایی دەرونیدا، لەبنی بنەوەی چینەکانی ژێر گابەردە زلەکاندا دەبێت ژیانێکی تر هەبێت و ڕۆژێک لەڕۆژان سەرهەڵبدات کە لەگەڵ ئەم ژیانەی ئێستادا زۆر جیاوازی هەیە و دورە لە دەرک پێکردن و تێگەیشتنی ئەمەوە. تەنانەت لەو ڕۆژی ڕۆشنایەدا هەستی بە ترس دەکرد.. بەچاو ئەندازەی کەژ و کێوە بێئەندازە و قەبەکانی دەگرت.. دەیڕوانیە هاڵاوی گەرمی لەرزۆک و گاگەلەکە کە وەک کۆمەڵە خاڵێک بەناو





گژوگیا قاوەیی باوەکەی پاوەنەکەدا بڵاوبووبونەوە و لەدڵی خۆیدا دەیوت " لەم دونیایەدا لە تیکەیەک نان دەچم کە لە کولێرەیەک کرابێتەوە".

عەسری ڕۆژی شەممەیەک گریگۆری وەک هەموو ڕۆژانی تر گاگەلەکەی بەرەو تەویلەکە دابووە بەر. دونیاتکا لەتەنیشت کەپرەکەوە ئاگری کردبووەوە، هەندێ هەرزن و گەڵای ترشۆکە کێوی بۆن خۆشی دەکوڵاند. گریگۆری لەلای ئاگرەکەوە دانیشت و بە کۆچانەکەی دەستی تەپاڵەکانی کە بۆنێکی ناخۆشیان لێدەهات دەدا بەیەکدا و لەسەرخۆ وتی؛

ـ گوێرەکەکەی "گریشاتکا Grishatka" نەخۆشە، ئەبێ خەبەر بدەین بە خاوەنی.

دونیاتکا بەلەرەی دەنگێک کە هەوڵیدەدا واخۆی نیشانبدات کە هێندەی بەلاوە گرنگ نیە بچێتەوە بۆ ئاوایی وتی؛

ـ دەبێ من بچمەوە بۆ دێ؟

ـ نەء، نابێ تۆ بڕۆی.. من بەتەنها دەرەقەتی گاگەلەکە نایەم.

پاشان زەردەخەنەیەکی کرد و درێژەی بە قسەکانی دا؛

ـ هەست بەتەنهایی دەکەیت؟ ها؟

- ئا، گریشا گیان، وایە. وا مانگێکی ڕەبەقە ئێمە لە دەشتین و بەدرێژایی ئەم مانگە یەک زەلاممان نەدیوە، ئەگەر هەموو هاوین لێرەدا بەسەربەرین من قسەکردنیشم بیردەچێتەوە.

- "دونیا" واز لەم قسانە بهێنە... پایز دەچین بۆ شار، هەردوکمان دەچینە قوتابخانە و دوای ئەوەی قوتابخانەمان تەواوکرد دەگەڕێینەوە بۆ ئێرە پارچە زەویەک پەیدا دەکەین و لەسەر شێوەی زانستی نوێ کشتوکاڵی تێدا دەکەین. لێرە بێجگە لە نەخوێندەواری و نەزانی هیچ شتێکی تر نیە، خەڵکی هەموویان نوستوون، کەس خوێندنەوە و نوسین نازانێت، کتێب نیە.

- ئاخر کەس لە قوتابخانە وەرمان ناگرن، چونکە ئێمەش وەکو هەموو ئەو خەڵکە نەخوێندەوارین.

- نا، وانیە. وەرماندەگرن.. کاتێ کە لە گوندبووم کتێبێکی لینینم خوێندەوە، هینی لێپرسراوی حیزبی گوندبوو، تێیدا نوسرابوو کە دەبێت پرۆلیتاریا حوکم بگرێتە دەست، و دەیوت ئینسانی هەژار، ئەوانەی کە خاوەنی هیچ نین دەبێت فێری خوێندەواری ببن.





گریگۆری شانی دادا، تیشکی نارنجی خۆرئاوا سەرگۆناکانی ئاڵکردبوو، بەسنگێکی کراوە و فراوانەوە درێژەی بەقسەکانیدا؛

- پێویستە لەسەرمان بخوێنین تا بتوانین پارێزگاری لە کۆمارەکەمان بکەین. لە شارەکان کرێکاران حوکم دەکەن، بەڵام کوێخای گوندەکەی ئێمە کۆلاکە، لە دێهاتەکانی تریشدا زۆربەی کاربەدەستان کەسانی دەوڵەمەند و پارەدارن.

- منیش دەتوانم بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە تۆ خەریکی خوێندن دەبیت خەریکی قاپ شتن و گسکدانی ماڵان بم و پارەوپولێک بەدەست بهێنم.

تەپاڵە دەسوتا و دوکەڵی دەکرد، تاوتاوێک کڵپەی دەکرد و گڕی بەملاولادا بلاودەبووەوە.

دەشتی خەواڵو وەنەوزی دەدا، لەبێدەنگیدا نوقمبوو بوو.

## 3

سەربازێک کە بەرەو مەڵبەندی ناوچە دەڕۆیشت لەسەر ڕێیەوە لایدایە لای گریگۆری و پێی وت "پۆلیتۆڤ Politov"ی لێپرسراوی حیزبی ناوچە داوات دەکات، دەبێت بچیت بۆ گوند بۆ لای".

گریگۆری دەمەوبەیان کەوتە ڕێ. نزیکی نیوەڕۆ گردەکەی کە بورجی زەنگەکانی کڵێسا و خانوە بچوکەکانی چواردەوری کە بە حەسیر و تەنەکە سەریان گیرابوو، لێدەرکەوت.

بنی پێی تلۆقی کردبوو، بەرەو گۆڕەپانەکەی گوند هەنگاوی نا. کۆڕ لە ماڵی قەشەی دێدا گیرابوو.

گریگۆری بەسەر حەسیرێکی لە پوش دروستکراوی تازەدا هەنگاوی نا و خۆیکرد بە ژورێکی گەورەدا.





پەنجەرەکان داخرابوون، ژورەکە نیمچە تاریکبوو، پۆلیتۆڤ لەتەنیشت پەنجەرەیەکەوە خەریکی دروستکردنی چوارچێوەیەکی تەختە بوو.. دەستە ئارەقاویەکانی بەرەو گریگۆری درێژکرد و بەدەم زەردەخەنەوە وتی؛

ـ دەی، گوێ مەدەرێ. ئاگام لە هەموو شتێک هەیە. لە مەڵبەندی ناوچە پرسیارم بۆ کردی، چەند گەنجێکیان ویستبوو بۆ کارگەی نەوت، بەڵام یەک دەرزەن زیاتر لەو ژمارەیەی کە ویستبوویان پەیدابووبوو. تۆ تازە تا پایز ئەبێ خەریکی گاوانیەکەی خۆت بیت، دوای ئەوە دەتنێرین خوێندن تەواوبکەیت.

ـ من بەو پەڕی توانامەوە ئیشی خۆم بەڕێک و پێکی دەکەم.. کۆلاکەکانی گوندەکەمان لە داخی ئەوەی کە من بووم بە گاوانیان وەختە بتەقن، پێم دەڵێن کافرێکی خوانەناسە.. شیوعیە.. نوێژنەکەرە..

ئەم قسانەی بەدەم زەردەخەنەیەکی زۆرەکی پڕلەبێزاریەوە کرد.

پۆلیتۆڤ تەلاشە دارەکانی بە قۆڵی کراسەکەی ڕاماڵی و لەسەر قەراغی پەنجەرەکە دانیشت، لەژێر برۆ پڕە ئالۆزاویەکانیەوە ڕوانیە گریگۆری و وتی؛

– گریگۆری ئەوەندە لاوازبوویت یەکە یەکەی پەراسوەکانت دەژمێردرێ، پێم بڵێ، لەوێ هیچت دەستدەکەوێت بیخۆیت؟!

– بەشی خۆمانمان دەست دەکەوێت.

ماوەیەک هەردوکیان بێدەنگبوون.

– باشە، بڕۆ بابڕۆین بۆ شوێنەکەی خۆم. لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵێک کتێب و ڕۆژنامەمان لەناوچەوە بۆ هاتووە، با هەندێکیانت بدەمێ.بە کۆلانێکدا داگەڕان کە بە گۆڕستانێک کۆتایی دەهات. مریشک لەناو خۆڵەمێش و سەرەنوێلکی ئەو ناوەدا خەریکی چینەکردن و تەکاندنی پەڕەکانیان بوون. جیرەجیرِی خولۆکەی تایبەتی ئاو هەڵهێنجانی بیرێک بێدەنگیە هەراسان کەرەکەی شێواند.

– بۆچی نامێنیتەوە؟ ئەم شەو کۆبوونەوە هەیە، کوڕگەل هەمیشە هەواڵت دەپرسن. دەڵێن گریشا لە کوێیە؟ خەریکی چیە؟ دەتوانیت ئەوانیش ببینیت و منیش دەربارەی وەزعی ئێستای جیهان قسەدەکەم.. ئەمشەو لامان بمێنەرەوە و سبەینێ بڕۆرەوە.





– ناتوانم بمێنمەوە، دونیاتکا بەتەنها فریا ناکەوێت. بۆ کۆبونەوەکە دێم، بەڵام هەرکە تەواوبوو یەکسەر شەوێ دەکەومە ڕێ و دەگەڕێمەوە.

هەیوانی ماڵەکەی پۆلیتۆڤ فێنک بوو، بۆنی خۆشی سێوی وشک کراوە و بۆنی تیژ و ناخۆشی ئارەقەی لەشی ئەسپ و زین و قایش و قروشی کە بەدیوارەکەدا هەڵواسرابوون تێکەڵاو بووبوون.بەرمیلێکی پڕ لە "کەفاس" (*خواردنەوەیەکی ڕوسیە وەکو بیرە وایە لە میوە یان جۆ، یان نان دروستدەکرێت) لە سوچێکدابوو، لە تەنیشتیەوە قەرەوێڵەیەکی کۆنەی تێکشکاو دانرابوو.

– ئەمەش کونجی قەناعەتی منە.. ماڵەکە لێرە فێنکتری تێدا نیە.

پۆلیتۆڤ دانەوی و زۆر لەسەرخۆ چەند ژمارەیەکی "پراڤدا" و دوو کتێبی لەژێر لێفە چڵکنەکەدا دەرهێنا، ئەوانەی دایە دەست گریگۆری و چوو تورەکەیەکی پینەکراوی هێنا، دەمەکەی کردەوە و وتی؛

– ئەمە بگرە.

گریگۆری ئەو کاتەش کە دەمی تورەکەکەی گرتبووەوە چاوی هەر لەسەر چاپەمەنیەکان بوو.

پۆلیتۆڤ مشت مشت ئاردی کردە ناو تورەکەکەوە هەتا نیوەی بوو، تورەکەکەی ڕاوەشاند و بەخێرایی بەرەو ژورێکی تر ڕۆیشت.. کە هاتەوە دوو پارچە بەزی بەرازی لەگەڵایەکی سیسی کەلەرمەوە پێچراوی بەدەستەوەبوو، ئەوانیشی خستە ناو تورەکەکەوە و وتی؛

ـ کە ڕۆیشتیتەوە ئەمانەش لەگەڵ خۆت بەرە.

گریگۆری سوربووەوە، وتی؛

ـ نایانبەم؟؟

ـ بۆ نایانبەیت؟!

ـ نایانبەم.

پۆلیتۆڤ وردە وردە ڕەنگی ڕوخساری پەڕی، بەتوڕەییەوە ڕوانیە گریگۆری و نەڕاندی؛

ـ شتێکی سەیریت! خۆشت بە هاوڕێ دەزانیت! خەریکە لەبرسا بمریت و لای کەسیش قسە ناکەیت؟ ئەوانە نەبەیت ئیتر بە هاوڕێی خۆمت نازانم.

ـ ئاخر تۆ خۆشت هەر ئەوەت ماوە، چۆن من بیبەم؟

کاتێک کە پۆلیتۆڤ بینی گریگۆری بەدڵگرانیەکی ئاشکراوە خەریکی بەستنی دەمی تورکەکەیە، بەهێمنی وتی؛

ـ بیبە، هەقت نەبێت، هەرچەندە زۆریش نیە!





کۆبوونەوەکە تا بەرەبەیانی خایاند.

گریگۆری بەرەو دەشت کەوتەڕێ، تورەکە ئاردەکە شانی قورسکردبوو.. پێیە تلۆقکردوەکانی خراپ دەبرژانەوە.. بەڵام بەڕویەکی خۆش و دڵێکی پڕ لەهیواوە بەرەو ئاسۆی ڕوناک هەنگاوی خێرای دەنا.

## 4

بەرەبەیانێک زوو دونیاتکا لە کەپرەکە هاتە دەرەوە بۆئەوەی هەندێک تەپاڵەی وشک بۆ ئاگرکردنەوە خڕبکاتەوە، کە گریگۆری بینی بەپڕتاو لە تەویلەکە هاتە دەرەوە هەستیکرد شتێک قەوماوە.

ـ هیچ ڕویداوە؟

- گوێرەکەکەی گریشاتکا مردار بۆتەوە.. سیانی تریش نەخۆشن.

بەزەحمەت هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و درێژەی بەقسەکانی دا؛

- "دونیا"، بچۆرەوە بۆ گوند بە گریشاتکا و ئەوانی تر بڵێ بێن بۆ ئێرە. پێیان بڵێ گوێرەکەکانتان نەخۆشن.

دونیاتکا شاڵەکەی لە خۆیەوە پێچا و کەوتە ڕێ، تازە تیشکی ڕۆژ لەودیو گردۆڵکەکانی پشتیەوە بەدەردەکەوتن. گریگۆری پاش دورکەوتنەوەی خوشکەکەی هێدی هێدی گەڕایەوە بۆ ناو تەویلەکە.

گاگەلەکە بەناو لەوەڕگاکەدا بڵاوبۆوە، سێ گوێرەکەی نەخۆش لەتەنیشت پەرژینەکەوە کەوتبوون، دەوروبەری نیوەڕۆ هەر سێکیان مرداربوونەوە. لەو کاتەوە ئیش و کاری گریگۆری بووە ڕاکردن لە لەوەڕگاوە بۆ تەویلە و لە تەویلەوە بۆ لەوەڕگا. دوو گوێرەکەی تریش نەخۆشکەوتن، یەکێکیان بەدەم هاوار و ناڵەی پڕئازار و چاوی دەرپۆقیوی پڕ فرمێسکەوە لەناو قوڕ و لیتەی تەنیشت حەوزەکەدا گیانی دەرچوو، لە هەمان کاتدا چەند فرمێسکێکی سوێری گریان بە گۆنای خۆربردووی گریگۆریدا هاتە خوارەوە.





خۆرئاوا دونیاتکا لەتەک خاوەن وڵاخەکاندا لەڕێوە دەرکەوتن. "ئارتم **Artem**"ی پیرەمێرد گۆچانەکەی لە گوێرەکە بێجوڵەکەی ژەند و وتی؛

- تەواوە، خۆیەتی.. تاعونە، تازە ئیتر هەموو گاگەلەکە لەناو دەچێت.

گوێرەکەکانیان کەوڵکرد و لاشەکانیان لە شوێنێکی کەمێک دور لە حەوزەکەوە لە چاڵ نا و تەپۆڵکەیەکی تازەگڵی ڕەشی وشک لەو شوێنەدا بەرزبووەوە. ڕۆژی دواتر جارێکی تریش دونیاتکا ڕێگای گوندی گرتەوەبەر، حەوت گوێرەکە بەجارێک نەخۆشکەوتبوون.

ڕۆژانی شوم و ناڵەبار یەک بەدوای یەکدا دەهاتن. تادەهات تەویلە خاڵی تر دەبوو، گریگۆری هەستیدەکرد بە خاڵیبوونی تەویلەکە دڵی ئەمیش تا دێت خاڵی دەبێت. لە سەد و پەنجا سەر گوێرەکە تەنها پەنجا سەر مابووەوە. خاوەنەکانیان بە عەرەبانە دەهاتن، وڵاخە مرداربۆوەکانیان کەوڵدەکرد و لاشە خوێناویەکانیان لەچاڵدەنا، دایان دەپۆشین و دەگەڕانەوە بۆ گوند.

وردە وردە وایلێهات گاگەل کردنە ناو تەویلەوە بووە کارێکی قورس و ناڕەحەت، بۆنی خوێن و مەرگ کە بە

پەنهانی بەناویاندا بڵاوبووبوەوە گوێرەکەکانی تۆقاندبوو و هێنابوونیە بۆڕەبۆڕ و هات و هاوار.

بەیانیان، کاتێ کە گریگۆری بەسیمای زەرد و ڕەنگی پەڕیویەوە دەرگا جیڕەجیڕکەرەکەی تەویلەکەی دەکردەوە و گاگەلەکەی بەرەڵادەکرد بۆ لەوەڕ، گوێرەکەکان ناچاردەبوون بەسەر خۆڵی تەڕوتازەی قەبرەکاندا هەنگاو بنێن و تێپەڕن.

بەدرێژایی ڕۆژ بۆگەنی کەلاکی گەنیو، تەپ و تۆزی ژێر سمی وڵاخی یاخی، بۆڕەی دورودرێژ و خۆری هەمیشە داخ کە هێواش هێواش سەرتاسەری دەشتەکەی دەبڕی، هەموو شوێنێکی ئەو ناوەی داگیرکردبوو.

ڕاوچیەکان لە گوندەوە هاتن، لە نزیک پەرژینی تەویلەکەوە چەند فیشەکێکیان تەقاند تا ئەو دەردە ترسناکە لە تەویلەکە دورخەنەوە و لەوە زیاتر وڵاخەکان قڕیان تێنەکەوێت، بەڵام گوێرەکەکان هەر مردار دەبوونەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گاگەلەکە کەمتر دەبۆوە.

گریگۆری هەستیکرد خۆڵی هەندێک لە گۆڕەکان هەڵدراونەتەوە، لەو دەوروبەرەش چەند ئێسک و پروسکێکی کرێنراوەی دۆزیەوە.





گاگەلەکە زۆربەی شەوان هەراسانبوو و گوێرەکەکان ترسنۆک بووبوون، لەپڕ بۆڕەیەکی قایم بێدەنگی تەویلەکەی دەشڵەقاند و گاگەل بەرەو پەرژینەکە شاڵاوی دەبرد و دەخرۆشا، پاش ئەوەی وڵاخەکان خۆیان لە تەویلەکە دەرباز دەکرد دەستە دەستە بەرەو کەپرەکە فرتەیان دەکرد و بەدەم هەناسە برکێ و کاوێژکردنەوە بەتەنیشت ئاگرەکەوە خەو دەیبردنەوە.

گریگۆری نەیدەزانی هۆیەکەی چیە، تا شەوێک لەوەڕینی سەگ خەبەری بووەوە، چاکەتەکەی هەڵگرت و بەپەلە بەڕاکردن لە کەپرەکە چووە دەرەوە، گوێرەکەکان چواردەوریان گرت، کە خۆیان پیا دەکێشا هەستی بە پاشەڵی بەشەونم تەڕبوویانی دەکرد. ماوەیەک لەبەردەم کەپرەکەدا وەستا ، بە فیکە سەگەکانی بانگ کردەوە، لەپەڕی ئەوپەڕی دۆڵەکەی نزیکیانەوە کە بەدۆڵی مار ناسرابوو لورەی گورگێک وەڵامی دایەوە و لەناو دڕک و داڵەکەوە کە گردۆڵکەکەی داپۆشیبوو گورگێکی تر بۆی سەندەوە.

گریگۆری گەڕایەوە بۆ کەپرەکە و چرا نەوتیەکەی داگیرساند.

ـ "دونیا" گوێت لەو دەنگەیە؟!

بەرەبەیان کاتێک ئەستێرە ئاوابوون، لورەلوریش نەما.

5





سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە "ئیگنات"ی ئاشەوان و "میخی نیستروڤ" هاتن. گریگۆری لەژێر کەپرەکەدا خەریکی پینەکردنی پێڵاوەکانی بوو. دوو پیرەمێرد خۆیانکرد بە ژوردا. ئیگنات کڵاوەکەی داگرت، لەتاو تیشکی بەهێزی خۆرەکە کە دەیدا لە زەوی ناو کەپرەکە نێوچەوانی گرژکرد، بەرامبەر وێنەیەکی بچکۆلەی لینین کە لە قوژبنێکدا هەڵواسرابوو وەستا و دەستی هەڵبڕی بۆ سنگی تا وێنەی خاچ بکێشێت، بەڵام هەرکە زانی وێنەکە کێیە دەستی داگرتەوە و بەخێرایی ئاخنیە گیرفانیەوە و بەرق و تووڕەیی و کەف چەڕاندنەوە وتی؛

ـ ئاوا.. کەواتە وێنەی پیرۆزت نیە، ها!!

ـ نەء.

ـ ئەی ئەوەی ئەو گۆشەیە کە لەجیاتی وێنەی پیرۆز داتناوە کێیە؟!

ـ لینینە.

ـ کەواتە هۆی ئەم هەموو نەگبەتیەی ئێمە ئەمەیە! لەو جێیەی خوا نیە دەردو نەخۆشی هەیە.. ئێستا دەرکەوت بۆچی گوێرەکەکانمان دەمرن..ئاخ خوای گەورە.. پەروەردگاری مەزن..

- باپیرە گوێرەکەکان بۆیە مرداربوونەوە چونکە کەس بەتەنگ چارەسەرکردنیانەوە نەهات.

- بەڵام ئێمە لەوەوپێش بەبێ ئەو چارەسەرەش ئیش و کارمان بەڕێک و پێکی هەر بەڕێوە دەچوو. وادیارە زۆر زیرەک بوویت. چاکتروایە تۆ کەمێک ڕوبکەیتە خوا، ئەو کاتە ئیتر پێویستمان بە "چارەسەر" نابێت.

"میخی نیسترۆڤ" چاوی زەق کردەوە و نەڕاندی؛

- ئەو کافری خوانەناسە لەو شوێنە پیرۆزەدا لابە! هەمووی بەهۆی تۆوەیە هەی کافری زەندیق وا وڵاخەکانمان هەموو قڕیان تێکەوت و تەفروتونا بوون.

گریشا لە تورەییدا ڕەنگی پەڕی، وەڵامی دایەوە؛

- بەسەر مندا مەنەڕێنە، لەماڵی خۆتدا ئەمربکە، ئەوە پێشەوای پرۆلیتاریایە.

"میخی" هەروەکو قەلەمون کە فوو دەکاتە خۆی گیڤ بۆوە و دەموچاوی مۆر هەڵگەڕا، شاخانی و وتی؛

- ئەگەر تۆ بۆ ئێمە ئیشدەکەیت دەبێت لە خزمەتی ئێمەدا بیت، ئێمە ئەمسالی تۆ باش دەناسین، چاکتروایە ئاگات لەخۆت بێت و زیادەڕۆیی نەکەیت، ئەگینا بەزوترین کات دەرتدەکەین و بێدەنگت دەکەین.





پاشان بە جوتە کڵاوەکانیان کردەوە سەریان و بێ ئەوەی وشەیەکی تریان لەدەم بێتە دەر چوونە دەرەوە. دونیاتکا لەترساندا حەپەسابوو، چاوی بڕیبووە براکەی.

ڕۆژی دوای ئەوە "تیخون"ی ئاسنگەر هات بۆ هەواڵ زانینی گوێرەکەکەی. لەتەنیشت کەپرەکەوە بەچیچکان دانیشت، جگەرەیەکی پێکرد و بەدەم زەردەخەنەیەکی تاڵەوە کەوتە سکاڵاکردن و داخی دڵ هەڵڕشتن؛

- ژیانێکی پیسمان هەیە. لەزەبروزەنگی کوێخای ئەوسای دێ ڕزگارمان بوو، ئێستاکە نۆبەی زاواکەی "نیسترۆڤ"ە. کەوتوینەتە ژێر چنگیان، هەر کارێک بەرژەوەندی خۆیانی تێدابێت دەیکەن. دوێنێ زەویان دابەشدەکرد، هەرئەوەندەی جوتیارێکی هەژار پارچە زەویەکی باشی بەربکەوتایە، سەرلەنوێ دەکەوتنەوە دابەشکردن و ئەوەی پێشویان تێک دەدایەوە. هاکا بینیمان دیسانەوە دەوڵەمەندەکان سواری کۆڵمان بوونەوە. گریگۆری کوڕم، ئەوانە هەرچی زەوی باش هەیە زەوتیان کردووە بۆ خۆیان و دەستیان بەسەردا گرتووە.. هەرچی بەردەڵان و زەویە بێ کەڵکەکانیشە بۆ ئێمەیان داناوە. ئەم ڕۆژانە ئاوهایە، دونیا ئاوهای لێهاتووە.

گریگۆری تا نیوە شەو لەتەنیشت ئاگرەکەوە دانیشت، بە کلۆیەک خەڵوزی باریک، بەخەتێکی ناشیانەی خواروخێچ لەسەر گەڵای پانی گەنمەشامی ڕەنگ زەعفەرانی سەرقاڵی نوسین بوو. دەربارەی دابەشکردنی ناعادیلانەی زەوی و زار، دەربارەی ئەوەی کە لەجیاتی چارەسەری گوێرەکەکانیان بکەن دەیانەوێ بەتەقەکردن تاعون لە وڵاخەکانیان دوربخەنەوە، دەربارەی ئەوانە چەند شتێکی نوسی و گەڵاگەنمەشامیە وشکبۆوەکانی کە بە خەتێکی ناخۆش لەسەری نوسیبون دایە دەستی "تیخون" و وتی؛

- ئەگەر ڕێت کەوتە مەڵبەندی ناوچە، بپرسە بزانە ڕۆژنامەی "کراسنایا پراڤدا **Krasnaya Pravda**" لەکوێ چاپدەکرێت، ئەمانەیان بدەرێ، من ئەوەندەی بۆم کرابێت بە ڕونی نوسیومن، بەڵام تۆش ئاگاداربە گەڵاکان قەد نەکەیت ئەگینا هەموو نوسینەکان دەکوژێنەوە.

"تیخون"ی ئاسنگەر بەسەری پەنجە تلۆق کردووە گەڵا بەڕەژوو ڕەشبووەکانی گرت و زۆر بە دیقەت لەژێر کراسەکەیەوە لەسەر دڵی داینان. کە کەپرەکەی بەجێهێشت بەدەم زەردەخەنەوە وتی؛





- بەپێ دەچم بۆ مەڵبەندی ناوچە، بەڵکو دەسەڵاتی سۆڤیەتی لێبێت، سەد و پەنجا فەرسەخەم بە سێ ڕۆژان بۆ دەبڕدرێت.. نزیکەی حەفتەیەکی دی کاتێک کە گەڕامەوە دێمەوە دیدەنیت.

## 6

پایز باران و شێیەکی دڵگیری لەتەک خۆیدا هێنابوو، دونیاتکا بەیانیەک زوو بەرەو گوند چووبوو بۆ ئەوەی هەندێک خواردەمەنی بهێنێت.

گوێرەکەکان لەدامێنی گردێکدا سەرقاڵی لەوەڕبوون، گریگۆری فەرەنجیەکەی دابوو بەسەر شانیدا و بەدەم خەیاڵەوە دوای گاگەلەکە کەوتبوو، چڵە گیایەکی لە نێوان هەردوو لەپی دەستیدا هەڵدەپرواند، پێش دەرکەوتنی تریفەی مانگەشەوی بێگەردی پایزە دوو ئەسپ سوار لەپشت گردەکەوە دەرکەوتن.

بەغار بەرەولای گریگۆری دەهاتن، گریگۆری یەکێکیانی ناسی زاواکەی "میخی نیستروٚڤ"، کوێخای تازەی دێ بوو، ئەوی تریشیان کوڕی ئیگناتی ئاشەوانبوو.

ئەسپەکانیان نوقمی ئارەقەبوون.

ـ هێی کورە گاوان.

ـ ئا.





ـ هاتوین بۆ لای تۆ.

کوێخا لەسەر زینەکە بەرزبۆوە، قۆپچەی پاڵتۆکەی بە پەنجە بێهەست و لەرزۆکەکانی ترازاند، ڕۆژنامەیەکی ڕەنگ و ڕو چۆوەی دەرهێنا و لەبەر بایەکە ڕایگرت تا بکرێتەوە.

ـ تۆ ئەمەت نوسیوە؟

ئەو وشە و دەربڕینانەی کە دەربارەی دابەشکردنی زەوی و زار و لەناوچونی ولاخەکان نوسیبونی لەبەرچاوی کەوتنە سەما.

ـ پێشمان کەوە، وەرە لەگەڵمان.

ـ بۆ کوێ؟

ـ بۆ ئەو لایە، ناو ئەو دۆڵە، دەمانەوێت قسەت لەگەڵدا بکەین.

لێوە شین هەڵگەڕاوەکانی کوێخا لە ڕقاندا دەلەرزی و چاوە پڕ فرت و فێڵ و تەڵەکەبازیەکەی ئاگری تۆقاندنیان لێدەباری.

گریگۆری زەردەخەنەیەکی کرد و وتی؛

ـ چیت هەیە لێرە بیڵێ.

ـ مادام حەزدەکەیت لێرە دەیڵێم.

دەمانچەیەکی دەرهێنا و بەدەم ڕاکێشانی جڵەوی ئەسپە سەرکەشەکەیەوە، بەتوڕەییەوە نەڕاندی؛

ـ بەرازە پیس، زۆر حەزدەکەیت لە ڕۆژنامەدا شت بنوسیت؟!

ـ بۆ دەپرسیت؟

ـ پێت دەڵێم بۆچی!! چونکە بەهۆی جەنابتەوە دەدرێم بە دادگا و توشی بێنەوبەردە و لێپرسینەوە دەبم. سیخوڕیمان بەسەرەوە دەکەیت زۆڵە شیوعی. دەبڕۆ لەمەولا شت بنوسە.

هێندەی وت و بەبێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات دەمودەست گولەیەکی نا بەناو دەمە بێدەنگەکەی گریگۆریەوە، گریگۆری کەوتە ژێر سمی ئەسپە چەتونەکانەوە، هەناسەیەکی قوڵی بەزەحمەت هەڵکێشا، چەپکێک گیای ئاونگاوی زەردهەڵگەڕاوی بەچنگەوەهات و جوڵەی لێبڕا.

کوڕەکەی ئیگنات لەئەسپەکەی دابەزی، کەرسەکێک گڵی ڕەشی هەڵگرت و ئاخنیە ناو دەمە پڕ خوێن و کەفەکەی گریگۆریەوە.





* * *

دەشت فراوانە و سەروبەری دیارنیە. ڕێ و کوێرەڕێی گەلێ زۆری تێدایە.. شەوی پایز وەکو ناو قەبر تاریک و نوتەکە و شوێن سمی ئەسپ بەڕەهێڵە و شەستە باران دەشۆرێنەوە و لەنا دەچن...

7

نم نمەی باران.. زەردەپەڕی خۆرئاوا.. ڕێگایەکی دورودرێژی ناودەشت.

ڕێکردن بۆ کەسێک کە تەنها توێشەبەرەیەکی لەپشت بەستبێ و تاقە کولێرەیەکی جۆی تێدابێت و گالۆکێکی باشی بەدەستەوەبێت هێندە ناخۆش نیە.

دونیاتکا بە هەنگاوی خێرا ئەو ڕێگایەی دەبڕی، ڕەشەبا بەهێزەکەی کە لەپشتیەوە دەیگڤاند یاری بە داوێنی بلوزە شیبۆوەکەی دەکرد و جارجار پاڵیشی بە خۆیەوە دەنا.

تا چاوبڕبکات دەشتی چۆڵ و هۆڵ و فراوانە. دنیا ڕوو لە تاریکبوونە، کەمێک لەولای ئەو ڕێگایەوە گردۆڵکەیەک هەیە، لەسەر قوتەی ئەو گردۆڵکەیە پاشماوەی کەپرێک دەبینرێت با یاری بە حەسیری سەقفەکەی دەکات.





دونیاتکا بەدەم ئاوڕدانەوەوە وەک سەرخۆش سەرسم دەدات، بەسەر گۆڕێکی پەڕپوتدا دەمەوڕو خۆی دەدات بە زەویدا.

شەو هات...دونیاتکا گەیشتۆتە ڕاستە ڕێگاکەی کە دەچێتەوە سەر ئێستگەی شەمەندەفەر. ڕێکردنی ئاسانە چونکە توێشەبەرەکەی پشتی بێجگە لە خەپلەیەکی جۆ و کتێبێکی دڕاو کە پەڕەکانی بەخاک و خۆڵی دەشت تۆزاوی بوون، و کراسە خامەکەی گریگۆری برای هیچی تری تێدا نیە. هەر لەگەڵ غەمی جوانەمەرگبوونی براکەی زۆری بۆ دێنێ و دڵی دەگوشێ و چۆڕاوگەی فرمێسک چاوەکانی دەبرژێنێتەوە، کونجێکی تەنهایی دور لە خەڵک دەدۆزێتەوە، کراسە چڵکنە زبرەکەی دەردەهێنێت، دەینوسێنێ بە دەموچاویەوە و بۆنی ئارەقەی براکەی هەڵدەمژێ و پاشان.. تا ماوەیەکی دورودرێژ بێ جوڵە ڕادەکشێت..

کیلۆمەترەکان یەک لەدوای یەک تێدەپەڕن. گورگەکان لەناو شەخەڵانی دەشتەکانەوە لورەیان دێت و بۆ ژیانە پیسەکەی خۆیان دەکرۆزێنەوە.

دونیاتکاش بەقەراغ ڕێگاکەدا بەرەوپێش ملدەنێت، بەرەو شار، بەرەو ئەو شوێنەی کە حوکمەتی سۆڤێت فەرمان ڕەوایی تێدا دەکات، ئەو شوێنەی کە پرۆلیتاریا تێیدا دەرس دەخوێنن بۆئەوەی بتوانن لە داهاتودا کۆمارەکەی خۆیان بەڕێوە بەرن.

کتێبەکەی لینین وا دەڵێت. **1925**

## بیـــــــژی *

"میشا" لەخەویدا باپیرەی بینی لقێکی درێژی گێلاسی لە باخەکە کردبۆوە و بە تورەییەوە هەڵیدەسوڕاند و بەرەو ئەم دەهات.

ـ وەرە پێشەوە "میخایلۆ فومیچ" با دارکاریەکی باشی پاشەڵت بکەم!

ـ بۆچی باپیرە؟

ـ چونکە هەموو هێلکەکانی کولانەکەت دزیوە بۆئەوەی بە پارەکەی سواری چەلق و فەلەق ببیت.





میشا بەترسەوە هاواریکرد؛

ـ باپیرە، من ئەم زستانە بە هیچ شێوەیەک سواری چەلق و فەلەق نەبووم.

باپیرە خەریکی ڕیش خوراندن بوو، لەپڕ بەتوندی قاچی کوتا بەزەویدا و نەڕاندی؛

ـ پاڵکەوە شەلاتی، پانتۆڵەکەشت داکەنە!

میشا زریکاندی و لەخەو ڕاپەڕی، دڵی وا بەتوندی لێیدەدا دەتوت بەڕاستی ئازاری شوڵکەکەی چێشتبوو.. یەک چاوی هەڵهێنا، ئەویش هەرئەوەندە کە چاوێک بەدەوروبەریدا بخشێنێت، دنیا ڕوناک بووبۆوە.. لەودیو پەنجەرەکەوە تیشکی گەرمی خۆری سەرلەبەیان گزنگی دابوو، لە هەیوانەوە دەنگە دەنگێکی هاتە گوێ، میشا سەری بەرزکردەوە، گوێی لەدایکی بوو بەدەنگی بەرز قسەیدەکرد و تاو ناتاوێک لە قاقای پێکەنینی دەدا.. باپیرەش بەردەوام دەکۆکی.. وادیاربوو زەلامێکی تریش لەوێبوو، زەلامێکی دەنگ گڕ.

میشا چاوی هەڵگلۆفت، خەو بەریدا.. دەرگای دەرەوە کرایەوە و داخرایەوە، باپیرە بەهەڵەداوان خۆی کرد بە ژوردا، لەکاتی ڕۆیشتندا چاویلکەکەی بەرزونزم دەبۆوە..

لەسەرەتادا میشا بۆ ئەوە چوو کە قەشە بەخۆی و تیپی کۆڕاڵی کڵێساوە هاتبن، چونکە باپیرە عادەتی بوو لە "جەژنی پاک"دا کەدەهاتن بۆ لای ئابەم جۆرە دەیکرد بە هەراوهوریا. بەڵام ئەم جارەیان وەکو جاران لەدوای باپیرەوە قەشە خۆی نەکرد بە ژوردا، پیاوێکی بێگانە، سەربازێکی کەتە پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەردابوو، کڵاوێکی بێ قەراغی لەسەردابوو دوو قەیتانی پێوە دورابوو، خۆی کرد بەژوردا، دایکی خۆی بە ملیدا هەڵواسیبوو و لە خۆشیاندا دەیقیژاند. پیاوەکە دایکەی لەخۆی دورخستەوە و بە دەنگێکی گڕ نەڕاندی؛

ـ ئەی کوڕەکەم کوا؟

میشا ترسا، خۆی خزاندە ژێر بەتانیەکەوە.

دایکی بانگی کرد؛

ـ مینوشکا، هەستە کوڕم، باوکت لە جەبهەوە هاتۆتەوە.

ئیتر میشا فریای هیچ نەکەوت، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو سەربازەکە پەلاماریدا لەناو نوێنەکاندا دەریهێنا.

هەڵیدەدا بۆلای بنمیچی ژورەکەوە و دەیگرتەوە و سمێڵە سورە تیژەکانی دەچەقاندە لێو و ڕومەتەکانی و توند توند دەیگوشی بە سنگیەوە.





توکەکانی سمێڵی تەڕبوون و تامێکی سوێریان لێدەهات. میشا دەیویست خۆی لەدەستی دەربازبکات، بەڵام بێهودەبوو.

باوکە نەڕاندی؛

ـ سەیرکەن، چ بەلشەفیکێکی قۆز لە ماڵەکەماندا پێگەییوە، ماوەیەکی تر لە باوکی درێژتر دەبێت، ها! ..ها.. ها، خۆی پێڕانەدەگیرا، هەر خەریکی گەمەکردن بوو لەگەڵ میشادا، دەمێک دەیخستە سەر دەستی و وەکو منداڵی ساوا دەیخولاندەوە، دەمێکی تر تانزیک بنمیچی ژورەکە هەڵیدەدا بە ئاسماندا.

میشا تا لەتوانایدا هەبوو سەبریکرد، بەڵام سەرەنجام چڕوچاویدا بەیەکدا و وەکو باپیرەی برۆکانی هێنایەوە یەک و بەهەردوو دەستی سمێڵی باوکی توند گرت و قیژاندی؛

ـ دامگرە بابە.

ـ نا، داتناگرم.

ـ دەڵێم دامگرە، من منداڵ نیم بمکەیتە باوەش و یاریم بۆ بکەیت.

باوکە دانیشت، میشای لەسەر ڕانی دانا و بەدەم پێکەنینەوە لێی پرسی؛

ـ بۆچی تەمەنت چەندە، ناشیرین؟

میشا بە چرۆچاوێکی مۆنەوە وەڵامی دایەوە؛

ـ خەریکە دەبم بە هەشت ساڵ.

ـ باشە، کوڕی بابە بەلەمەکانت لەبیردێت کە پێرار بۆم دروستدەکردیت؟ ..بیرتدێت چۆن بەسەر ئاوی گۆمەکەدا دەڕۆیشتن؟

میشا قیژاندی؛

ـ ئا، بیرمە.

بەشەرمەوە هەردوو دەستی ئاڵاندە گەردنی باوکی، ئیتر لەوێوە سوعبەت و خۆشی دەستپێکرد.

باوکە میشای خستبووە سەر پشتی خۆی و جرت و فرت بەناو ژورەکەدا وەکو ئەسپ دەیحیلاند و هەڵێدەتیزان و جوتەی دەوەشاند، میشا ئەوەندە پێکەنی هەناسەی سواربوو، سەرەنجام دایکە کە بەردەوام قۆڵی میشای ڕادەکێشا هاواریکرد؛





ـ میشا بچۆ دەرەوە یاری بکە، دەی پێت دەڵێم بڕۆ سەرسەری!

پاشان ڕویکردە باوکە و پێیوت؛

ـ منداڵەکە دانێ "فۆما"، یەڵڵا دایگرە با جارێ خۆم تێرت لێبخۆم، ئاخر دوو ساڵی ڕەبەقە لەیەک دورین گیانەکەم، نیازت وایە هەموو کاتت بەیاریکردن لەگەڵ ئەمدا بەریتە سەر؟

باوکە میشای دانا و پێیوت؛

ـ ڕاکە، بڕۆ دەی، تۆزێک لەگەڵ منداڵاندا یاریبکە و وەرەوە بزانە چیم بۆ هێناویت!

کە چووە دەرەوە و دەرگاکەی داخست بەبیریدا هات کە لە پشت دەرگاکەوە خۆی ماتبدات و بزانێت باسی چی دەکەن، بەڵام هەرکە بیری لەوە کردەوە کە هێشتام هیچ منداڵێکی دێ هەواڵی هاتنەوەی باوکی نازانێت، بەپەلە لە هەیوانەکە دەرفرتایە دەرەوە. بەناو باخەکەدا ڕایکرد، پێی نا بە بنجە پەتاتەکاندا و خۆی گەیاندە لای گۆمەکە.

ماوەیەک لەناو ئاوە مەنگ و بۆگەنەکەدا مەلەیکرد، پاشان لەناو لمەکەدا خۆی گەوزاند تا هەموو گیانی بەلم سواغدرا و ئینجا بۆ دواجار خۆی لەئاو هەڵکێشا. پاشان

بەهەنگە شەلێ هەرجارەی لەسەر قاچێک خۆی گەیاندە پانتۆڵەکەی. لەبیری گەڕانەوەدابوو بۆماڵەوە کە "ڤیتیا Vitya"ی کوڕی قەشە پەیدابوو؛

ـ میشا مەڕۆ.. پەلەمەکە با تۆزێکی ترپێکەوە مەلەبکەین دوایی دەچینەوە بۆ ماڵی خۆمان، دایکم وتی قەیناکە با بێت.

میشا بە دەستی چەپ پانتۆڵەکەی هەڵکێشا و قایشی شەیالەکەی خستە سەر شانی و بەبێ حەوسەڵەییەوە وتی؛

ـ من لەگەڵ تۆ یاری ناکەم، گوێچکەت بۆگەنی لێدێت.

ڤیتیا بەدەم داکەندنی بلوزە چنراوەکەیەوە و دەرکەوتنی شانە لاوازەکانیەوە وەڵامی دایەوە؛

ـ گوێچکەکانم کێمیان دەرداوە.

و پاشان زۆرزانانە چاوێکی لێداگرت و وتی؛

ـ تۆش قۆزاقی نیت، دایکت لە کۆڵان هەڵیگرتوویتەوە.

ـ تۆ چوزانیت؟

ـ کە چێشتکەرەکەمان بۆ دایکمی باسکرد، گوێم لێبوو.

میشا پەنجەی پێیە پەتیەکانی چەقاندە لمەکە و قیژاندی؛

ـ دایکت درۆدەکات.





و بەفیزێکەوە سەرنجێکی سەرتاپای ڤیتیای دا و درێژەی پێدا؛

ـ بەس نیە باوکی من بەشداری جەنگی کردووە، باوکی تۆ پیاوێکی تەماحکاری خوێن مژە، نانی خەڵک دەخوات.

کوڕی قەشە دڵی پڕبوو، وەڵامی دایەوە؛

ـ تۆش زۆڵێت.

میشا دانەویەوە بەردێکی گەورەی لوسی هەڵگرت. بەڵام کوڕی قەشە کە جڵەوی هەڵڕشتنی فرمێسکەکانی گرتبوو، زەردەخەنەیەکی شیرینی بۆکرد و وتی؛

ـ میشا شێت مەبە، شەڕکردن شتێکی باش نیە، خەنجەرێکی ئاسنم دروستکردووە ئەگەر دەتەوێ دەتدەمێ بۆ خۆت.بروسکەی شادیەک لە چاوەکانی میشادا چەخماخەی دا، تا دەستیگرت بەردەکەی دور فڕێدا. بەڵام لەو کاتەدا باوکی وەبیرهاتەوە، بەڕەقیەوە وەڵامی دایەوە؛

ـ باوکم یەک دانەی زۆر چاکی لە جەبهەوە بۆ هێناومەتەوە، زۆر لەوەی تۆ باشترە.

دیاربوو ڤیتیا باوەڕی پێنەدەکرد، بڵمەبڵمێکی کرد و وتی؛

ـ فشە دەکەیت.

ـ خۆت فشە دەکەیت! کە وتم هێناویەتی یەعنی هێناویەتی، تفەنگێکی ڕاستەقینەشی هێناوە.

ڤیتیا بەدەم پێکەنینێکی تەوس ئامێزی وشکەوە وتی؛

ـ پیف! دەوڵەمەند بووە.

ـ بێجگە لەوانە کڵاوێکی قەیتانداریشی هێناوە، چەند وشەیەکی زێڕینیشی لێنوسراوە، وەکو ئەوانەی لە کتێبەکانی تۆدا هەن.

ڤیتیا کەمێک لە وەڵامدانەوەدا دواکەوت، ناوچەوانی گرژبوو، بێئەوەی ئاگای لە خۆی بێت دەستیکرد بە خوراندنی پێستە سپیەکەی سکی.

ـ بڕیار وایە لەم ڕۆژانەدا باوکم ببێت بە ئەسقەف، بەڵام باوکی تۆ هیچ نیە، شوانە.. تێگەیشتیت؟!

میشا لە ڕاوەستان و چەلەحانێ جاڕزبوو، ڕوی وەرگێڕا و بەرەو ماڵەوە کەوتەڕێ.

کوڕی قەشە بانگی کرد؛

ـ میشا! میشا! شتێک هەیە با پێت بڵێم.

ـ بیلێ.

ـ وەرە پێشترەوە.





ـ میشا هاتە پێشترەوە، بەدوو چاوی پڕ گومانەوە تێی ڕوانی و وتی؛

ـ دەی، دەتەوێت چی بڵێیت؟

کوڕی قەشە بەقاچە سیس و گێڕەکانی لەسەر لمەکە دەستیکرد بە هەڵقونکێ و زیقاندی؛

ـ باوکت شویعیە. کاتێ کە تۆ دەمریت و ڕۆحیانەکەت دەفڕێ بۆ ئاسمان، خوا پێت دەڵێت "تۆ دەبێت یەکسەر بچیت بۆ جەهەنم، چونکە باوکت شیوعی بوو" و شەیتانەکان دەتبەن لەناو تاوەدا سورت دەکەنەوە.

ـ جا چیە؟ خۆشت سوردەکەنەوە.

ـ باوکی من قەشەیە! قسەکردن لەگەڵ تۆدا بێسودە، تۆ نەخوێنەواریت، بێ ئەقڵیت.

ئەم قسەیە میشای ترساند، هێمن و لەسەرخۆ ڕوی وەرچەرخاند و بەڕاکردن ڕێگای ماڵەوەی گرتەبەر. کە گەیشتە لای پەرژینی باخەکە ئاوڕێکی دایەوە بۆ دواوە، مشتی نوقاند و بەهەڕەشەوە بە کوڕی قەشەی وت؛

ـ ئێستا لە بابە گەورە دەپرسم. ئەگەر درۆت کردبێت، چاکتر وایە بەلای ماڵی ئێمە نەڕۆیت.

بەپەرژینەکەدا هەڵزنا و بەڕاکردن بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت، لەو کاتەدا تاوەیەکی دەهاتە پێشچاو کە ئەمیان تێخستبوو و سوریان دەکردەوە. گەرمایەکی بێ وێنە، ڕۆنێکی داغ بەملاولایدا دەقرچا و بڵقی دەکرد، موچوڕکەیەک بە پشتیدا هات، چاکتر وایە هەرچی زوترە باپیرە بدۆزێتەوە و دەربارەی ئەو شتانە پرسیاری لێبکات. لەو کاتەدا ماڵۆسەکەیانی (*مێیەی بەراز) بینی کەللەی لە دەرگا بچکۆلەکەدا عاسیبوو بوو و هەموو لەشیشی لەدەرەوەبوو، کلکە بچکۆلەکەی بەهەرچوار لای خۆیدا هەڵدەسوڕاند و دەبۆڕاند.. میشا چووە پێشەوە بۆئەوەی ڕزگاریبکات، هەر کە ویستی دەرگاکە بکاتەوە، ماڵۆس کەوتە مرخەمرخ. میشا چووە بان پشتی و سەرەنجام ماڵۆسە ئەوەندەی تەکاندا دەرگاکەی لە گرێژەنە دەرهێنا و تا هێزی تیابوو بە حەوشەکەدا تێی تەقاند، میشاش بە هەردوو پاژنەی پێی دەیکێشا بەلاقەبرغەیدا، پیرە ماڵۆس غاری دەدا و با قژی میشای دەژاکاند و هەڵیدەدا بۆ سەرەوە.. کە گەیشتە لای کادێنەکە میشا خۆی هەڵدایە خوارەوە، سەیرێکی ئەملاولای خۆیکرد باپیرەی بینی لە هەیوانەکەدا ڕاوەستاوە ئیشارەتی بۆ دەکات؛





ـ وەرە ئێرە کورە.

میشا نەیدەزانی بۆچی بانگی دەکات، تاوەکەی جەهەنمی هەر لەبەرچاو بوو، یەکسەر بەڕاکردن بەرەو هەیوانەکە چوو.

ـ باپیرە، باپیرە، شەیتان لە ئاسمان هەیە؟

ـ هەر ئێستا پیشانت دەدەم شەیتان لە کوێ هەیە! تۆزێک سەبرم لێبکە با دارکاریەکی چاکت بکەم.. هەی مەلعون بۆچی سواری ئەو بەرازە بووبوویت؟

باپیرە قژی میشای توند گرت تانەتوانێت لەدەستی هەڵبێ و پاشان هاواری لەدایکی کرد کە لە ژورەوەبوو؛

ـ وەرە سەیرێکی کوڕە ئاقڵەکەت بکە کە پەروەردەت کردووە.

دایکی هاتە دەروە؛

ـ چی کردووە؟

ـ سواری ماڵۆسەکە بووە و بەناو حەوشەکەدا غارغارێنی پێدەکات. هەموو ئەم ناوەی کردووە بە تەپ و تۆز.

دایکە ئاهێکی هەڵکێشا و وتی؛

ـ سواری ماڵۆسە ئاوسەکە بووبوو؟!

پێشئەوەی میشا دەم هەڵبێنێتەوە بەرگری لەخۆی بکات، باپیرە قایشەکەی کردەوە، بەدەستی چەپی پانتۆڵەکەی گرت تا دانەکەوێتە خوارەوە، بەدەستی ڕاستیشی سەری میشای خستە بەینی هەردوو ئەژنۆیەوە و دەستیکرد بەلێدانی و بە توڕەییەوە دەیوت؛

ـ جارێکی تر سواری ئەو مالۆسە نەبیت.. سواری ئەو مالۆسە نەبیت..

میشا دەستیکرد بە زاق و زیق و هاواری لێهەستا. ئیتر هەر زوو باپیرەی وازی لێهێنا؛

ـ دایک سەگ.. کەواتە باوکتت خۆش ناوێت؟ نابینی تازە هاتۆتەوە، هیلاک و ماندو.. دەیەوێت بخەوێت، تۆش ئەم شین و شەپۆڕەت ناوەتەوە.

میشا بەناچاری بێدەنگ بوو. ویستی لەقەیەک بکێشێ بە باپیرەیدا بەڵام قاچی نەیگەیشتێ، پاشان دایکی پەلی گرت و بەپاڵ کردی بە ژوردا؛

ـ لێرە دانیشە، جوڵە نەکەیت شەیتان! با دارکاریت نەکەم، من وەکو باپیرە نیم، لێت بدەم خراپت لێ دەدەم.

باپیرە لە موبەقەکە لەسەر کورسیەک دانیشتبوو و جارجار دیڕوانیە پشتی میشا کە ڕوو لە دیوارەکە





وەستابوو. میشا دوا قەترە فرمێسکی بەدەست سڕی و ئاوڕی دایەوە، پشتی نوساند بەدەرگاکەوە و وتی؛

ـ ڕاوەستە.. باپیرە.. ڕاوەستە بۆم.. خۆت دەبینیتەوە..

باپیرە دیسانەوە دەستی برد قایشەکەی بکاتەوە، میشا درزێکی کردە دەرگاکە. باپیرە پێیوت؛

ـ هەڕەشەم لێدەکەیت.. ها؟!

میشا دەرفرتایە دەرەوە، وەستا و لە درزی دەرگاکەوە چاوی بڕیە باپیرەی بزانێت چی دەکات و پاشان هاواریکرد؛

ـ باپیرە ڕاوەستە با هەموو ددانەکانت بکەون، ئینجا ئەوساکە پێم نەڵێیت پاڕووت بۆ بجوم ها، چونکە بۆت ناجوم!

باپیرە بۆی هاتە دەرەوە، بەڵام کە گەیشتە هەیوانەکە تەنها سەری میشا و بریقەی پانتۆڵە شینەکەی بینی لەناو گژوگیای ناوەڕاستی باخەکەوە.

باپیرە ماوەیەکی زۆر بە دارعاساکەی هەڕەشەی لێکرد، لە هەمان کاتدا لەناو ڕیشە پڕەکەیدا زەردەخەنەیەک خۆی حەشار دابوو.

* * *

باوکی پێی دەوت "مینکا"، دایکی بانگی دەکرد "مینوشکا" باپیرەی ئەو دەمەی کەیفی سازبوایە گازیدەکرد "مەلعون"، بەڵام کاتی تر ئەو دەمەی کە برۆ ماش و برنجیە پڕەکانی دێنایەوە یەک و ڕوی ترش دەکرد بەم جۆرە بانگی دەکرد؛ "وەرە میخایلۆفۆمیچ با گوێچکەت دەربهێنم". هەموو خەڵکی تر هەر لە ژنە دراوسێ زەمکەرەکانەوە تا منداڵان، خەڵکی دێ هەر هەموویان ئەگەر بانگیان نەکردایە "بیژی" بانگیان دەکرد "میشا".

دایکی پێش ئەوەی شوبکات ئەمی بووبوو. هەرچەندە پاش مانگێک شوی کردبوو بە "فوما"ی شوان کە باوکی ڕاستەقینەی میشابوو، بەڵام وشەی "بیژی" تا کۆتایی تەمەنی لەکۆڵ نەبۆوە.

میشا کوڕێکی تا ڕادەیەک لاوازبوو، لە بەهاردا قژی وەکو گوڵی گوڵەبەڕۆژە زەردبوو، بەتینی هەتاوی گەرمی حوزەیران سپی بووبۆوە و وەکو گسکی پەڕپوت بژ و زبربوو.

چونکە ئەوەندە لەبەر خۆربوو و بەردەوام مەلەی دەکرد هەمیشە لوتی پێستی هەڵدەدا و دەقلێشا. ئەم میشا بچکۆلە قاچ خوارە تەنها یەک شتی جوانی هەبوو، ئەویش چاوی





بوو. گلێنە شینە پڕ زۆرزانیەکانی کە لە نێوەندی چاڵە تەنگەکانی چاویدا دەدرەوشانەوە هەر بە پارچە سەهۆڵی نیوە تواوەی نێوەندی ڕوبارەکان دەچوون. بەڵێ باوکی لەبەرخاتری جوانی چاوەکانی و هەڵپە و لەش سوکیەکەی خۆشیدەویست. لە جەبهەوە، باوکی کێکێکی بە هەنگوین دروستکراوی بۆ هێنابوو، هێندە مابۆوە وەک بەرد ڕەق بووبوو، هەروەها جوتێک جزمەی درێژی نیوداشیشی بۆ هێنابۆوە.. دایکی جزمەکانی لە خاولیەکەوە پێچا و لە سنوقێکدا هەڵیگرتن. بەڵام کێکەکە، میشا هەمان شەو بە چەکوش لەت و پەتیکرد و هەر هەمووی خوارد.

بەیانی ڕۆژی دوایی لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا میشا لەخەو هەستا، کەمێک ئاوی شیلەتێنی لە قابلەمەیەک دەرهێنا و دەموچاوە پیس و پۆخڵەکەی پشیلەشۆرکرد و چووە دەرەوە بۆئەوەی وشک ببێتەوە.

دایکی سەرقاڵی مانگەکەبوو، باپیرە لەسەر سەکۆیەک نزیک دیواری دەرەوە دانیشتبوو، بەدەست میشای بانگکرد؛

ـ مەلعون، بچۆ بۆ ژێرزەمینەکە، گوێملێبوو مریشکێک گارەگاری دەکرد، بێگومان هێلکەی کردووە.

میشا هەمیشە ئامادەبوو خزمەتی باپیرەبکات!! بەخێرایی لەسەرچۆک خۆیکرد بە ژێر زەمینەکەدا و لەودیوەوە هاتە دەرەوە و سوک و باریک بەناو باخەکەدا تێیتەقاند بۆ لای گۆمەکە، زوو زووش ئاوڕی دەدایەوە بزانێت باپیرەی دەیبینێت یان نا. کە گەیشتە لای پەرژینەکە پەیکوڵ بنی پێی زامارکردبوو.

لەولاشەوە باپیرەی ئەوەندەی چاوەڕێکرد تا بێتاقەتبوو، پاشان خۆی چوو بۆ ژێر زەمینەکە، سەرتاپای جلەکانی ڕیقناوی بوو. ژێرزەمینەکە تاریک و شێداربوو بەرچاوی تاریکبوو، تا ئەو سەری ژێرزەمینەکە چی دارەڕای تێدابوو سەری بەر هەموویان کەوت و ئازارێکی زۆری پێگەیشت.

ـ میشا لە کوێی؟ لەوساوە بەدوای هێلکەیەکدا دەگەڕێیت؟ ئەگەر هەبێت لەوێ نیە، لێرەدایە لەئاستی ئەم بەردەدا. بەهەرحاڵ تۆ کوایت، لە کوێیت؟

باپیرە گوێی لە هیچ وەڵامێک نەبوو، لەسەرلا لە ژێرزەمینەکە هاتە دەرەوە، پانتۆڵەکەی تەکاند و ڕوانیە لای گۆمەکە و جوان وردبۆوە کە میشای بینی شانێکی هەڵتەکاند و سەرێکی بادا و ڕوی وەرگێڕا.





لەکەنار گۆمەکە منداڵانی دێ دەوری میشایان دابوو، یەکێکیان لێی پرسی؛

ـ باوکت لە کوێ بووە، لە شەڕ؟

ـ بەڵێ.

ـ چی دەکرد؟

ـ ئاشکرایە چی دەکرد، شەڕ.

ـ نە بابە وانیە، خەریکی ئەسپێ کوشتن بووە و دوایش لەبەردەرگای موبەقدا دانیشتووە ئێسقانی کڕاندۆتەوە.

منداڵان دایانە قاقای پێکەنین و بەدەم هەڵبەز ودابەز و هەڵقونکێوە پەنجەیان بۆ میشا ڕادەکێشا.

میشاش دڵی پڕبووبوو و فرمێسک لە چاوەکانیدا پەنگی خواردبۆوە، ڤیتیای کوڕی قەشە زیاتر داخی پێدا و وتی؛

ـ باوکت شیوعیە، وانیە؟

ـ نازانم..

ـ با، من دەیزانم باوکت شیوعیە. باوکم ئەم بەیانیە دەیوت ئەو گیانی خۆی فرۆشتووە بە شەیتان، و بەم زوانەش هەموو شیوعیەکان لە قەنارە دەدەن.

منداڵەکان بێدەنگ بوون، ترس دڵی میشای گوشی، باوکی لە قەنارە دەدەن؟! بۆچی؟! چی کردووە؟!

دانەکانی ڕیچ کردەوە؛

ـ باوکم تفەنگێکی گەورەی هەیە، هەموو بۆرژواکان دەکوژێت.

ڤیتیا بەخۆبادانەوە وتی؛

ـ نا، ناتوانێت، باوکم دوعای بۆ ناکات، ئەگەر بەرەکاتی باوکمی لەگەڵ نەبێت هیچی پێناکرێت.

پرۆشکای کوڕی دوکانداری دێ مشتەکۆڵەیەکی سرەواندە سەرسنگی میشا، لەحیرساندا پەڕەی لوتی دەلەریەوە، قیژاندی بەسەریدا؛

ـ ئەوەندە بە باوکتەوە خۆت هەڵمەکێشە! کە شۆڕش بەرپابوو هەموو کەل و پەلی دوکانەکەی باوکمی تالآنکرد. باوکم دەڵێت ڕاوەستن با دەسەلآتی ئەوسا بگەڕێتەوە بزانن چۆن پێش هەموو شتێک ورگی فومای شوان هەڵدەدڕم.

"ناتاشا"ی خوشکی پرۆشکا قاچی دابەزەویدا و زیقاندی؛

ـ چاوەڕێی چی دەکەن، منداڵینە لێیدەن.

ـ لێیدەن لەم بەچکە شیوعیە.

ـ زۆڵی حەرامزادەیە..

ـ پرۆشکا تێیسرەوێنە..





پرۆشکا شوڵکێکی سرەواندە ناوشانی. ڤیتیای کوڕی قەشە پاشقولێکی لێگرت و بەپشتدا خستی بەسەر لمەکەدا. منداڵآن بەزاق و زیق خۆیان هەڵدایە سەری و کردیان بە کەڵەکەترێ. ناتاشا بەدەم قریشکەوە نینۆکە تیژەکانی چەقاندە لاملی، یەکێکی تر لەقەیەکی کێشا بە ورگیدا، میشا پرۆشکای وەلانا، بەزەحمەت هەستایە سەرپێ و وەکو کەروێشکێکی ڕاونراو بەڕاست و چەپدا پێچاوپێچ بەڕاکردن ڕێگای ماڵەوەی گرتەبەر. بە فیکە و هوهاکێشان ڕاویان نا و یەکێکیشیان بەردێکی تێگرت، بەلآم کەس دوای نەکەوت.

نەوەستا تا خۆی گەیاندە پەنای کۆمەڵێک توترک، لەوێدا وەستا و پشویەکی پێدا هاتەوە و لەسەر زەویە شێدارە بۆن و بەرامە خۆشەکە خۆیدا بەزەویدا. خوێنی لاملە ڕوشاوەکەی سڕی و دەستیکرد بە گریان.

خۆر سەرگەرمی گەشتی ئاسایی خۆی بوو. تیشکەکانی بەناو لق و پۆپ و گەڵای دارەکاندا تێدەپەڕین و بە هەموو توانایانەوە دەیانویست بەدزیەوە سەرنجی چاوە گریاوەکانی میشا بدەن.

خۆر دڵۆپە فرمێسکەکانی سەر ڕومەتی وشک کردەوە و وەکو چۆن هەموو جارێک دایکی قژە خورماییە ئاڵۆزەکەی

ماچدەکرد ئاوەها ماچی پڕبەزەیی و دڵنەوایی قژەکەی دەکرد.

میشا ماوەیەکی زۆر لەوێدا مایەوە تا بەتەواوەتی ژیربۆوە و فرمێسکەکانی وشک بوونەوە. پاشان هەستایە سەرپێ و هێواش هێواش بەرو حەوشەکەیان کەوتەڕێ و خۆی کرد بە ماڵدا. باوکی لە گەنجینەکەبوو، خەریکی چەورکردنی تایەی عەرەبانەکەبوو. کڵاوەکەی بە پشدا خستبوو و قەیتانەکانی شۆڕبووبوونەوە، کراسێکی شینی میل سپی لەبەردابوو، میشا لێی نزیک بۆوە و لە تەنیشت عەرەبانەکەوە وەستا، پاش ماوەیەک جورئەتی وەبەر خۆی هێنا، بە هێمنی کێشای بەدەستی باوکیدا و بە دەنگێکی نزم لێی پرسی؛

ـ بابە، تۆ لە جەبهە چیت دەکرد؟

بابە لەژێر سمێڵە سورەکەیەوە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و وەڵامی دایەوە؛

ـ شەڕم دەکرد کوڕم.

ـ منداڵان دەڵێن تۆ هەر خەریکی ئەسپێ کوشتن بویت.





دوبارە میشا دڵی پڕبۆوە و لەبەر کوڵی گریان هەناسەی سواربوو. بەڵام باوکی پێکەنی و هەردوو قۆڵی میشای گرت و بەرزی کردەوە؛

ـ درۆ دەکەن کوڕم. من سواری پاپۆڕێک بووم، پاپۆڕێکی گەورە لەوانەی دەریای بێ بن تەی دەکەن، ئینجا دوایی چووم بۆ شەڕ.

ـ شەڕت لەگەڵ کێ کرد؟

ـ لەگەڵ کاربەدەستان کوڕم، تۆ جارێ بچوکیت لەبەرئەوە ناچاربووم من لە جیاتی تۆ بچم بۆ شەڕ. گۆرانیەکیشم داناوە باسی ئەوە دەکات.

باوکە سەیرێکی میشای کرد ، بۆی پێکەنی و بە پاژنەی پێڵاوەکانی ئاوازێکی تایبەتی لێدا و دەستیکرد بە گۆرانی وتن؛

ـ "ئای میخایلا.. میخائیل، میخایلانکۆ..
تۆ مەچۆ بۆ جەنگ، با بابە بچێ،
بابە پیر بووە و ئیتر بەسیەتی ژیان
تۆ گەنجیت و هێشتا ژنت نەهێناوە..
تۆ هێشتا هێندە بچوکیت،
کاتی دەستگیران هەڵبژاردنت نەهاتوە.."

میشا هەموو ئازارەکانی بیرچۆوە و بەدەنگی بەرز دەستیکرد بە پێکەنین، بۆیە پێدەکەنی چونکە توکەکانی سمێڵە سورەکەی باوکی وا قنج وەستابوون هەر لەو چڵە گیایانە دەچوون کە دایکی دەیکردن بە گسک، و لێوەکانیشی لەژێر سمێڵیەوە زۆر هەزەلیانە دەیاندا بەیەکدا و دەمیشی دەتوت چاڵێکی ڕەشی قوڵە داپچڕاوە.

ـ میشا ئیتر بەسە، مەشخولم مەکە، با عەرەبانەکە چاک بکەم. شەوێ کاتی نوستن هەموو شتێکت دەربارەی شەڕ بۆ باسدەکەم.

* * *

ڕۆژ وەکو ڕێگایەکی چۆڵ و هۆڵی ناوەڕاستی دەشتێکی پان و بەرین درێژ بووبۆوە. خۆر ئاوا بووبوو. ڕەوەیەک ئەسپ بەناوەندی گوندەکەدا تێپەڕین، تەپ و تۆز نیشتەوە و یەکەمین ئەستێرە بەشەرمەوە لەئاسمانی تاریکەوە چاوی بڕیە خوارەوە.

میشا هێندە چاوەڕێی کرد بێزاربوو، دایکی ماوەیەک خۆی بە شیر دۆشیەوە خەریک کرد و ئینجا پاڵاوتنی شیرەکە و پاشان چووە ژێرزەمینەکە نزیکەی سەعاتێکی





پێچوو، میشاش وەکو لاولاو تێوەی ئاڵابوو و هەر بەدەوروخولیدا دەسوڕایەوە؛

ـ دایە، کەی نان دەخۆین؟

ـ برسیتە؟ سەبرکە، تۆزێکی تر چێشتەکە پێدەگات.

بەڵام میشا وازی لێنەدەهێنا و بۆ هەرکوێ دەچوو بەدوایەوە بوو.. دابەزیایەتە خوارەوە بۆ ژێرزەمینەکە، سەرکەوتایەتە سەرەوە بۆ موبەقەکە، وەکو زەروو پێوەی لکابوو و بەئامان و زامان دەستی لە کراسەکەی بەرنەدەدا و لێی نەدەبۆوە.

ـ د..ا...یە. چێشت!

ـ بەرمدە دەڵێی لەزگەیت! ئەگەر برسیتە بچۆ پارچەیەک نان بێنە بیخۆ.

بەڵام میشا بێدەنگ نەدەبوو، تەنانەت ئەو چەپۆکەی کە پێشیا کێشا هەر بێسودبوو.

کە شێو دانرا، میشا بەپەلەپەل خواردنەکەی لوشدا و بەخێرایی چووە ژورەکەی تر. پانتۆڵەکەی فڕێدایە پشتی سنوقەکەوە. یەکڕاست خۆی خزاندە ناو پێخەفەکانەوە و لێفە دێوجامەییەکەی دایکی دا بە خۆیدا و خۆی کڕکرد و چاوەڕێی باوکی بوو بێت و باسی جەنگی بۆ بکات.

باپیرە لەبەردەم "ئیقۆن"ە پیرۆزەکاندا چۆکی دادا و بەدەم دوعا خوێندنەوە چووە سوژدە، میشا سەری بەرزکردەوە بۆئەوەی ببینێ، باپیرە دەستی چەپی لەسەر زەوی دانا و بەزەحمەت نوشتایەوە تا ناوچەوانی بە توندی کێشا بە زەویەکەدا. لەم کاتەدا میشا بە توندی ئانیشکی کێشا بەدیوارەکەدا. باپیرە بەدەنگێکی نزم دوبارە دەستیکردەوە بە دوعا خوێندن و پاشان سوژدەی بردەوە و سەری کێشایەوە بە زەویەکەدا و تەق میشا ئانیشکی کێشایەوە بە دیوارەکەدا و تەق! باپیرە تورەبوو، ڕوی کردە میشا و وتی؛

ـ ڕاوەستە بۆم بێ ئەدەب. ئەستەخفیرەڵڵا خوایە.. ئەگەر ئازایت جارێکی تر بکێشە بە دیوارەکەدا بزانە چیت لێدەکەم!

خەریک بوو فەرتەنەیەک هەڵگیرسێ. لەو کاتەدا باوکە خۆی کرد بە ژوردا، باوکە پرسی؛

ـ مینکا چی دەکەیت لێرە؟

ـ من هەمیشە لەگەڵ دایکم دەنوم.

باوکە لەسەر لێواری سیسەمەکە دانیشت. ماوەیەک هیچی نەوت، هەر خەریکی سمێڵ بادان بوو، پاشان وتی؛





ـ لە موبەقەکە لەگەڵ باپیرە جێگەت بۆ ڕاخراوە.

ـ من لای باپیرە نانوم.

ـ بۆچی؟

ـ سمێڵی بۆنی جگەرەی لێدێت.

باوکە ئاهێکی هەڵکێشا و دەستی کردەوە بە سمێڵ بادان.

ـ نا کوڕم. باشتر وایە لەگەڵ باپیرە بنویت.

میشا لێفەکەی ڕاکێشا، سەری خۆی داپۆشی و لە کونێکەوە بەیەک چاو سەیری کرد و بەبێزارییەوە وتی؛

ـ دوێنێ لە جێگاکەی مندا نوستیت، ئێستاش بەتەمای ئەوەیت.. خۆت بڕۆ لای باپیرە بنو.

لەپڕ هەستا، دانیشت و سەری باوکی ڕاکێشا و چرپاندی بە گوێیدا؛

ـ تۆ لەگەڵ باپیرەم بنو، دایکم ناتوانێت لەگەڵ تۆ بنوێت، چونکە تۆش بۆنی دوکەڵی جگەرەت لێدێت.

ـ زۆر باشە.. من لەگەڵ باپیرە دەنوم.. بەڵام باسی جەبهەت بۆ ناکەم.

و هەستا بەرەو موبەق کەوتە ڕێ.

ـ بابە...

ـ چیە؟

لەناو پێخەفەکە هاتە دەرەوە و بە خەفەتەوە وتی؛

ـ ئەگەر دەتەوێت قەیناکە لێرە بنو. باسی جەبهەم بۆ دەکەیت؟

ـ ئێستاکە بەڵێ.

باپیرە لەتەنیشت دیوارەکەوە خەوت و میشای خستە ئەمدیویەوە. پاش چەند دەقیقەیەک باوکی هات بۆلای، کورسیەکی هێنا و لە تەنیشت جێگاکەیەوە دانیشت و جگەرەیەکی بۆن ناخۆشی داگیرساند.

ـ ئێ ئینجا با بۆت باسبکەم.. بیرت دێت لەپشت کادێنەکەمانەوە مەزرایەک هەبوو هینی دوکاندارەکە بوو؟

بەڵێ، میشا ئەوەی لەبیربوو، هەروەها لەبیریشی بوو کە چەندە حەزی لە ڕاوڕاوێنی ناو پەڵە گەنمە بالاّ بەرزە بۆن خۆشەکان دەکرد، هەر کە بەسەر کەڵەکە بەردەکەی کادێنەکەدا هەڵدەگەڕا ئیتر ڕێک دەچووە ناو دەغڵەکەوە، چڵە گەنمەکان بەقەد بالاّی خۆی بەرزبوون. ڕیشووی زبری گوڵە گەنمە بۆرەکان ختوکەی ڕومەتیان دەدا و بۆنی خۆڵ و شنەبای دەشت و کێو و گوڵە بەیبونی کێویلەیان دەدا بە لوتیدا. زۆرجار دایکی پێیدەوت؛





ـ مینوشکا، زۆر دور مەکەوەرەوە، ئەگینا لەناو دەغڵەکەدا وندەبیت..

باوکە کەمێک بێدەنگ بوو، دەستی هێنا بەسەری میشادا و درێژەی پێدا؛

ـ بیرتە من و تۆ بەسواری ئەسپ چوین بۆ سەر زەویەکەی خۆمان، ئەوەی لەپشت "گردی لم"ەوە بوو، ئەها کردبوومان بە گەنم؟

میشا ئەوەشی لەبیربوو، پارچەیەک زەوی بچوکی درێژکۆلەبوو، شانبەشانی ڕێگاکەی ئەوبەری "گردی لم" هەڵکەوتبوو.

ئەوەشی بیرکەوتەوە کە لە تەک باوکیدا گەیشتنە ئەوێ دییان ولاّخ چووبوە ناو دەغڵەکەیانەوە و هەموو گەنمەکەیانی پێشێل کردبوو. چڵە گەنمەکان ڕوت و ڕەجاڵ بەبێ گوڵ بەدەم باوە بەملاولادا دەهاتن و دەچوون. گوڵە گەنمی شێلراو بەزەویەکەدا بلاّوبووبونەوە و تێکەلاّو خۆڵ و گڵبوو بوون، بیریشی کەوتەوە کە چۆن باوکی، ئەو باوکە بەهێزە بەخۆوەیەی دەموچاوی بەشێوەیەکی سەیر تێکچوو و چەند دڵۆپە فرمێسکێک بە گۆنا تۆزاویەکەیدا بەرەوخوار بوونەوە و ئەوە وای لەمیشکرد کە دەستبکات بەگریان.

لەڕێگای گەڕانەوەیاندا باوکی لە "فیدۆت **Fedot**"ی باخەوانی پرسی؛

ـ فیدۆت، کێ وای لە دەغڵەکەم کردووە؟

فیدۆت تفێکی کردەوە و وەڵامی دایەوە؛

ـ دوکاندارەکە، هەندێک گا و گوێلک و مەڕی لێرەوە برد بۆ بازاڕ، هەروا بەدەستی ئانقەست کردنیە ناو دەغڵەکەتەوە.

باوکە کورسیەکەی کەمێکی تر بردە پێشەوە و وتی؛

ـ ئەو دوکاندارە و دەوڵەمەندە ورگ زلەکانی تر هەرچی زەوی هەیە بەزۆر داگیریان کردبوو بۆ خۆیان. هیچ جێیەکیان بۆ فەقیر و هەژاران نەهێشتبۆوە تا کشتوکاڵی تێدا بکەن. نەک هەر تەنها لە گوندەکەی ئێمە بەڵکو لە هەموو شوێنێک وابوو.. ئای کە دەردیان داینێ.. هیچمان نەبوو کە پێی بژین، بەناچاری بووم بە شوان. پاشان بردیانم بۆ سەربازی لەوێش زۆر ئازارم چێشت، بچوکترین هەڵەمان بکردایە ئەفسەرەکان لێیان دەداین.

بەڵێ پاشان بەلشەفیکەکان هاتن. سەرگەورەکەیان ناوی "لینین"ە، لەپیاو ماقوڵە دەوڵەمەندەکان ناچێت، هەرچەندە لەو خەڵکە ڕەش و ڕوتەیە، بەڵام زۆر زیرەک و





تێگەیشتووە. ئەم بەلشەفیکانە باسی شتی وایان دەکرد ئێمە مانان دەبوایە بوەستاینایە و دەممان داچەقاندایە، دەیانوت "ئێوە ئەی کرێکاران و جوتیاران بیر لە چی دەکەنەوە؟ گسک هەڵگرن و هەموو ئەم ئاغا و دەرەبەگ و خاوەن دەسەڵاتانە ڕاماڵن. هەموو شتێک موڵکی خۆتانە.."

بەم قسانە کەوتنە هاندانمان، ئێمەش زۆرمان بیرکردەوە بینیمان قسەکانیان ڕاستە، بەو شێوەیە زەوی و زارەکانمان لەچنگ ئاغاکان دەرهێنا. تەنها ئاغاکان ئەم کارەیان پێخۆش نەبوو، چونکە بەبێ زەوی وزارەکانیان نەیاندەتوانی باش بژین. بۆیە لێمان هاربوون و لێمان بەشەڕهاتن و دژی ئێمەی کرێکاران و جوتیاران شەڕیان بەرپاکرد.. تێگەیشتی کوڕم؟

بەڵام هەروەکو چۆن گاسن زەوی تاوتوێدەکات و هەڵیدەگێڕێتەوە، قسەکانی لینینی سەرگەورەی بەلشەفیکەکان کەوتە تاوتوێکردنی مێشکی خەڵکی و سەرباز و کرێکارانی کۆکردەوە و لەگەڵ گەورە پیاوە دەوڵەمەندەکاندا دەستیکرد بە شەڕ و تەفروتونای کردن. لەو کاتەوە سەرباز و کرێکارەکانیان ناونا "گاردی سور"، منیش لە گاردی سوردابووم. لە کۆشکێکی زۆر گەورەدا

دەژیاین پێی دەوترا کۆشکی "سمولنی **Smolny**"، دالآنی زۆر درێژی تیایە، ژورەکانی ئەوەندە زۆرن مرۆڤی تێدا گومدەبێت.

ڕۆژێکیان من پاسەوانی بەردەرگابووم.. دنیا زۆر ساردبوو، منیش تەنها نیوکۆتێکی سەربازیم لەبەردابوو.. ڕەشەبا دەیلوراند.. دوو کەس هاتنە دەرەوە، کەلێم نزیکبوونەوە و خەریکبوون لە تەنیشتمەوە ڕەتبن زانیم یەکێکیان لینینە یەکسەر هاتە پێشەوە بۆلام و بەشێوەیەکی دۆستانە لێی پرسیم؛

ـ هاوڕێ سەرمات نیە؟

پێموت؛

ـ نەء، هاوڕێ لینین، نەسەرما و نە هیچ دوژمنێک دەتوانێت زەفەرمان پێبەرێت. بۆ ئەوە دەسەلآتمان نەگرتۆتە دەست تا بیدەینەوە دەست بۆرژواکان.

پێکەنی و بە گەرمیەوە دەستی گوشیم و لەسەرخۆ بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت.

باوکە بێدەنگبوو، کیسەی توتنەکەی دەرهێنا و سیگارێکی پێچایەوە. کاتێ کە دەنکە شقارتەکەی





داگیرساند، میشا دلۆپێک فرمێسکی شەفافی بەسەر سمێڵە سورە زبرەکەیەوە بینی _ لەو دلۆپە شەونمانە دەچوو کە بەیانیان بەسەر گەڵای دڕکەکانەوە دەبینرێن.

ـ ئەو ئاوایە.. هەموو کەسێک لای ئەو گرنگە.. لە قوڵایی دڵیەوە خەمی یەک بەیەکی سەربازەکان دەخوات.. دوای ئەو ڕۆژە زۆرجاری تر دەمدی کە تێدەپەڕی، لەدورەوە دەیناسیمەوە زەردەخەنەیەکی بۆ دەکردم و دەیوت؛

ـ بۆرژوازیەکان ناتوانن بمانشکێنن، ها؟

منیش پێم دەوت؛

ـ نەخێر هاوڕێ لینین، ناتوانن.

ئەو چۆنی وت وەهابوو، دەستمان بەسەر زەوی و زار و کارگەکاندا گرت، دەوڵەمەندە خوێنمژە ورگ زلەکانمان دەرکرد. کە گەورەبوویت لەبیرت نەچێت، باوکت دەریاوان بووە و چوار ساڵی ڕەبەق لەپێناوی کۆمۆنەدا شەڕیکردووە. ڕۆژێک دێت کە من دەمرم، لینینیش دەمرێت، بەڵام ئەو مەسەلەیەی کە ئێمە لەپێناویدا شەڕمان کردووە هەتاهەتایە زیندوو دەمێنێتەوە. بڵێ بزانم کە تۆش گەورەبوویت وەکو باوکت لە پێناوی دەسەلآتی سۆڤێتدا دەجەنگیت؟

میشا هاواریکرد "بەڵێ" و لە پێخەفەکەی دەرپەڕی و ویستی باوەش بکات بەملی باوکیدا، بیری چووبۆوە باپیری لە تەنیشتیەوە نوستوە، لەقەیەکی کێشا بە ورگیدا. باپیرە پرخەیەکی زلی کرد و شاڵاوی برد قژی میشا بگرێت، بەڵام باوکی خێرا پەلاماریدا، کردیە باوەش و بردیە ژورەکەی تر.

هێندەی نەبرد میشا لەباوەشی باوکیدا خەوی لێکەوت. لەسەرەتادا زۆر بیری لەو پیاوە سەیرە _لینین_ و بەلشەفیکەکان و جەنگ و کەشتی و پاپۆڕی زەبەلاح کردەوە. پێشئەوەی بچێتە شیرین خەوەوە، دەنگێکی گڕ هاتە بەرگوێی و هەستی بە بۆنی دلگیری ئارەقە و جگەرە کرد. پاشان وەکو یەکێک توند دەستی خستبێتە سەر پێڵوەکانی، چاوەکانی نوقاند.

هەر کە چاوی چووە خەو شارێکی بینی، شەقامەکان تابلێیت پان بوون، پڕبوون لە مریشک و جوجەڵە، سەیری هەر لایەکی دەکرد سەرەنوێلکی گەورە گەورە بوو مریشک و جوجەڵەکان چینەیان تێدا دەکردن. لەدێیەکەی خۆیان مریشک و جوجەڵە زۆرن، بەڵام لەشار هەر زۆر زیاتر بوون. ماڵەکان ڕێک وەکو ئەوانە وابوون کە باوکی بۆی باسکردبوو. خانویەکی زۆر گەورەی بینی بە قامیشی تازە





سەری گیرابوو، لەسەرو دوکەڵکێشەکەیەوە خانویەکی تر هەبوو و لەسەرو دوکەڵکێشەکەی ئەویشەوە خانوەیەکی تربوو و لولەی دوکەڵکێشی دوا خانوش گەشتبووە حەوت تەبەقەی ئاسمان.

لەو کاتەدا کە میشا بە شەقامەکەدا پیاسەی دەکرد، ئاوڕێکی دایەوە پیاوێکی باڵابەرزی بینی کراسێکی سوری لەبەردابوو بەخێرایی بەرەو ئەم دەهات، پیاوە بەزمانێکی شیرین لێیپرسی؛

ـ میشا بۆچی بێ ئیش و کار لەم ناوە دەسوڕێیتەوە.

ـ باپیرەم ڕێگای داوم بێمە دەرەوە یاریبکەم.

ـ دەزانیت من کێم؟

ـ نا... نازانم.

ـ من هاوڕێ لینینم.

میشا زۆر ترسا، ئەژنۆکانی هاتنە لەرزین.. ویستی هەڵبێ، بەڵام پیاوە کراس سورەکە قۆڵی گرت و وتی؛

ـ میشا بەڕاستی تۆ بێ ویژدانیت، یەک دەنکە جۆ ناهێنیت، زۆر باش دەزانیت من لە پێناوی هەژاراندا دەجەنگێم، تۆ بۆچی نایەیتە ڕیزی سوپاکەمەوە؟

ـ باپیرەم ناهێڵێ.

هاوڕێ لینین وتی؛

ـ کەیفی خۆتە، بەڵام ئێمە بەبێ تۆ ئیش و کارمان بەڕێک و پێکی بەڕێوە ناچێت. پێویستە پەیوەندی بە سوپاکەمانەوە بکەیت و برایەوە!

میشا دەستی هاوڕێ لینینی گرت و بەدڵنیاییەوە وتی؛

ـ زۆر چاکە من بەبێ پرسی باپیرەم دێمە ڕیزی سوپاکەتانەوە، لەپێناوی خەڵکی فەقیر و هەژاردا دەجەنگم، بەڵام ئەگەر باپیرە ویستی لەسەر ئەوە لێمبدات، ئەبێ تۆ لەسەرم بکەیتەوە و نەهێڵیت.

هاوڕێ لینین وتی؛

ـ باشە ناهێڵم.

بەشەقامەکەدا بەرەوخوار بۆوە و دورکەوتەوە. میشا ئەوەندە دڵی خۆشبوو لە خۆشیاندا هەناسەی سواربووبوو، ویستی هاواربکات.. بەڵام زمانی وشکبووبوو و بە قوڕگیەوە نوسابوو. لەپڕ میشا ڕاچڵەکی، لەقەیەکی کێشا بە باپیرەیدا و خەبەری بۆوە.

باپیرە بەدەم خەوەوە لێوی دەجوڵا و وڕێنەی دەکرد.

میشا لەودیوی پەنجەرەکەوە بەئاسانی شینیە کاڵەکەی ئاسمانی پشت گۆمەکەی دەدی و بەرامبەریشی پەڵە هەورە





پەمەییە بەڕەنگی خوێن سورەکانیشی دەدی کە هێدی هێدی لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دەهاتن.

* * *

ئیتر لەو کاتەوە هەموو جارێک باوکی دەربارەی جەنگ و لینین و گشت ئەو شوێنانەی کە دیبونی قسەی بۆ دەکرد.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە پاسەوانی بارەگای ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی گوند پیاوێکی کورتەباڵای لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ ماڵیان، پاڵتۆیەکی سەربازی لەبەردابوو و جانتایەکی چەرمیشی لەبن دەستدابوو. پاسەوانەکە بە باپیرەی وت؛

ـ ئەم هاوڕێیە لێپرسراوێکی سۆڤێتە، لەشارەوە هاتوە ئەم شەو لای ئێوە دەمێنێتەوە، باپیرە شێوی بۆ ئامادەبکەن.

ـ باشە ئاسانە. بابێت، بەڵام کاکی هاوڕێ شوناسنامەی پێیە؟

میشا لەهۆشمەندی باپیرەی سەریسوڕما، پەنجەی خستە دەمیەوە و گوێی بۆ گفتوگۆکەیان شلکرد، پیاوە جانتا بەدەستەکە بەدەم زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە؛

ـ باپیرە دڵنیابە، هەرچیەکت دەوێت پێمە.

و خۆی کرد بەژوردا. باپیرە بەدوایدا چووە ژورەوە و میشاش بەدوای باپیرەدا.

باپیرە پرسی؛

ـ بۆچی هاتویت بۆ گوندەکەمان؟

ـ من لێپرسراوی هەڵبژاردنی تازەم، هاتووم سەرپەرشتی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی تازەی گوندەکەتان بکەم.

پاش ماوەیەکی کەم باوکە لە کادێنەکە هاتە دەرەوە. تەوقەی لەگەڵ پیاوە غەریبەکەدا کرد و بەدایکەی وت شێو ئامادەبکات.

پاش شێوکردن باوکە و پیاوە غەریبەکە بەتەنیشت یەکەوە دانیشتن، پیاوەکە جانتا چەرمە پچکۆلەکەی کردەوە و دەستەوارەیەک کاغەزی لێدەرهێنا و پیشانی باوکەی دا. میشا هەر بەدەوروخولیاندا دەهات و دەچوو و دەسوڕایەوە،





دەیویست بزانێت ئەوانە چین. باوکە یەکێک لە کاغەزەکانی هەڵگرت و پیشانی میشای دا و وتی؛

ـ سەیرکە مینکا.. ئەمە لینینە.

میشا وێنەکەی لەدەست باوکی فڕاند. کەتێی ڕوانی سەریسوڕما، لەسەرسامیدا دەمی داچەقاند، پیاوی ناو ڕەسمەکە نە بالآی بەرزبوو و نە کراسی سوریشی لەبەردابوو، تەنها چاکەتێکی ئاسایی لەبەردابوو و دەستێکی خستبووە ناو گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە و دەستەکەی تریشی درێژکردبوو بۆ پێشەوە، وەک بلێی ڕێگا پیشان دەدات.

میشا زۆر بەجوانی سەرنجی وێنەکەی دا. وردودرشتی وێنەکەی لەمێشکیدا هەڵگرت و بۆ هەمیشە برۆ کەمانیەکانی و زەردەخەنەی شاردراوەی ناو چاو و سەر لێوەکانی لەمێشکدا چاپبوون.

پیاوە غەریبەکە وێنەکەی لەدەست میشا وەرگرت، خستیە جانتاکەی و دایخست و چووە ژورەکەی تر بنوێت. جلەکانی داکەند و لەجیاتی بەتانی بە پاڵتۆ سەربازیەکەی خۆی داپۆشی. خەریکبوو چاوی دەچووە خەو کە گوێی لە جیڕەی دەرگاکەبوو، سەری بەرزکردەوە و وتی؛

ـ کێیە؟

دوو پێی پەتی لەسەر زەویەکە بینی؛

ـ کێیە ئەوە؟

و پاشان میشای بینی لەتەنیشت چرپایەکەوە وەستاوە؛

ـ چیت دەوێت کوڕە بچکۆل؟

میشا ماوەیەک بێدەنگبوو، پاشان جورئەتی دایە بەرخۆی و بەگوێیدا چرپاند؛

ـ ئەلێم.. خاڵە.. تۆ.. هین.. لینینم بدەرێ!

پیاوە غەریبەکە ورتەی لێوەنەدەهات، بێدەنگ دەیڕوانیە میشا.

میشا ترسا "گریمان کابرایەکی پیسکەبوو و وێنەکەی نەدامێ" هەوڵیدا ڕێک و ڕەوانتر قسەبکات و زمانی تێکەڵ و پێکەڵ نەبێت، بەچرپە وتی؛

ـ بمدەرێ بۆ خۆم، منیش قوتوەکەمت دەدەمێ.. قوتویەکی زۆر چاکە، هەموو میچەکانیشمت (*پارچە ئێسقانی بچوکە منداڵان یاری پێدەکەن) دەدەمێ و ..

پاشان دەستی بادا و

ـ ئا، جزمەکانیش کە باوکم بۆی هێناوم!

پیاوە نامۆکە بەپێکەنینەوە لێیپرسی؛





ـ لینینت بۆ چیە؟

"وادیارە وێنەکەم ناداتێ" ئەم بیرەی بە مێشکدا هات. سەری دانەواند تا فرمێسکەکانی نەبینێت و لەبەرخۆیەوە بەدەنگێکی لەرزۆک وتی؛

ـ ئەمەوێ و.. هەروا دەمەوێت!

پیاوە غەریبەکە پێکەنی، جانتاکەی لەژێر بالیفەکەیدا دەرهێنا و وێنکەی دا بە میشا.

میشا وێنەکەی خستە ژێر کراسەکەیەوە و توند توند نوساندی بە سنگیەوە، بەدڵیەوە و بەڕاکردن چۆوە بۆ موبەق، باپیرە بەخەبەرهات، لێی پرسی؛

ـ چیتە، نیوەشەو هەڵدەسیت و دەسوڕێیتەوە؟ پێموتیت پێش نوستن ئەو شیرە مەخۆرەوە. ئەگەر زۆرت بۆ هاتووە میزبکەرە تەنەکەی خۆڵەکەوە، تاقەتم نیە بەم شەوە بتبەمە دەرەوە.

میشا بەبێئەوەی وەڵامی بداتەوە چووە ناو پێخەفەکانیەوە، بەهەردوو دەست وێنەکەی گرتبوو، زۆر لەسەرخۆ پاڵکەوت، دەترسا تلبدات و وێنەکە چرچ و لۆچ ببێت، بۆیە هەربەو شێوەیە خەوی لێکەوت.

دەمەوبەیان لەگەڵ دنیا ڕوناکبۆوە لەخەو هەستا. دایکی تازە لەشیر دۆشین بووبۆوە و مانگاکەی کردبووە ناو گاگەل، هەر کە میشای بینی دەستی بەرزکردەوە و وتی؛

ـ ها، خەوت دیووە وابەم بەیانیە زووە هەستاویت؟

میشا وێنەکەی لەژێر کراسەکەیدا قایم کردبوو، بەهێمنی لەتەنیشت دایکیەوە ڕەتبوو، بەلای کادێنەکەدا تێپەڕی و خۆیکرد بە ژێرزەمینەکەدا. لفکەشامی زبر بەچواردەوری ژێرزەمینەکەدا ڕوابوو و دیوارێک دڕک و داڵی سەوزی چڕوتیژ بەرزبووبۆوە.

میشا جیقنە و خاک و خۆڵی دووسێ بستی زەوی ژێرزەمینەکە بەلەپی دەست پاک کردەوە و چاڵێکی بچوکی تیا هەلکۆڵی و وێنەکەی لە گەڵایەکی زەردی لفکەشامیەوە پێچا و تێیدا شاردەوە و ئینجا بەردێکیشی هێنا خستیە سەری بۆ ئەوەی قورسبێت و با نەیبات.

لەبەیانیەوە تا ئێوارە بارانبوو. گەواڵە هەوری خۆڵەمێشی مەیلەوشینی تۆخ ڕوی ئاسمانی داپۆشیبوو، حەوشەکە پڕبوو لە قوڕ و چلپاو، گۆلاوی بچوک بچوک بە کۆلانەکاندا سەرەوخوار دەبوونەوە و پێشبڕکێیان دەکرد.

میشا بەناچاری لەماڵ نەچووە دەر.





دنیا تاریک بووبوو کە باوکی و باپیری چوون بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی ڕاپەڕاند لەبارەگای ئەنجومەنی دێ.

میشا شەپقەکەی باپیری کردە سەری و دوایان کەوت.

بارەگای ئەنجومەنی دێ لە خانوی پاسەوانی کلێسادابوو. میشا بەدەست و پێ بەنقەنق بەسەر قادرمە پێچاوپێچە پیس و پۆخڵە خزەکاندا سەرکەوت و خۆی کرد بەژورەکەدا.

ژورەکە پڕبوو لە خەڵک، دوکەڵی جگەرە تا بنمیچەکەی تەنیبوو. لەتەنیشت پەنجەرەکەوە پیاوە غەریبەکە لەپشت مێزێکەوە دانیشتبوو و شتێکی بۆ قۆزاقیەکان دەگێڕایەوە.

میشا بەدزیەوە خۆی گەیاندە ئەو سەری ژورەکە و لەسەر کورسی دوای دواوە دانیشت.

ـ کێ دەیەوێت "فوما کۆرشۆنۆڤ" بەسەرۆک هەڵبژێردرێت تکایە دەست بەرزبکاتەوە!

"بروخور لیسینکۆڤ"ی زاوای دوکاندارەکە کە لەبەردەم میشادا دانیشتبوو هاواری کرد؛

ـ هاوڵاتیان، من ڕازی نیم! ئەو مرۆڤێکی شەریف نیە، ئەو کاتەی کە شوانی گوندەکەمان بوو بۆمان دەرکەوت بایی چەندە.

پاشان "فیدۆت"ی پینەچی کە لەسەر قەراغی پەنجەرەکە دانیشتبوو هەستایە سەرپێ و بەدەم دەست ڕاوەشاندنەوە نەڕاندی؛

ـ هاورێیان.. دەوڵەمەندەکان نایانەوێ "فوما"ی شوان ببێتە سەرۆک، بەڵام لەبەرئەوەی کە پرۆلیتاریایە و لایەنگری دەسەلاتی سۆڤێتە..

قۆزاقیە دەوڵەمەندەکان کە لەبەردەرگاکەدا ئاپورەیان بەستبوو دەستیانکرد بە قاچکێشان بە زەویدا و فیکە لێدان و لەژورەکەدا بوو بە ئاژاوە و دەنگەدەنگ.

ـ شوانمان ناوێت!

ـ مادام لەسەربازی گەڕاوەتەوە، بابچێتەوە بۆ شوانیەکەی خۆی!..

ـ بمرێ "فوما کۆرشۆنۆڤ"!

میشا ڕوانیە ڕوخساری زەردهەڵگەڕاوی باوکی، کە لە تەنیشت قەنەفەکەوە وەستابوو و ئەمیش لەتاو باوکی





دەموچاوی وەک ئەو زەردهەڵگەڕا. پیاوە غەریبەکە بەمشتەکۆڵە دەیکێشا بە مێزەکەدا و هاواری دەکرد؛

ـ هاورێیان.. لەسەرخۆ.. ئەوەی ئاژاوە بنێتەوە دەیکەمە دەرەوە.

ـ یەکێک هەڵدەبژێرین لە خۆمان بێت، قۆزاقی بێت.

ـ فۆمامان ناوێت!

ـ نامانەوێت.

هەموو قۆزاقیە دەوڵەمەندەکان ئەمانەیان دەوتەوە، بەڵام ئەوەی لە هەمووان زیاتر دەینەڕاند "بروخور"ی زاوای دوکاندارەکەبوو.

قۆزاقیەکی خڕیلەی ڕیش سور، گوێیەکی گوارەی تێدابوو، چاکەتێکی شڕی پینەکراوی لەبەردابوو چووە سەر کورسیەک و هاواریکرد؛

ـ برایان! خۆتان چاک دەزانن ئەمانە چیان دەوێت! ئەم ملهوڕانە دەیانەوێت بەزۆری زۆرداری یەکێک لە خۆیان بکەنە سەرۆک! تابتوانن وەکو جاران ئیشی خۆیان مەیسەر بکەن و..قۆزاقیە گوێ بەگوارەکە ماوەیەکی زۆر نەڕاندی، بەڵام لەو قەرەباڵخی و ژاوەژاوەدا میشا تاک و تەرای قسەکانی دەهاتە بەرگوێ.

"زەوی.. زەوی سەرلەنوێ دابەش دەکرێتەوە.. بێکەڵک و بەردەڵانەکان بۆ فەقیر و هەژارەکان و زەویە بەپیت و باشەکانیش بۆ خۆیان.."

کومەڵە ئاپورە بەستوەکەی تەنیشت دەرگاکە هاواریان دەکرد؛

ـ بروخور هەڵدەبژێرین بەسەرۆک.

ـ بروخور.. بروخور.. هوو.. هوو.. هوو! ها...ها...ها!

پاش ماوەیەکی زۆر ژورەکە هێور بۆوە، پیاوە نامۆکە دەستیکرد بەنەڕەنەڕ و قیڕوهوڕ، دەموچاوی مڕوموچ، کەفی دەچەڕاند، میشا لەدڵی خۆیدا وتی "ڕەنگە جنێویان پێبدات".

کاتێک کە دانیشتوان بێدەنگتربوون، پیاوە نامۆکە بەدەنگێکی بەرز پرسی؛

ـ کێ دەیەوێت فوما کۆرشۆنۆڤ هەڵبژێرێت؟

زۆر دەست بەرزبۆوە.. میشاش دەستی هەڵبڕی. یەکێک بەدەنگی بەرز کەوتە ژماردن و لەم کورسیەوە بازی دەدایە سەر ئەو کورسی تا هەموو دەستەکان ببینێت؛

ـ شەست و سێ.. شەست و چوار..

وبێ ئەوەی سەیری میشابکات ئیشارەتی بۆ دەستی کرد و وتی؛





ـ شەست و پێنج!

پیاوە غەریبەکە شتێکی لەسەر کاغەزەکە نوسی و پاشان هاواریکرد؛

ـ کێ بروخور لیسینکۆڤ هەڵدەبژێرێ، تکایە دەستی بەرزکاتەوە!

بیست و حەوت قۆزاقی دەوڵەمەند و "ئیگۆر"ی ئاشەوان لەیەک کاتدا دەستیان هەڵبڕی، میشاش دەستی بەرز کردەوە. بەڵام ئەم جارەیان ئەو پیاوەی کە دەستە بەرزکراوەکانی دەژمارد کاتێک گەیشتە کورسی دوای دواوە، لێی نزیکبۆوە لەتەپڵی سەریەوە تابنی پێی لێیڕوانی، پاشان گوێچکەی گرت؛

ـ هەی شەیتان! بچۆ دەرەوە تا تێم نەسرەواندویت! ئەفەندی دەنگ دەدات!

بووبە پێکەنین، پیاوەکە میشای تا بەردەرگا برد و بەپاڵ کردیە دەرەوە. لەکاتی کردنە دەرەوەیدا میشا ئەو قسەیەی بیرکەوتەوە کە ڕۆژێکیان لە دەمەقاڵێیەکدا باوکی بە باپیری وتبوو، کە گەیشتنە سەر قادرمە خزە پیس و پۆخڵەکان بەڕوی پیاوەکەیدا دا؛

ـ چ کەسێک ڕێگای ئەمەی پێداویت؟

ـ دوایی پێت دەڵێم چ کەسێک؟!

ئەم ئیهانەکردنەشی وەکو ئەوانی تر زۆر لا تاڵ بوو.

کە گەیشتەوە ماڵەوە کەمێک فینگەفینگی کرد و داخی دڵی خۆی بۆ دایکی هەڵڕشت، بەڵام دایکی لێی توڕەبوو و پێیوت؛

ـ بۆچی خۆت لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنیت؟ سەردەکەیت بە هەموو کونێکدا.. تۆ چاکبوویت بە مایەی عەزاب و سەریەشە بۆ من.

بەیانی ڕۆژی دواتر کاتێک بەرچاییان دەکرد دەنگی مارشێکی سەربازی دوریان هاتە بەرگوێ. باوکە کەوچکەکەی دانا و بەدەم سمێڵ سڕینەوە وتی؛

ـ دەستەیەک سەربازن.

میشا فڕکەی کردە دەرەوە و دەرگاکەی بەدوای خۆیدا خڕ داخست.

لە پەنجەرەکانەوە تەپەی پێ دەبیسترا؛

"تەپ.. تەپ.. تەپ.."

باوکی و باپیریشی هاتنە دەرەوە، دایکیشی لە پەنجەرەکەوە ملی دەرهێنا.

لەوپەڕی شەقامەکەوە سەربازانی سوپای سور ڕیز لەدوای ڕیز وەکو شەپۆلی کەسک دەڕژانە ناو گوند.





مۆسیقا ژەنەکان لەپێشی هەمووانەوە بوون، فویان دەکرد بە کەڕەنای گەورە گەورەدا و دەهۆڵی زلیان دەکوتا، و دەنگی مۆسیقا هەموو ناو گوندی تەنی.

میشا سەری سوڕما، ئەبڵەق بوو، بێئەوەی ئاگای لە خۆی بێت بەدەوری خۆیدا خولایەوە و ڕایکرد بۆلای مۆسیقا ژەنەکان.

هەستێکی ناسکی شیرین سینەی تەنی و بەرزبۆوە بۆ گەروی..

کە ڕوانیە دەموچاوە تەپوتۆزاویەکانی سەربازانی سوپای سور و گوپە خڕەکانی مۆسیقا ژەنە بەهەیبەتەکان دەمودەست بڕیاری خۆیدا؛

"لە تەکیاندا دەچم بۆ شەڕ!"

خەونەکەی بیرکەوتەوە، نەیزانی چۆن جورئەتی دایە بەرخۆی و پەلاماری فیشەکدانی سەربازەکەی دوای دواوەی داو وتی؛

ـ بۆ کوێ دەچن؟ بۆ شەڕ؟

ـ ئەی بۆ کوێ دەچین؟ بێگومان دەچین بۆ شەڕ.

ـ لەپێناوی کێدا دەجەنگن؟

ـ لەپێناوی دەسەڵاتی سۆڤێتدا، گەوجە. ئادەی وەرە ڕیزەوە.

و میشای ڕاکێشایە ناوەڕاستی ڕیزەکەوە. سەربازێکیان پێکەنی و کەشکێکی سرەوانده سەری، یەکێکی تریان کڵۆ شەکرێکی چڵکنی لە گیرفانی دەرهێنا و خستیە دەمی میشاوە.

کاتێک گەیشتنە گۆڕەپانی گوندەکە یەکێک لەپێشی پێشەوە هاوای کرد؛

ـ ڕاوەستن.

سەربازانی سوپای سور وەستان، و بە گۆڕەپانەکەدا بڵاوبوونەوە. لەسێبەرە فێنکەکەی دیواری قوتابخانەکەی دێدا ترنجانە تەنیشت یەکتری بۆئەوەی پشوبدەن.

لاوێکی باڵابەرز کە ڕیشی پاک تاشیبوو و شمشێرێکی کردبوو بەلاقەدیەوە هێواش هێواش لە میشا نزیک بۆوە، بەدەم زەردەخەنەوە لێی پرسی؛

ـ لە کوێوە لەگەڵمانیت؟

میشا سنگی دەرپەڕاند و پانتۆڵە داخزاوەکەی هەڵکێشایەوە؛

ـ لەگەڵتان دێم بۆ شەڕ.





یەکێک لە سەربازەکان هاواریکرد؛

ـ هاوڕێی فەرماندەی فەوج بیکە بە یاریدەدەری خۆت.

هەمووان دایانە قاقای پێکەنین، میشا خەریکبوو دەستبکات بە گریان. بەڵام ئەو پیاوەی کە بەو ناوە سەروسەمەرەیە "فەرماندەی فەوج" بانگیان کرد، ناوچەوانی گرژکرد و بەدەنگێکی نێرەوە هاواریکرد؛

ـ بە چی پێدەکەنن گەوجینە؟ بێگومان لەگەڵ خۆمان دەیبەین.. بەڵام بە مەرجێک.

فەرماندەی فەوج ڕویکردە میشا و وتی؛

ـ پانتۆڵەکەت یەک تاکە شەیالەی هەیە، وا نابێت، ئەگەر وا لەگەڵمان بێیت حەیامان دەچێت!.. سەیرکە من جوتێکم هەیە، هەموو سەربازەکانیش جوتێکیان هەیە.. بچۆرەوە بۆ ماڵەوە بەدایکت بڵێ تاکەکەی ترت بۆ بدورێتەوە و تا دێیتەوە ئێمە لێرە چاوەڕێت دەکەین.

پاشان ڕویکردە لای دیوارەکە و چاوێکی داگرت و بەدەنگی بەرز وتی؛

ـ "تیریشینکۆ" تفەنگێک و پاڵتۆیەک بۆ ئەم جەنگاوەرە تازەیە بێنە.

یەکێک لەوانەی لەتەنیشت دیوارەکەوە پاڵکەوتبوو هەستایە سەرپێ، دەستی برد بۆ قەراغی کلاوەکەی و وەلامی دایەوە؛

ـ بەسەرچاو.

و بەهەروەلە ڕۆشت.

ئینجا فەرماندەی فەوج بە میشای وت؛

ـ دەی زووکە.. بەڕاکردن بڕۆرەوە با دایکت شەیالەکەت بۆ بدورێتەوە.

میشا بە فەرماندەی فەوجدا هەڵیڕوانی؛

ـ نەمخڵەتێنی ها!

ـ نەء.. مەترسە.

ماڵەوە لە گۆڕەپانی گوندەکەوە دوربوو، کە میشا گەیشتە بەردەرگا هەناسە برکێی پێکەوتبوو، هەر بەدەم ڕاکردنەوە پانتۆڵەکەی داکەند و خۆی کرد بەژوردا و هاواریکرد؛

ـ دایە!.. پانتۆڵەکەم!.. تاکێکی شەیالەکەی...

بەلام ماڵ چۆڵ و هۆڵبوو.. ڕەوەیەک مێش وەک پەڵەیەک هەوری ڕەش بەسەر ئاگردانەکەدا دەخولانەوە و گیزەیان دەهات.





میشا کون و قوژبنی ماڵەکەی پشکنی، حەوشەکە، باخەکە، کادێنەکە.. بەلام بێسودبوو و کەسی نەدی، نەدایکی نەباوکی نەباپیری. ڕایکردە ژورەوە گوێنیەکی بەتاڵی بەرچاوکەوت، بەچەقۆ گوشێکی درێژی لێبڕی، کاتی ئەوەی نەبوو بیدورێت بە پانتۆڵەکەیەوە، وێڕای ئەوەش درومانیشی نەدەزانی. بەپەلە گوشەکەی بەست بە پانتۆڵەکەیەوە و هاویشتیە سەرشانی و لەپێشەوە گرێیدا. بەپرتاو خۆی گەیاندە ژێرزەمینەکە. بەردەکەی لادا و سەیرێکی بەپەلەی دەستی لینینی کرد کە ئیشارەتی بۆ ئەم دەکرد و بەئەسپایی وتی؛

ـ چاوت لێیە؟ ئەوە چوومە ڕیزی سوپاکەتانەوە.

پاشان بەدیقەت لەگەڵ لفکەشامیەکەیەوە پێچایەوە و خستیە ژێر کراسەکەیەوە و بەڕاکردن بەشەقامەکەدا داگەڕا. بەدەستێکی وێنەکەی توند نوساندبوو بەسنگیەوە و بەدەستەکەی تریشی پانتۆڵەکەی گرتبوو بۆ ئەوەی دانەخزێتە خوارەوە.

کە بەتەنیشت پەرژینی ماڵە دراوسێکەیاندا تێپەڕی هاواری لە دراوسێکەیان کرد؛

ـ ئەنیسیموفنا!

ـ چیه؟

ـ بە ماڵەوەمان بڵێ بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ نایەمەوە، چاوەڕێم نەکەن.

ـ بۆ کوێ دەچیت شەیتانە چکۆل؟

وەک ئەوەی خواحافیزی بکات دەستی هەڵبڕی و وتی؛

ـ دەچم بۆ سەربازی.

کە گەیشتە گۆڕەپانەکە لە جێی خۆی وشکبوو. گۆڕەپان چۆڵ و هۆڵبوو. تەنیشت دیوارەکە پڕبوو لە ئاغزە جگەرە و قوتوی خۆراکی بەتاڵ و پارچە سارغی شڕ و دڕاوی ژێر پێنراو، و لەو پەڕی گوندیشەوە دەنگی زوڵاڵی مۆسیقا و تەپەی پێی سەربازەکان دەهاتە گوێ. میشا بەدەنگی بەرز دایە پرمەی گریان، پاشان قیژەیەکی کرد و تاهێزی تێدابوو گوری دایە خۆی و ڕایکرد بەدوایاندا. فریایان دەکەوت و دەیگرتنەوە ئەگەر ئەو سەگە زلە زەردە کلک درێژەی لێپەیدا نەبوایە کە لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا لەلای دەباخانەکەوە وەستابوو. تا لەدەست سەگەکە دەربازبوو، دەنگی مۆسیقا و تەپەی پێیەکان نەمان.

* * *





پاش دوو ڕۆژ مەفرەزەیەکی چل کەسی هاتن بۆ گوند. بەرگی سەربازییان لەبەردانەبوو، جل و بەرگی چەوری ئیشیان لەبەردابوو و جزمەی لە لباد دروستکراوی خۆڵەمێشییان لەپێدابوو.. کاتێک کە باوکە لە ئەنجومەنی گوندەوە هاتەوە بۆ ماڵەوە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ بەباپیرەی وت؛

ـ بابە، دانەوێڵەی گەنجینەکە حازرکە، مەفرەزەی کۆکردنەوەی دانەوێڵە و خۆراک هاتوون، دانەوێڵەی زێدە کۆدەکەنەوە و دەیبەن.

سەربازەکان ماڵە و ماڵ دەگەڕان، بەنوکی نێزەکانیان زەوی گەنجینەکانیان دەپشکنی و دانەوێڵەی شاردراوەیان دەردەهێنا و بە عەرەبانە دەیانگواستەوە بۆ عەمبارە گەورەکەی دێ.

نۆرە هاتە سەر ماڵی سەرۆکی ئەنجومەن.. سەبیل بەدەمەکەیان بەباپیرەی وت؛

ـ باپیرە، ڕاست بڵێ! چەندەت دانەوێڵە شاردۆتەوە؟

باپیرە دەستی هێنا بەڕیشیدا و بەشانازیەوە وتی؛

ـ کوڕەکەم شیوعیە.

خۆیانکرد بە گەنجینەکەدا. سەربازە سەبیل بەدەمەکەیان تەماشای فەردەکانی کرد و بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی؛

ـ ئا ئەم فەردانە ببە بۆ عەمباری گوند و ئەوانی تریش بۆ خواردن و تۆوکردنی خۆتان بهێڵەوە.

باپیرە سافراسکا (*ناوی ئەسپە)ی پیری لە عەرەبانەکە بەست و بەدەم هەناسە هەڵکێشان و خەفەت خواردنەوە هەشت گوێنی گەنمی بارکرد و شانێکی ناچاری هەڵتەکاند و بردنی بۆ عەمباری گوند، دایکە کەمێک بۆ گەنمەکانی گریا. میشاش پاش ئەوەی یارمەتی باپیرەیدا لەپڕکردنی گونیەکاندا چوو بۆ لای ڤیتیای کوڕی قەشە بۆ یاریکردن. هەر کە پێکەوە لە موبەقەکەدا دانیشتن و هەندێ وێنەی ئەسپی لەکاغەز دروستکراویان لەبەردەمی خۆیاندا بڵاوکردەوە، هەمان دەستە سەرباز کە لە ماڵی میشابوون خۆیان کرد بەژوردا.

قەشە بەهەڵەداوان بەرەوپیریان چوو، لەتاو پەلەپەل چەند جارێک قاچی لە چمکی جبەکەی گیرا و سەرسمی دا. تکای لێکردن کە تەشریف بەرنە ژورەوە، بەڵام سەربازە سەبیل بەدەمەکە بەڕەقیەوە وەڵامی دایەوە؛

ـ با بچین بۆ گەنجینەکەتان، دانەوێڵە لە کوێدا دادەنێن؟





ژنی قەشە بەسەروقژی ئاڵۆزەوە خۆیکرد بە موبەقەکەدا و بەدەم زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە وتی؛

ـ بەڕێزان، باوەڕکەن هیچ دانەوێڵەیەکمان نیە. مێردەکەم هێشتا نەچووە بۆ وەرگرتنی دانەوێڵە..

ـ ژێرزەمینتان هەیە؟

ـ نەء، نیمانە، دانەوێڵە هەر لە گەنجینەکەماندا دادەنێین.میشا باشی لەبیربوو کە ژێرزەمینێکی گەورەیان هەیە و لە موبەقەکەوە بۆی دەچن، چونکە ڕۆژێکیان لەگەڵ ڤیتیادا چون لەوێ یاریان کرد ، بۆیە ڕوی کردە ژنی قەشە و پێیوت؛

ـ ئەی ئەو ژێرزەمینە چیە کە لەژێر مەبەقەکەتاندایە و من و ڤیتیا ئەو ڕۆژە یاریمان تێدا کرد؟ بیرت نەماوە؟!

ژنی قەشە پێکەنی بەڵام ڕەنگی سپی بوو.

ـ نا، بابە گیان بەهەڵەداچوویت. ڤیتیا بچن لە باخەکە یاریبکەن.

سەربازە سەبیل بەدەستەکە چاوی بچوک کردەوە و زەردەخەنەیەکی بۆ میشاکرد و پێی وت؛

ـ کوڕی باش دەرگاری ژێرزەمینەکە کامەیە؟

ژنی قەشە پەنجەکانی تەقاند و وتی؛

- بەقسەی منداڵێکی نەفامی وا چۆن باوەڕدەکەن؟ بەڕێزان دڵنیابن ژێرزەمینمان نیە.

قەشە چاکی جبەکەی هەڵکرد و وتی؛

- هاوڕێیان فەرمون با بچینە ژورەوە پارویەک نان بخۆین.

کاتێک کە ژنی قەشە بەلای میشادا ڕەتبوو، نوقورچێکی توندی لێگرت و بەدەم زەردەخەنەوە بەزمانێکی شیرین وتی؛

- منداڵینە بچنە باخەکە، لەم بەرپێیەدا مەوەستن.

سەربازەکان سەیری یەکتریان کرد و دەستیانکرد بە پشکنینی موبەقەکە، بە قۆناغە تفەنگ دەیانکێشا بە ئەرزی موبەقەکەدا. مێزی تەنیشت دیوارەکەیان لابرد و پارچە بەڕەکەی ژێریان لادا، سەربازە سەبیل بەدەستەکە تەختەیەکی هەڵدایەوە و ڕوانیە ژێر زەمینەکە. بەدەم سەربادانەوە وتی؛

- شەرم ناکەن؟ وتتان دانەوێڵەمان نیە، کەچی ژێرزەمینەکەتان تا بنمیچەکەی هەڵچنراوە.

ژنی قەشە وابە ڕقەوە سەیری میشای کرد، میشا تۆقی خواخوای بوو بەپەلە خۆی بگەیەنێتەوە ماڵەوە. هەستا و





چووە حەوشە. ژنی قەشە دوای کەوت، لەبەردەرگا گرتی بەدەم قریشکە قریشک و گریانەوە توند توند قژی میشای ڕادەکێشا و دەیهێنا و دەیبرد.

میشا زۆر هەوڵیدا تا خۆی لە چنگی قورتارکرد و ڕایکردەوە بۆ ماڵەوە. بەدەم گریان و هەنسک هەڵدانەوە بەسەرهاتەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە. دایکی دەستی ناچاری بەرزکردەوە و توند قژیگرت و قیژانی بەسەریدا؛

- چی بکەم لەدەست تۆ؟ بڕۆ دوربکەوەرەوە لەبەرچاوم تا تێرم لێنەداویت.

لەوەبەدواوە هەر کاتێ هەستی بریناربکرایە، یەکڕاست دەچوو بۆ ژێرزەمینەکە و بەردەکەی لادەدا، گەڵا لفکەشامیەکەی واڵادەکردەوە و بەدەم فرمێسک هەڵوەراندنە سەر وێنەکەوە هەرچیەکی لە دڵدا بوایە بەدزییەوە بۆ لینینی دەگێڕایەوە و هەرچی خراپەی لێبکردایە لای ئەو شکاتی لێدەکرد.

هەفتەیەک تێپەڕی، میشا زۆر تەنهابوو، کەس نەبوو یاری لەگەڵ بکات. منداڵی دراوسێ هیچ کامیان ئارەزویان نەدەکرد کایەی لەگەڵ بکەن، ئێستا بێجگە لە "بیژی"

نازناوێکی تریشیان بۆ زیادکرد کە لە گەورەکانەوە فێربووبوون، بانگیان دەکرد؛

ـ هێی.. تۆ.. بەچکە شیوعی.. شیوعیە گلاو.

ڕۆژێک دەمەو عەسرێکی درەنگ میشا لە مەلە هاتبۆوە، کە خەریکبوو بچێتە ماڵەوە گوێی لێبوو باوکی بەدەنگی بەرز دەینەڕاند، دایکیشی دەگریا و دەکڕوزایەوە، دەتوت کەسێکی مردووە و شیوەنی بۆ دەکات. میشا خۆیکرد بە ژوردا. باوکی دانیشتبوو پۆستاڵەکانی لەپێدەکرد و پاڵتۆ سەربازیەکەشی بە گرمۆڵەکراوی لەتەنیشتیەوە دانرابوو.

ـ بابە دەچیت بۆ کوێ؟

باوکی پێکەنی و وەڵامی دایەوە؛

ـ کوڕم تۆزێک دایکت هێورکەرەوە، بەم گریان و کڕوزانەوەیە خەریکە بەندی دڵم دەپچڕێنێت. من دەبێت دیسانەوە بچمەوە بۆ جەنگ و ئەو ناهێڵێت.

ـ بابە منیش لەگەڵتا دێم!

باوکە قایشەکەی توند کرد و کڵاوە قەیتاندارەکەی لەسەرکرد و وتی؛

ـ گوێبگرە میشا، ئەقڵت هەبێت چۆن دەبێت هەردووکمان بڕۆین. تا من نەیەمەوە نابێت تۆ بڕۆیت. ئەگینا کە وەختی





درەو هات کێ گەنمەکە دروێنەبکات، دایکت دەبێ خەریکی ئیشی ناو ماڵ بێت، ئێ خۆ باپیرەش پیر و بەساڵاچووە..

کاتێ میشا خواحافیزبوونی لە باوکی کرد جلەوی هەڵڕشتنی فرمێسکەکانی گرت و نەک هەر ئەوە بەڵکو پێشکەنی، بەڵام دایکی هەروەکو جاری پێشوو توند خۆی هەڵواسی بەملیدا و بە هەزارحاڵ وازی لێهێنا.

باپیرە ئاهێکی هەڵکێشا و کاتێ کە ئەملاولای باوکەی ماچکرد و خواحافیزی لێکرد بە گوێیدا چرپاندی؛

ـ فومۆشکا کوڕم ناکرێت نەچیت؟ لەوانەیە پێویستیان بەتۆ نەبێت. ئەگەر بکوژرێیت ماڵ وێران دەبین، ئێمە تیادەچین.

ـ بەسە بابە واز لەم قسانە بێنە بێسودن، ئەگەر هەرچی پیاوە خۆیان بخزێننە ژێر کراسی ژنەکانیانەوە و خۆیان بشارنەوە کێ بەرگری لە وڵات بکات؟

ـ باشە، ئەگەر لەسەر هەقیت بڕۆ.

باپیرە ڕوی وەرگێڕا و بەبێ ئەوەی کەس ئاگای لێبێت فرمێسکەکانی سڕی.

تا بارەگای ئەنجومەنی دێ باوکەیان ڕەوانەکرد. دەستەیەکی بیست کەسی بە خۆیان و تفەنگەکانیانەوە

لەوێ وەستابوون. باوکی ئەمیش تفەنگی پێبوو.. پاشان بۆ دواجار میشای ماچکرد و خواحافیزی کرد و لەگەڵ ئەوانی تر ملی ڕێگای گرت بەرەو دەرەوەی گوند. میشا لەتەک باپیرەدا هاتەوە بۆ ماڵەوە. دایکیشی بە لەقەلەق لە پشتیانەوە ڕێی دەکرد. ناوبەناو حەپەی سەگەلی ئاوایی دەهاتە گوێ. تاکوتەرای پەنجەرەی ماڵەکان ڕوناکبوون. گوند چەشنی پیرەژنێکی ڕەشپۆش خۆی لەتاریکی شەو پێچابوو. نم نم باران دەباری. لەدورەوە لەلای دەشتەکانی پشت گوندەوە ئاسمان چەخماخەی دا و بەدوایدا گرمەی هەورەتریشقەیەکی هێواش هاتە بەر گوێ.

نزیک ماڵەوە بوونەوە، بەدرێژایی ڕێگا میشا بێدەنگبوو، کە گەیشتنە بەر قاپیەکە لەباپیرەی پرسی؛

ـ باپیرە.. باوکم دژی کێ شەڕ دەکات؟

ـ وازم لێبێنە!

ـ باپیرە!

ـ چیە؟

ـ باوکم دژی کێ شەڕدەکات؟

باپیرە دەرگاکەی بەسوکی داخست و وەڵامی دایەوە؛





ـ لەم نزیکانەی دێ چەند پیاوخراپێک پەیدابوون، پێیان دەڵێن "باند" بەبڕوای من کۆمەڵێک دز و جەردەن، باوکت چووە شەڕ لەگەڵ ئەوانەدا بکات.

ـ باپیرە، چەند کەسن؟

ـ وەکو خەڵک باسیاندەکات، نزیکەی دوو سەد کەس دەبن. بڕۆ بەلای ئیشی خۆتەوە! دەی وەختی خەوە، دەبوایە ئێستا خەوتبوویتایە.

شەوێ میشا لە دەنگەدەنگ خەبەری بۆوە. هەستا بۆ باپیرە گەڕا لەناو جێگاکەیدا نەبوو.

ـ باپیرە لە کوێی؟

ـ وس، پاڵکەوە جوڵە نەکەیت، بنو چەتوون.

میشا هەستا و بە کوێرە کوێر لە ناوەڕاستی موبەقە تاریکەکەوە خۆی گەیاندە لای پەنجەرەکە. باپیرە لەوێدابوو، بەتوێی دەرپێیەکی ژێرەوە لەسەر کورسیەک دانیشتبوو و سەری لە پەنجەرە کراوەکەوە بردبووە دەرەوە و گوێ قوڵاغبوو بوو. میشاش گوێی هەڵخست، لە بێدەنگی ئەو شەوەدا بەئاشکرا گوێی لە تەقەی تفەنگبوو لە دوری ئاواییەوە، سەرەتا تاک و تەرا و پاشان بوو بە دەستڕێژ.

تەق! تەق! تەق!

دەتوت بزمار دادەکوتن.

میشا ترسا، خۆی نوساند بە باپیرەیەوە و لێیپرسی؛

ـ ئەوە باوکمە تەقە دەکات؟

باپیرە نقەی نەکرد، دایکە سەرلەنوێ دەستیکردەوە بە گریان و کڕوزانەوە.

تەقە تابەیانی بەردەوامبوو.

تاریک و ڕون خامۆشی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا ڕاکێشا، میشا لەسەر مێزەکە خۆی گرمۆڵەکرد و خەوێکی قورس دایگرت.. ئەوەندەی نەبرد چەند سوارێک پەیدابوون و بەغار بەرەو بارەگای ئەنجومەنی دێ چوون. باپیرە میشای خەبەرکردەوە و بەپڕتاو چووە حەوشە، ستونێک دوکەڵی ڕەش لە بینای ئەنجومەنی دێ بەرزبۆوە و کڵپەی ئاگر شاڵاوی بەرەو بیناکانی دەوروبەریشی برد. سوارەکان بەشەقامەکاندا دەهاتن و دەچوون، یەکێکیان نزیک حەوشە بۆوە و بەڕوی باپیرەدا نەڕاندی؛

ـ پیرەمێرد، ئەسپت هەیە؟

ـ بەڵێ..

ـ لە عەرەبانەیەکی ببەستە و بچۆ لاشەی شیوعیەکانتان لەو دەشتە بهێنەرەوە و بەکەس و کاریان بڵێ بیان نێژن.





باپیرە بەپەلەپڕوزکێ "سافراسکا"ی لە عەرەبانەکە بەست و بەدوو دەستی لەرزۆکی جڵەوەکەی گرت و بەنەرمەغار و لۆقە دورکەوتەوە.

قیژەقیژ و هەراوهوریا لەسەرتاسەری دێیەکەدا بڵاوبۆوە.

چەتەکان کا و ئالیفی کایەنەکانیان تاڵان دەکرد. مەڕ وماڵاتیان سەردەبڕی. یەکێکیان لەنزیک ماڵی "ئەنیسیموفنا"وە لەئەسپەکەی دابەزی و خۆی کرد بە ژوردا. میشا گوێی لە زریکەی ئەنیسیموفنا بوو. چەتەکە بازی دایە باڵکۆنەکە، تەق و تۆقی شمشێرەکەی لاقەدی دەهات، دانیشت و جزمەکانی داکەند، پوزەوانە پیس و پۆخڵە شڕەکانی فڕێدا و شاڵە جوانە تازەکەی ئەنیسیموفنای بەشمشێرەکەی کرد بە دوو کەرتەوە و پێچای لە هەردوو قاچیەوە.

میشا چووە ژورەوە و سەری ئاخنیە ژێر بالیفەکە و هەڵنەسا تا گوێی لە جیڕەی دەرگای دەرەوەبوو، ئینجا هەستا و چووە دەرەوە، باپیرەی بینی ڕیشی بە فرمێسک تەڕبووە، جڵەوی ئەسپەکەی گرتووە و خۆی دەکات بە حەوشەکەدا.

لەناو عەرەبانەکەدا پیاوێک بەپێی پەتی پاڵ کەوتبوو، هەردوو دەستی بەملاولادا درێژ بووبوون.. خێرا خێرا سەری دەیکێشا بەتەختەی عەرەبانەکەدا و خوێنێکی ڕەشی خەست لەناو عەرەبانەکەدا بڵاوبووبۆوە. میشا بەلارەلار لە عەرەبانەکە نزیکبۆوە و ڕوانیە پیاوەکە. دەموچاوی بەزەبری شمشێر چەشنی خاچ قاشکرابوو، ددانەکانی دەرکەوتبوون و ڕومەتێکی لێبووبۆوە و بەداوێک پێستی باریک بە ئێسکی چەناگەیەوە مابۆوە، مێشە سەگانەیەکی سەوزی گەورە بەسەر چاوە دەرپۆقیوە خوێناویەکەیدا دەسوڕایەوە و دەنیشتەوە. میشا لەترسا هەڵدەلەرزی. لە پێشاندا لە هیچ تێنەگەیشت هەتا جوان چاوی بەتەرمەکەدا گێڕا، هەرکە کراسە دەریاوانیە شین و سپیە میلدارە خوێناویەکەی بینی، ڕاچەنی، دەتوت یەکێک لەپڕێکا لەپشتەوە تێی سرەواندووە، جارێکی تر بە دووچاوی زەقکراوەوە ڕوانیەوە دەموچاوە ڕەش داگیرساوە بێجوڵەکە و قیژاندی و خۆی هەڵدایە سەر عەرەبانەکە.

ـ بابە.. بابە هەستە.. بابە گیان!





کەوتە خوارەوە، ویستی ڕابکات بەڵام قاچی لەدوای نەهات، بە گاگۆڵکێ خۆی گەیاندە هەیوانەکە و لەوێ کەوت بەدەما. دەموچاوی لەناو خۆڵەمێشدا نوقمکرد.

* * *

چاوی باپیرە بەقوڵدا چووبوو، سەری دەلەرزی و بێئەوەی دەنگی لێوەبێت لێوی دەجوڵاند. ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگی دەستی هێنا بەسەری میشادا، سەیرێکی دایکەی کرد کە دەمەوڕو کەوتبوو و دەموچاوی لەناو بالیفەکەدا نوقمکردبوو و بەچرپە وتی؛

ـ وەرە کوڕی خۆم با بچین بۆ حەوشە.

دەستی میشای گرت و بردیە هەیوانەکە، کە بەبەردەم ژورەکەی تردا تێپەڕین میشا هەردوو چاوی توند نوقاند و لەرزی؛ باوکی ئارام و بێدەنگ لەسەر سیسەمەکە پاڵکەوتبوو، پەڵە خوێنەکانی لەشی شۆردرابوون، بەڵام ئەم چاوە خوێناویەکەی و مێشە سەگانە سەوزە گەورەکەی هاتەوە بەرچاو و هەرلەچاوی ون نەدەبوو.

باپیرە ماوەیەکی زۆر خەریکی لێکردنەوەی گوریسی سەتڵی ئاوهەڵکێشانی بیرەکەبوو، پاشان خۆیکرد بە

تەویلەکەدا و ملی "سافراسکا"ی گرت و هێنایە دەرەوە. بە قۆڵی چاکەتەکەی کەفی لالخاوی ئەسپەکەی سڕی و بەهێواشی لخاوەکەی کردە دەمی و گوێی هەڵخست گوند پڕبوو لە هات و هاوار و قاقالێدان.

دوو چەتە بەسواری ئەسپەوە بەبەردەم ماڵیاندا تێپەڕین. ئاگری دوو جگەرە لە تاریکیەکەدا دەبریسکانەوە، یەکێکیان وتی؛

ـ پیشانمان دان.

ـ ئازوقە کۆکردنەوەمان پیشان دان. لەو دنیا تێدەگەن کە بۆیان نیە دانەوێڵەی خەڵک بدزن.

کە دەنگی سمی ئەسپەکان نەما باپیرە دانەویەوە و بەگوێی میشادا چرپاندی؛

ـ من زۆر پیرم، ناتوانم سواری ئەسپ ببم.. کوڕی خۆم تۆ سواردەکەم پشت بەیەزدان بچۆ بۆ دێی "برونین" ڕێگاکەت نیشان دەدەم.. ڕەنگە ئێستا ئەو سەربازانەی کە بەتەپڵ و مۆسیقاوە لێرەوە تێپەڕین لەوێ بن.. پێیان بڵێ بێن بۆ ئێرە چەتەی لێیە! تێگەیشتی؟

میشا بێدەنگ سەری لەقاند. خستیە سەر پشتی ئەسپەکە، هەردوو قاچی بە گوریسی سەتڵەکە بەست





بەزینەکەوە بۆئەوەی نەکەوێت. جڵەوی ئەسپەکەی گرت و لەلای کادێنەکەوە بەتەنیشت گۆمەکەوە و بەپشتی پاسەوانە چەتەکاندا تێپەڕین و گەیشتنە چۆڵەوانی.

ـ ئەو کەندەڵانە دەبینی کە باراناو چاڵی کردووە؟ ڕێک بەتەنیشتیدا بڕۆ، بەهیچ لایەکدا لانەدەی، یەکسەر دەگەیتە دێیەکە. دەی باوکەکەم خوات لەگەڵ..

باپیرە میشای ماچکرد و بەئەسپایی بەلەپی دەست کێشای بە پاشەڵی "سافراسکا"دا.

مانگە شەوە و دنیا ڕوناک.. سافراسکا هێواش هێواش کەوتە ڕێ، جارجار مرخەیەکی دەکرد، سوارەکەی سەر پشتی هێندە سوکبوو جارجار هەنگاوەکانی خاوەدەکردەوە.. میشاش یان جڵەوەکەی ڕادەتەکاند یان دەیکێشا بەلاملیدا، ئیتر ئەویش دەکەوتە لۆقە و پاشانیش نەرمەغار.

سوێسکە لەناو پەڵە گەنمە گوڵکردووە سەوزە چروپڕەکاندا بەدەنگێکی خۆش دەیانخوێند. بەبنی کەندەڵانەکەدا جۆگەلەیەکی باریکی ئاوی کانی بەرەوخوار دەبۆوە، کزەبایەکی سارد هەڵیکردبوو. میشا تاک و تەنها دەشتە کاکی بەکاکیەکانی دەبڕی، هەستی بەترس کرد.. باوەشی کرد بەملی گەرمی سافراسکادا و وەکو پارچەیەک

گۆشت و ئێسقانی پچوکی لەسەرمادا هەڵلەرزیوو توند توند خۆی نوساند بەلاملی گەرمی ئەسپەکەوە.

ڕێگاکەی بەسەر گردۆڵکەیەکدا بەرزدەبۆوە، پاشان کەمێک سەرەولێژی و دوایی هەڵدەکشایەوە. میشا نەیدەوێرا ئاوڕبداتەوە، لەبەرخۆیەوە ورتە ورتی دەکرد بۆئەوەی بیر لە هیچ نەکاتەوە و ترسەکەی بڕەوێتەوە. چاوی نوقاند، بێدەنگیەکی قورس گوێیەکانی ئاخنی.

لەپڕ سافراسکا سەری بادا و مرخەیەکی کرد و ڕۆیشتنەکەی خێراترکرد. میشا چاوی کردەوە، لەخوارەوە لەدامێنی گردەکەدا کزەکز چرای ماڵەکانی دێیەکە دەسوتان، با دەنگی وەڕینی سەگی دا بەگوێیدا.

بۆ ماوەیەکی کورت تینی گەرمی شادی دڵی میشای گەرمکردەوە. بەپاژنەی پێ لەلاقەبرغەی ئەسپەکەی وەژاند و هاواریکرد؛

ـ دەی!

سەگ وەڕ تادەهات نزیکتر دەبۆوە، لەسەر یالێکەوە تارمایی ئاشێکی هەوایی لێدەرکەوت، دەنگێک لەناو ئاشەکەوە تێیخوڕی؛

ـ زەلام کێیت؟





میشا بێئەوەی وەڵام بداتەوە سافراسکای بەرەو پێشتر تاودا. کەڵەشێری دێ دەستیانکرد بە خوێندن.

ـ ڕاوەستە! کێیت زەلام؟ تەقەدەکەم!

میشا ترسا، توند جڵەوەکەی ڕاکێشا بەڵام سافراسکا هەستی بەنزیک کەوتنەوەی ئەسپی تر کردبوو و بۆنی کردبوون، بێئەوەی گوێ بداتە جڵەو ڕاکێشانەکە حیلاندی و دایە غار بەرەوپێشەوە.

ـ ڕاوەستە!

لەنزیک ئاشەکەوە چەند تەقەیەک کرا. قیژەی میشا لەناو تەقەی سمی ئەسپەکەدا ونبوو. سافراسکا قرخاندی و هەستایە سەر پاشوو و بەلاداهات و لەسەر لای ڕاست تەختی زەوی بوو.

میشا دەمودەست هەستی بەئازارێکی کوشندەکرد لە قاچیدا. هاوار لە نێوان لێوەکانیدا وشکبوو. تادەهات قورسایی لەشی سافراسکا زیاتر قاچی ئازاردەدا.

دەنگی سمی ئەسپی لێ نزیکبۆوە، دوو سوار دەرکەوتن و لێی چوونە پێشەوە، لەکاتی دابەزینیاندا شمشێرەکانی کەمەریان تەق و تۆقیان بوو، بەسەر میشادا دانەوینەوە؛

ـ ئای.. ئەوە خۆ منداڵێکی بچوکە!

- تۆ بڵێیت کوشتبێتمان؟!

یەکێکیان دەستی خستە ژێر کراسەکەیەوە، بۆنی دوکەڵی جگەرە بە بەر لوتی میشادا هات.

دەنگێک بە خۆشیەوە وتی؛

- ماوە! وادیارە ئەسپەکە لاقی شێلاوە.

میشا لەنێوان هۆشیاری و بێهۆشیدا بوو بەدەنگێکی نزم وتی؛

- چەتە لە گوندەکەمانن.. باوکمیان کوشت.. بارەگای ئەنجومەنیان سوتاند.. باپیرەم فەرمانی پێدام کە بەزوترین کات بگەمە لاتان و پێتان بڵێم..

پاشان بەرچاوی لێڵبوو، بازنەی ڕەنگاوڕەنگ بەبەرچاویدا دەخولانەوە.. باوکی بەبەرچاویدا ڕەتبوو، بەدەم پێکەنینەوە سمێڵە سورەکەی بادەدا، مێشە سەگانەیەکی سەوزی گەورەش بەسەر گلێنەی چاویەوە نیشتبۆوە.. باپیرەی بە بەرچاویدا تێپەڕی سەرێکی سەرزەنشتکردنی لێڕاوەشاند.. پاشان دایکی و دوای ئەویش پیاوێکی کورتەباڵای ناوچەوان پان تێپەڕی، دەستی ڕاکێشابوو، ڕایکێشابوو بۆ ئەم، بۆ میشا.

میشا هەوڵیدا سەرهەڵبڕێ، بانگی لێکرد؛





- هاوڕێ لینین!

و زەردەخەنەیەک هاتە سەرلێوی و دەستی درێژکرد بۆ پێشەوە.

**1925**

## خوێنی بێگانە

یەکەم بەفر لەڕۆژی یەکەمی جەژنی "گەڕانەوەی مەسیح"دا باری. شەوێ لەلابەلای "دۆن"ەوە با هەڵیکرد، پوش و پەڵاشی ئەو دەشتەی هێنایە خشەخش، بەفری قەراغ جادەکانی چین چین لەسەریەک هەڵچنی و ملە و بەرزایی زەویە شەختەکردووەکانی دەلستەوە و ڕوتی دەکردنەوە.

شەوی هێمن و ئارام گوندەکەی لەتاریک و ڕونێکی سەوزباوەوە پێچابوو. لەوپەڕی مەزراکانەوە، دەشت، جاڕەکان لەژێر گژوگیا کێویلە باڵابەرزەکانەوە وەنەوزیان دەدا و خەو دەیبردنەوە.

نیوەی شەو ڕاشکابوو. لەهەردێکی نزیکەوە لورەی گورگێک هاتە بەر گوێ، سەگەلی دێ بە حەپەحەپ وەڵامیان

دایەوە و "گاڤریلا **Gavrila**"ی پیرەمێرد بەخەبەرهات. لنگی بەسەر سۆپاکەدا شۆڕکردەوە و دەستی گرت بە دوکەڵکێشەکەوە و قرخەقرخ کەوتە کۆکین. کە لێ بۆوە بەڵغەمێکی فڕێدا و دەستیبرد بۆ کیسە توتنەکەی.

هەموو شەوێک، دوای ئەوەی یەکەم کەڵەشێر دەقوقێنێ پیرەمێرد خەبەری دەبێتەوە، ڕاست دەبێتەوە و دەستدەکات بە جگەرەکێشان و کۆکین و قرخەقرخکردن و بەڵغەم فڕێدان. لەماوەی میان کۆکین و پشو پیاهاتنەوەکانیشیدا کۆمەڵێک بیر و خەیاڵ شارەزایانە ڕێچکە هەمیشەییەکانی خۆیان بەناو مێشکیدا تەی دەکەن و گوزەردەکەن. ئەو بیرانەش هەر هەموویان پەیوەندی بە کوڕەکەیەوە هەیە، کوڕەکەی کە چووبوو بۆ شەڕ و ئیتر نەگەڕابۆوە.

تاقانەی بوو، یەکەم کوڕ و دوا کوڕی بوو. گاڤریلا لەپێناوی ئەو کوڕەیدا بێئەوەی جاڕزبووبێت چەندین سەعاتی دابووە دەم یەک و کاری کردبوو. کاتێ کە وەختی ئەوەی هاتبوو ڕەوانەی جەبهەی بکات بۆ شەڕکردن دژی سورەکان، دوو گاجوتی بردبوو بۆ بازاڕ فرۆشتبوونی و لای "کالیمیک"یەک (**Kalmyk**"*؛ ناوچەیەکی نزیک "کوبان") ئەسپێکی ڕەسەنی بۆ کڕیبوو. ئەسپ ئەسپ نەبوو، غەزەب





بوو، ڕەشەبایەک بوو بۆ خۆی. سنوقێکی دەرهێنابوو، لخاو و جڵەو و زینێکی بەتەرەقەی زیو نەخشێنراوی کە لە باپیریەوە بەمیراتی بۆ مابۆوە، دەرهێنابوو و لەکاتی خواحافیزیدا پێی وتبوو؛

ـ ئێ، "پیترۆ **Petro**" ئەوەتا زۆر بەرێک و پێکی هەموو شتێکم بۆ ئامادەکردوویت، ئەفسەرێکیش هەروەکو ئێستای تۆ ئامادە دەکرێت. وەکو باوکت خزمەتی سوپای قۆزاق بکە و ئاگات لەخۆت بێت "دۆن"ی ئارام لەخۆت نەڕەنجێنی و ئابڕوی نەبەیت. باپیرانت و باپیری باپیرانت تا توانیویانە خزمەتی قەیسەرەکانیان کردووە. دەبێ تۆش وابکەیت و درێخی نەکەیت لە خزمەتیان.

وا ئێستاکەش گاڤریلای پیرەمێرد لەپەنجەرەیەکەوە سەیری دەرەوە دەکات، دنیا لەژێر تریفەی مانگە شەوەکەدا سەوز دەنوێنێت. گوێی لە وژەی ئەو "با"یە گرتووە کە لە حەوشەکەدا خولدەخوات و بەدوای شتێکدا دەگەڕێ و دەستی ناکەوێت. ئەو ڕۆژانە دەهێنێتەوە یاد خۆی کە ئیتر بۆ هەتاهەتایە لەدەستی چوون.

لەکاتی بەرێکردنی کوڕەکەیدا، قۆزاقیەکان بە گۆرانیەکی قۆزاقی کۆن سەققە حەسیر تێگیراوەکەی ماڵی گاڤریلایان هێنایە لەرزە؛

"ئێمە دەجەنگین و ڕیزەکانمان هەرگیز تێک ناچن
گوێڕایەڵی فەرمانین و هەقی هیچی ترمان نیە
بەفەرمانێکی فەرماندەکانمان، باوکانمان

سواردەبین، غاردەدەین، دەکوژین،دەبڕین و دەجەنگین"

پیترۆ زۆر سەرخۆشبوو، لا لا موی دەکرد. دانیشت هێندە ڕەنگی پەڕیبوو دەتوت شین هەڵگەڕاوە، پاشان پێشئەوەی سواری ئەسپەکەی بێت دوا پێکی فڕکرد. هێندە ماندووبوو خەریکبوو چاوی دەنوسا، بەڵام زۆر بەرێک و پێکی لەسەر زینەکە دانیشت. شمشێرەکەی لاقەدی ڕێک کرد. لەسەر زینەکەوە دانەویەوە و چنگێ خۆڵی لەزەوی هەڵگرتەوە و لەگەڵ خۆیدا بردی. ئاخۆ ئێستاش لەژێر چ خاکێکدایە؟ لەو وڵاتی غەریبایەتیە چ خۆڵێک سینەی گەرم دەکاتەوە؟

کۆکینەکەی پیرەمێرد وشک و تولانیبوو، خیزەی سنگی دەهات و قرخە و ئاهو ناڵەی سەردەدا، و کاتێ کە جارجار کۆکە وازی لێدەهێنا پشویەکی وەبەردەهاتەوە، خۆی دەدا





بەسەر دوکەڵکێشی زۆپاکەدا و هەمان بیرەوەریە هەمیشەییەکانی بەمێشکدا تێدەپەڕین.

* * *

مانگێک پاش دوا دیداری گاڤریلای پیر و کوڕەکەی، سورەکان هاتن و بەپێی داب و نەریتە پیرۆزە ڕەگ وڕیشە داکوتاوەکانی قۆزاقیەکان، وەکو کۆمەڵێک دوژمن خۆیان کوتایە ناو ژیانی قۆزاقیەکانەوە و وەک چۆن گیرفانێکی بەتاڵ هەڵدەگێڕیتەوە، بەو شێوەیە ژیانی پیرەمێردیان هەڵگێڕایەوە.

لەولاوە پیترۆ لەو بەری "دۆن"ەوە، ئازایانە دەجەنگا و یەک لەدوای یەک نیشانەی ئازایەتی وەردەگرت و پلەی بەرزدەبۆوە. لەم لاشەوە لەم بەری "دۆن"ەوە، لە گوندەکەدا، گاڤریلا چۆن کاتی خۆی پیترۆی بچکۆلەی قژ زەردی بەخێودەکرد و دەیلاواندەوە و پەروەردەی دەکرد، بەهەمان شێوە ڕق و کینەی خۆی بەرامبەر بە سورەکان، بەو بێگانە تازە پیاکەوتوانەی کە لەلابەلای مۆسکۆوە هاتبوون، پەروەردە دەکرد _ڕق و کینەی ڕیشە داکوتاوی ناو ناخی پیرەمێردێک_

بەئەنقەست پانتۆڵی کورتی قۆزاقی لەپێدەکرد کە دوو ڕاستە قوماشی سوری وەکو دووخەتی بەدەزوی ڕەش پێوە دورابوو و نیشانەی سەربەستی قۆزاقیەکان بوو. هەروەها قەمسەڵەی قۆزاقی کەپڕ لە زەخرەفەی پرتەقاڵی بوو و تایبەتبوو بە گاردی قەیسەر و سەر شانەکانی نیشانەی "ڕەئیس عورەفا"یان پێوەبوو، لەبەردەکرد چونکە کاتی خۆی لە گاردی قەیسەردا خزمەتی کردبوو.

ڕۆژانی یەکشەممە کە دەچوو بۆ کڵێسا، بەپێ دەڕۆیشت و بەئەنقەست دوگمەی سەرەوەی قەمسەڵەکەی دەترازاند بۆئەوەی مەدالیا و خاچ و نیشانەکانی سەر سنگی دەرکەون کە کاتی خۆی لەبەرئەوەی خزمەتی قەیسەری کردبوو وەریگرتبوون، بۆ ئەوەی هەموو کەس بیانبینێت.

ڕۆژێکیان سەرۆکی ئەنجومەنی دێ پێیوت؛

ـ باپیرە واز لەم قایش و قروشە بێنە! ئەمانە ئیتر باویان نەماوە.

گاڤریلای پیرەمێرد وەک فیشەکەشێتە گرێگرت و وەڵامی دایەوە؛

ـ تۆ چیت؟ تۆ هەقی ئەمانەت چیە؟ قابیلە تۆ ئەمانەت داومەتێ تا دەربارەیان ئەمرم پێبکەیت؟





ـ وابزانم ئەوەی ئەمانەی داویتێ دەمێکە بۆتە خۆراکی کرم.

ـ با کرم خواردبێتی!.. من ئەمانە لا نابەم، تۆش ناتوانیت بەزۆر پێم لابەریت، مەگەر ئەو کاتەی بمرم بتوانیت لێمی بستێنی.

ـ کەیفی خۆتە، من بۆ خۆتمە، حەزدەکەی پێیانەوە بنو، بەڵام من مەبەستم سەگەلی ئاواییە، دەترسێم پەلاماری پانتۆڵە ڕەنگاوڕەنگەکەت بدەن. ناهەقیشیان نیە بەستەزمانانە دەمێکە لەو شێوەیەیان نەدیوە، ڕەنگە وابزانن خەڵکی ئەم دێیە نیت.

ئەو پلارە لە ژاڵە تاڵتربوو، نیشانە و مەدالیاکانی لابرد، بەڵام پلارەکە تادەهات وەکو گژوگیای بێکەڵک لەناخیدا گەورەتر و قەبەتردەبوو تاوایلێهات خۆی دەدا لە قەرەی ڕق و کینە و قێزهاتنەوە. کوڕەکەی لەدەست چووە، ئیتر کەس نەماوە لەپێناویدا کاروکاسبی بکات و شتێکی بۆ لابدات. گەنجینەکان داڕماون، وڵاخەکان تەویلەکانیان کاولکردووە. دارەڕاکانی بنمیچی گەوڕی گوێرەکەکان کە بەهۆی باوبۆران وکرێوەوە درزیان بردبوو خەریکبوون دادەڕزان.

ئاخوڕە بەتاڵەکان بووبوونە جێگای جرت و فرت و تەراتێنی مشک.

کەمپاینەکە لەژێر کەپرەکەدا تادەهات زیاتر ژەنگ تێیدەدا. قۆزاقیەکان زۆربەی ئەسپەکانیان بردبوو، ئەوانەش کە مابوونەوە سورەکان بردبوویان بۆ بێگار و تەنها یەک ئەسپیان بۆ هێشتبۆوە. چوار پەل ئەستورێکی گوێ قوت بوو، دەمەو پایز چەتەکانی "ماخنو" هەروا بەلاش و حەلاش ئەویشیان لەدەست دەرهێنابوو و بردبویان. جوتێ "گێترە"ی (*گێترە؛ وەکو پوزەوانەیە. لەشکری سپی لەلایەن بێگانەوە بەتایبەتی ئینگلیزەوە یارمەتی دەدرا) ئینگلیزیان لەجیاتیدا بۆ بەجێهێشتبوو، عەدەد ڕەشاشەکەیان چاوێکی لێداگرتبوو و پێی وتبوو؛

ـ باپیرە، قەیناکات، باخێر و بەرەکەتەکەمان بۆ تۆ بێت، هەروا سوک و ئاسان خۆتی پێ دەوڵەمەند بکە.

ساڵەهای ساڵە چی کۆکردبۆوە هەمووی لەدەست چووبوو. توانای ئیشکردنی نەمابوو.

بەڵام کە بەهار هات و هەستیکرد زەوی نەکێڵراوی ژێر پێی زیزومات و خامۆش ڕاکشاوە، ناڵەی بێدەنگی زەوی، شەوانە خەوی لەچاو دەتاراند و بانگی دەکرد و بەرەولای





خۆی فریوی دەدا، تا چیتر لەتوانایدا نەما و لەوە زیاتر خۆی پێڕانەگیرا، هەوجاڕەکەی لە دوو گاجوتەکەی بەست و بەنوکی پۆلاینی گاسن زەویەکەی کێڵا و لە منداڵدانە تێر نەخۆرەکەیدا چاکترین تۆوی گەنمی وەشاند.

قۆزاقیەکان لە دەریاوە و لەوپەڕی دەریاوە گەڕانەوە ماڵەوە. بەڵام کەسیان نەیاندەزانی پیترۆ چی بەسەرهاتووە. هەریەکە و لە جەبهەیەک و لە تیپێک خزمەتیان کردبوو ـئێ وایە ڕوسیا تابلێی گەورەیە_ دەنگ وابوو کە تیپەکەی پیترۆ لەشوێنێک نزیک "کوبان"ەوە (*"Kuban" ناوچەیەکە لە باکوری قەفقاس) لەگەڵ سورەکان بەشەڕ هاتبوون و هەر هەموویان کوژرابوون.گاڤریلا بەدەگمەن لەگەڵ ژنەکەیدا باسی کوڕەکەیانی دەکرد. شەوانە گوێی لە فینگە فینگ و هەنسک هەڵدانی پیرەژن دەبوو.

قوڕگی پاک دەکردەوە و لێی دەپرسی؛

ـ چیتە پیرەژن؟

پیرەژن کەمێک بێدەنگ دەبوو، پاشان وەڵامی دەدایەوە؛

ـ وابزانم زۆپاکە دوکەڵ دەکات، سەرم دێشێ.

ئەویش وا خۆی نیشاندەدا کە گوایە هۆی گریانەکەی نازانێت، پێی دەوت؛

ـ تۆزێک ئاوی خەیارشۆر بخۆرەوە. بچم لەژێرزەمینەکە بۆت بێنم؟

ـ بنو.. خۆی چاک دەبێت.

و جارێکی تر تەونی نادیاری بێدەنگی بۆشایی ژورەکەی دەتەنی. مانگ بەفیزەوە لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێتە ژورەوە و بە بینینی غەمێکی تر شاد دەبێت، غەمێک کە دڵی دایکێک دەکات بەئاو.

لەگەڵ ئەوانەشدا هەر چاوەڕێبوون و بەهیوای گەڕانەوەی کوڕەکەیان بوون.

کاتێک گاڤریلا ویستی پەستەکێک لە پێستی مەڕ دروستبکات، ڕوی کردە ژنەکەی و وتی؛

ـ خۆمان هەر چۆنێک بێت هەڵدەکەین، بەڵام کە پیترۆ هاتەوە چی لەبەرکات؟ زستان بەڕێوەیە، ئەبێ پەستەکێکی بۆ ئامادەکەین.

بەو شێوەیە پەستەکێکیان بەئەندازەی پیترۆ دروستکرد و لە سنوقدا بۆیان هەڵگرت، هەروەها جوتێک چەکمەی





ئیشکردنیشیان بۆ ئامادەکرد بۆ پاکردنەوەی گەوڕی وڵاخەکان.

پیرەمێرد زۆر پارێزگاری جل و بەرگە شینە سەربازییەکانی خۆی دەکرد، بۆ ئەوەی مۆرانە تێی نەدات کەمێک توتنی پێدا پرژاند.

بەرخێکیان سەربڕی گاڤریلا لەفەروەکەی تەپلەیەکی خوری دروستکرد و هەڵیواسی بە مێخێکدا و هەر کە لەدەرگای حەوشە دەهاتە ژورەوە و تەپلەکەی دەدی ڕادەما و لەجێی خۆی وشکدەبوو، دەتوت چاوەڕێی ئەوە دەکات پیترۆ لە ژورەکەی بەرامبەریەوە بێتە دەرەوە و بەدەم زەردەخەنەوە لێی بپرسێت؛

ـ بابە دەرەوە ساردە؟

پاش دوو ڕۆژ، دەمەو خۆرئاوایەک چوو گەوڕ بماڵێت و هەندێک وێنجەی وشک بکاتە ناو ئاخوڕەکەوە و بچێت لەبیرەکە ئاو هەڵگۆزێت، بیریکەوتەوە کە دەستکێشەکانی نەهێناوە. گەڕایەوە بۆئەوەی بیانهێنێ، دەرگای ژورەکەی کردەوە، پیرەژنەی بینی لەتەنیشت سیسەمەکەوە چۆکی داداوە تەپلەکەی کە هەرگیز پیترۆ نەیکردبووە سەری توند نوساندبوو بە سنگیەوە و وەکو منداڵی ساوا ڕایدەژەنی.

دنیا لەبەرچاوی پیرەمێرد تاریکبوو، وەک دڕندە شاڵاوی بۆ ژنە برد، بە مشتەکۆڵەیەک تەختی زەوی کرد، و بەدەم سڕینی کەفی لاشەویلگەیەوە قیڕاندی بەسەریدا؛

ـ بەسە ئاخرشەڕ، چیتە بۆ وا دەکەیت؟

تەپلەکەی لەدەست سەند و فڕیدایە ناو سنوقەکەوە و قفڵی دا.

ماوەیەک پاش ئەو ڕوداوە هەستیکرد چاوی چەپی پیرەژن پرتەپرت دەکات و دەمیشی کەمێک خواربووە.

ڕۆژانی هەفتە و هەفتەکانی مانگ وەکو چۆن ئاوی "دۆن" لە پایزدا سەوز و ڕون و تیژ تێدەپەڕی ئاوەها بەخێرایی و بەسادەیی تێدەپەڕین. ڕۆژێک ئاوی گۆلاوەکان بەستبوویان. پۆلێک قولێنگی لە کۆچ دواکەوتوو بەئاسمانی گوندەکەدا تێپەڕین. عەسری هەمان ڕۆژ کوڕی دراوسێکەیان هەواڵێکی بۆ هێنان بۆماڵەوە. کوڕە بەپڕتاو خۆی کرد بەژووردا، بەرامبەر پەیکەرەکەی حەزرەتی مەسیح ڕاوەستا، نیشانەی خاچی کێشا و سڵاوی کرد؛

ـ ڕۆژباش.

ـ ڕۆژباش.





ـ باپیرە، بیستووتە؟ "پروخور لیخوڤیدوڤ Prokhor Likhovidov" لە تورکیاوە گەڕاوەتەوە. لەو تیپەدابووە کە پیترۆی ئێوەی تێدا بووە.

گاڤریلا سەرتاسەری کۆڵانەکەی بەڕاکردن بڕی. لە پەلەپەلی و لەتاو کۆکە خەریکبوو لەپەل و پۆ بکەوێت، کە گەیشتە ئەوێ هەناسەبرکێی پێکەوتبوو، کەچی پروخور لەماڵ نەبوو، چووبوو بۆ گوندەکەی نزیکیان بۆ سەردانی براکەی و بەڵێنی دابوو سبەی بێتەوە.

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی گاڤریلا، تابەیانی تلیدا دەتوت لەسەر پشکۆی ئاگرە.

پێشئەوەی ڕۆژ بێتەوە، فانۆسەکەی داگیرساند و دەستیکرد بەپینەکردنی بنی کلاشە لبادەکانی.

کازیوەی ڕەنگ زەرد، لە ئاسۆی شینی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەبەیانی ڕۆژێکی تری ڕاگەیاند.

مانگ هێشتا بەئاسمانەوە وەنەزی دەدا، و توانای ئەوەی نەمابوو کە چەند هەنگاوێکی تر بڕوات و خۆی بگەیەنێتە ئاستی پەڵە هەورەکان و خۆی بشارێتەوە.

* * *

پێشئەوەی بەرچایی بکەن گاڤریلا لە پەنجەرەکەوە ڕوانیە دەرەوە کەچاوی بە پروخور کەوت لەبەرخۆیەوە وتی؛

ـ پروخور هات.

هاتە ژورەوە، بەهیچ شێوەیەک لە قۆزاقی نەدەچوو، شێوەی لە بێگانە دەچوو. جوتێک پۆستاڵی ئینگلیزی جیرەجیرکەری نوک ئاسنی لەپێدابوو، پاڵتۆیەکی دەڵبی لەبەردابوو، لەوەدەچوو بەبەری خۆی نەدورابێت.

ـ سڵاو گاڤریلا ڤاسیلیچ، چۆنیت؟

ـ پەنا بەخوا، سەرباز! فەرمو وەرە ژورەوە دانیشە.

پروخور شەپقەکەی داگرت و سڵاوی لە پیرەژنکرد و لە سوچێکدا لەسەر کورسیەک دانیشت.

ـ چ هەوایەکە! ئەم بەفرە هەموومانی کردۆتە کونەوە، ڕێگا و بانی بەجارێک گرتووە.

ـ وایە، ئەمساڵ بەفر زوو باری.. ساڵانی پێشوو ئەم حەلانە هێشتا گاگەل هەر لە دەشت دەلەوەڕێنرا.

پاش ئەوە بێدەنگیەکی جاڕزکەر ژورەکەی تەنی، تا گاڤریلا کە بەڕوکەش واپێدەچوو هێمن و خۆڕاگرتووبێت وتی؛





ـ کوڕە لاو، لەو غەریبایەتیە پیر بوویت!

پروخور خەندەیەکی کرد و وتی؛

ـ گاڤریلا ڤاسیلیچ ئەو غەریبایەتیە هیچی لێنیە مرۆڤ گەنج بکاتەوە.

پیرەژن هەوڵیدا باسی کوڕەکەیان بێنێتە پێشەوە وتی؛

ـ ئەی پیترۆی کوڕمان، چی..

بەڵام گاڤریلا قسەکەی پێبڕی؛

ـ بێدەنگ بە ئافرەت! بهێڵە پیاوەکە پشویەکی بەبەردا بێتەوە. لەو ساوە لەناو سەهۆڵبەنداندایە. دوایی کاتی ئەوەش دێت چیت بوێت پێی بڵێی. پاشان ڕویکردەوە میوانەکەی و وتی؛

ـ ئێ پروخور ئیگناتیچ، بڵێ بزانم ژیانی تۆ چۆن بوو؟

ـ شتێکی وانەبوو کە شانازی پێوەبکەم، بەردەوام وەکو سەگی شەل هەڵپەم بوو بگەمەوە وڵات، باشبوو لەخوا بەزیادبێت هەرچۆنێکبوو وا گەیشتمەوە.

ـ تێدەگەم.. کەواتە ژیانت لەناو تورکەکاندا سەخت بووە؟

ـ بە هەزار فەلاکەت خۆمان قورتارکرد و لەبرساندا نەمردین.

و بەسەری پەنجە دەیکێشا بە مێزەکەدا و درێژەی بەقسەکانیدا؛

ـ گاڤریلا ڤاسیلیچ تۆش زۆر پیربوویت پەکت کەوتووە، سەرت تەواو ماش و برنج بووە، ئێ بلێ بزانم ئێوە لێرە لەگەڵ دەسەڵاتی سۆڤێتدا لە چیدان؟ حوکمەتی تازە چۆن دەبینن؟

ـ من چاوەڕوانی کوڕەکەمم، چاوەڕێم بێتەوە بمانژیەنێت، ئێمە پیر بووین.

گاڤریلا ئەوەی وت و زەردەخەنەیەکی خواروخێچی هاتە سەرلێو.

پروخور بەپەلە چاوی لێ لادا، گاڤریلا هەستی پێکرد و ڕاستەخۆ لێی پرسی؛

ـ ڕاستمان پێبلێ، پیترۆ لە کوێیە؟

ـ یانی تا ئێستا نەتانبیستووە؟

ـ زۆر هەواڵ و باس و خواسی جۆراوجۆرمان بیستووە.

پروخور ڕیشاڵە چڵکنەکانی ڕوپۆشی سەرمێزەکەی لە پەنجەیەوە ئالاند و ماوەیەک خۆی بەوەوە خافلاند، پاشان هاتە قسە و وتی؛





ـ وابزانم کانونی دووەم بوو.. ئا، بەڵێ کانونی دووەم بوو تیپەکەمان نزیک شاری "نوڤوروسیک Novorossiisk" جێگیر بووبوو، شارێکی سەر دەریایە. ئێمەش لەوێ جێگیر بووبووین و ژیانمان ئاسایی و..

گاڤریلا سەری هێنایە پێشەوە و چرپاندی بە گوێی پروخوردا؛

ـ کوژراوە؟

پروخور بێدەنگبوو. بێئەوەی چاو هەڵبڕێ و هەروەکو گوێی لە پرسیارەکەی پیرەمێرد نەبووبێت درێژەی پێدا؛

ـ لەوێ جێگیر بووین.. سورەکان دەیانویست بمانشکێنن و بەناوچەکەماندا تێپەڕن و خۆیان بگەیەننە چیا و دەستیان بگاتە دارستان. لەبەرئەوە فەرماندەی سواران مەفرەزەیەکی هەڵبژارد ئەو ـواتە پیترۆی ئێوەـی کرد بە ئامر مەفرەزە و.. فەرماندەکەمان مولازم ئەوەل "سینین Senin" بوو، ئەوەبوو ئیتر، ئەوە ڕویدا و..

دەنگی بەربوونەوەی مەنجەڵێک لەتەنیشت زۆپاکەوە بەرزبۆوە، پیرەژن بەهەردوو دەستی ئاوەڵاوە کوڕە کوڕ بەرەو سیسەمەکە چوو. هێندە هاوار و ناڵە لە گەرویدا پەنگیان خواردبۆوە و نەیدەوێرا دەریانبڕێ خەریکبوو

قورگی دەتەقی. گاڤریلا بەهەڕەشەوە کێشای بە مێزەکەدا و نەڕاندی بەسەریدا؛

ـ مەنوزێنە.پاشان هەردوو ئانیشکی لەسەر مێزەکە دادا، ڕاستەوخۆ چاوی بڕیە چاوی پروخور و بەدەنگێکی هێمن و ماندوو وتی؛

ـ دەی تەواوی کە.

پروخور دایە پرمەی گریان و وتی؛

ـ کوشتیان.

تادەهات ڕەنگی دەپەڕی. هەستایە سەرپێ. بەدەم دەست کوتان و گەڕانەوە بۆ شەپقەکەی بەردەوامبوو لەسەر قسەکانی؛

ـ پیترۆیان دا بەزەویدا و بە شمشێر کوشتیان.. لەدامێنی دارستانێکدا وەستابووین بۆ ئەوەی ئەسپەکان کەمێک پشوبدەن. پیترۆ تەنگەی ئەسپەکەی شلکردبۆوە کە سورەکان لەدارستانەکەوە بەسەرماندا دارژان.

لەوەدەچوو وشەکان لە گەروی پروخوردا بشکێن و بیخنکێنن، بەدەستە لەرزۆکەکانی شەپقەکەی گرمۆڵەکرد، و درێژەی بەقسەکانی دا؛





ـ پیترۆ پەلاماری زینەکەی دا، زینەکە کەوت بەلادا و شۆڕبۆوە بۆ ژێر سکی ئەسپەکە، ئەسپ وەک تیسکەی تفەنگ تێی تەقاند و بۆی دەرچوو، پیترۆ نەیتوانی بیگرێتەوە.. بەجێما.. و.. لەوێ تەنها مایەوە.. و ئیتر وەکو وتم ئاوابوو...

گاڤریلا زۆر هێمن و لەسەرخۆ وتی؛

ـ باشە، گریمان من بڕوام پێنەکردیت؟

پروخور بێئەوەی ئاوڕبداتەوە یان سەیری ئەملاولا بکات بەرەو دەرگاکە ملی نا و وتی؛

ـ ئارەزوی خۆتە.. گاڤریلا ڤاسیلیچ.. بەڵام باوەڕت هەبێت من ڕاستیت پێدەڵێم، ڕاستی ڕوت.. من ئەو ڕوداوەم بەچاوی خۆم دی.

ڕەنگی ڕوخساری گاڤریلا ئەرخەوانی هەڵگەڕابوو، بەدەنگێکی پچڕپچڕ وتی؛

ـ بەڵام.. ئەی ئەگەر.. من نامەوێت باوەڕ بەوە بکەم؟

خوێن بەری چاوەکانی گرتبوو و پڕبووبوون لە فرمێسک. یەخەی کراسەکەی دادڕی و بەسنگە توکاویە ڕوتەکەیەوە وەکو شێت شالاوی بۆ پروخور برد و نەڕاندی؛

ـ کوڕە تاقانەکەم کوژراوە؟! تاقە کەسەکەم؟! پیترۆی من؟! درۆ دەکەیت قەحبە دایک! گوێت لێیە؟ درۆ دەکەیت.. من باوەڕت پێناکەم!

شەوێ چاکەتەکەی دا بەسەر شانیدا و چووە حەوشە، بەفرە شەختەکردووەکە لەژێر کلاشە لبادەکانیدا خرچە خرچی دەهات، لەلابەلای دەشتەوە با هەڵیکرد، لەتەک خۆیدا پرۆشەی بەفری هێنا. تاریکیەکی ئەنگوستەچاو دار گێلاسە ڕوت و قوتەکانی حەشاردا، گاڤریلا بەدەنگێکی نزم ناڵاندی؛

ـ کوڕەکەم!

کەمێک ڕاما و بەبێئەوەی لە شوێنی خۆی بجوڵێت یان ئاوڕبداتەوە لەملاولا، جارێکی تر ناڵاندیەوە؛

ـ پیترۆ!.. کوڕم!

و پاشان دەمەوڕو کەوت، دەموچاوی چەقیە بەفرە شێلراوەکەی تەنیشت کادێنەکەوە و لەتاو ئازار چاوی نوقاند.

* * *





لە گوند باس باسی کۆکردنەوە و دەست بەسەراگرتنی ئازوقە و نزیکبوونەوەی دەستەیەک چەتەی لای تەرەفی خواروی "دۆن" بوو. هەواڵە تازەکان لە بارەگای ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن کاتێ کۆبونەوەی گشتی دەکرا باسدەکران و دەبیستران.

گاڤریلای پیرەمێرد هەرگیز پێی نەنابووە سەر پلیکانە شەق و شڕەکانی بارەگای ئەنجومەن، بەتەماش نەبوو هەرگیز ئەو کارە بکات، لەبەرئەوە زۆر هەواڵی نوێی نەدەبیست و لەزۆر شت بێئاگابوو، لەبەرئەوە کە یەکشەممەیەک دوای دۆعای بەیانی سەرۆکی ئەنجومەنی گوندی بینی سێ چەکداری لەگەڵدایە، چەکدارەکان پەستەکی خورمایی کورتیان لەبەردایە، بەرەو لای ئەم دێن، زۆری لا سەیر بوو. سەرۆک تەوقەی لەگەڵ گاڤریلا کرد، کاتێ کە هۆی هاتنەکەیانی بۆ ڕونکردەوە وەکو ئەوە وابوو مشتەکۆڵەیەکی توند بکێشرێت بە پشتی سەریدا.

ـ باپیرە بڵێ بزانم دانەوێڵەت هەیە.

ـ ئەی بۆ وادەزانیت بەچی دەچین؟ بە نوێژ و دۆعا؟

ـ گاڵتە مەکە، ڕاستمان پێ بڵێ، دانەوێڵەکەت لە کوێدایە؟

ـ لە کوێدایە، بێگومان لە عەمباردا.

ـ پیشانمانی بدە.

ـ یارمەتی هەیە لوتف بفەرمون بزانم ئیشتان بە دانەوێڵەی من چیە؟

یەکێکی باڵابەرزی قژ زەردیان ـکە وادیاربوو سەرگەورەیان بووـ پێی دا بەزەویدا و وتی؛

ـ ئێمە هاتووین هەرچی دانەوێڵەیەکی زیادە هەیە دەستی بەسەردا بگرین بۆ دەوڵەت، "کۆکردنەوەی ئازوقە"ت نەبیستووە پیرەمێرد؟

گاڤریلا پیشی خواردبۆوە خەریک بوو لەداخاندا ورگی دەتەقی. بەدەنگێکی گڕ و توڕەوە وتی؛

ـ ئەی ئەگەر هیچتان نەدەمێ؟

ـ خۆمان دەیبەین.

سەرۆک و هاوڕێکانی چرپەچرپێکیان کرد و چوونە عەمبارەکەوە و دەستیانکرد بەگەڕان بەناویدا، بەفری پێڵاوەکانیان تێکەڵ بە گەنمە شەنکراوە ئاڵتونیەکە دەبوو، پیاوە قژ زەردە بەخۆکەیان جگەرەیەکی داگیرساند و بڕیاری خۆیدا؛

ـ بەشی خواردنی خۆیان و تۆوی بۆ دانێن و ئەوی تری بەرن.





و بەسەرنجێکی شارەزایانە گەنمەکەی پێوا و ڕوی کردە گاڤریلا و وتی؛

ـ چەند زەوی دەکێڵی؟

ـ هیچ.

تفێکی ڕۆکرد و کەوتە کۆکین، دەمار گرتی، دەموچاوی سور هەڵگەڕا و درێژەی بەقسەکانی دا؛

ـ هیچم ناوێ، هەمووی تالان کەن، بیبەن بۆ خۆتان.. هەمووی با بۆ ئێوە بێت..

سەرۆک دەستکێشەکانی لەڕوی گاڤریلادا ڕاتەکاند و پێیوت؛

ـ لەسەرخۆبە، لەسەرخۆ، باپیرە چیتە، شێت بوویت؟!

ـ ئەوەندە ماڵی خەڵک بخۆن تا لەبەربینتان دەگیرێت.. ئەوەندە بخۆن تا دەتۆپن!

پیاوە قژ زەردەکە چلورەکەی کە بە سمێڵیەوە شۆڕبووبۆوە بەدەست پاک کردەوە و سەرنجێکی زیرەکانەی گاڵتەئامێزی گاڤریلای دا و بە زەردەخەنەیەکی هێمنەوە وتی؛

ـ بەسە، پیرەمێرد! دەنگە دەنگ مەکە، هەرا هەرا بێسودە، ئەم زیقە زیقەت لە چیە؟ کەس پێی ناوە بە کلکتدا؟

پاشان برۆکانی هێنایەوە یەک و شێوەی ئاخافتنەکەی ڕەقتر بوو؛

ـ لەوە زیاتر چەنەبازی مەکە، ئاگات لەدەمت بێت، ئەگەر ئەزانی زمانت درێژە بەددان بیگرە!.. سزای گێرەشێوێن..

بێ ئەوەی قسەکەی تەواوبکات دەستی کێشا بە کیفە زەردەکەی دەمانچەکەی لاقەدیدا و هێمنانەتر وتی؛

ـ چاکتر وایە هەر ئەمڕۆ بە خۆشی خۆت تەسلیمی کەیت.

لەڕاستیدا پیرەمێرد نەترسا بەڵام لەبەردەم ئەو دەنگە زوڵاڵ و پڕلەباوەڕ بەخۆبوونەدا شلبوو و هەستیکرد ڕاستە هەراهەرا بێسودە و هیچ دادێکی نادات. دەستێکی بێ حەوسەڵەیی و خۆبەدەستەوەدانی ڕاوەشاند و پشتی تێکردن و بەرەو هەیوانەکە کەوتە ڕێ. لەنیوەی ڕێدابوو نەڕەیەکی زل دایچڵەکاند؛

ـ کوان ئەوانەی گەنم لە خەڵک دەستێنن؟

گاڤریلا ئاوڕیدایەوە، لەو دیوی پەرژینەکەوە سوارێکی بینی ئەسپەکەی هەستابووە سەر پاشوو. هەستیکرد شتێکی نائاسایی ڕودەدات، ئەژنۆکانی هاتنە لەرزین. پێشئەوەی دەم هەڵبێنێتەوە ئەسپ سوارەکە هەرکە سەربازەکانی





تەنیشت عەمبارەکەی بینی، ئەسپەکەی هێورکردەوە و بەپڕتاو تفەنگەکەی لەشانی داماڵی . شریخەی گولەیەک بیسرا، دوو جار دەنگی ڕاکێشان و بردنە پێشەوەی میلی تفەنگێک بێدەنگیەکەی هەژاند کە تۆزێک لەوەوبەر دوای تەقاندنی فیشەکەکە لە حەوشەکەوە ئالابوو، و قاوغە فیشەکێک لە تفەنگەکەوە دەرپەڕی و گیزاندی.

ماوەی کورتی واق وڕمان و حەپەسان دوایی هات، پیاوە قژ زەردەکە خۆی فڕێدایە پشت دەرگای عەمبارەکەوە و بەسستی و زەحمەت دەستی لەرزۆکی برد بۆ کیفەکەی دەمانچەکەی دەرهێنا. سەرۆکی ئەنجومەن کەوەکو کەروێشک قەڵەم بازی دەدا، هەموو حەوشەکەی تەیکرد و خۆی کرد بە کادێنەکەدا. یەکێک لە سەربازانی دانەوێڵە کۆکردنەوە ئەژنۆیەکی دادایە سەر زەوی و یەدەکێکی لە کڵاوە فەروەکەدا بەتاڵکردەوە کە لە پشت پەرژینەکەوە لێی دیاربوو و بەرز و نزم دەبۆوە.

بارانی گولە بەسەر حەوشەکەدا داباری. گاڤریلا بە زەحمەت قاچەکانی کە ڕۆچووبوونە بەفرەکەوە و دەتوت پێوەی نوساون، دەرهێنا و بەهەنگاوی قورس بەرەو هەیوانەکە ڕۆشت. کە ئاوڕی دایەوە سێ سەربازە پەستەک

خورماییەکەی بینی هەوڵدەدەن ڕابکەنە ناو کادێنەکەوە و خێرا خێرا قاچیان لە تەپۆڵکە بەفر گیردەبێت، دەکەون و هەڵدەستنەوە. لەپڕ دەستەیەک سوار لەدەرگای حەوشەوە کە دەتوت بۆ پێشوازی میوان خراوەتە سەر گازی پشت، ڕژانە حەوشەکەوە. سەرکردەکەیان کڵاوێکی "کۆبان"ی لەسەردابوو، ئەسپێکی "کوێت"ی لەژێردابوو، هەستابووە سەرپێ، بەسەر زینەکەدا چەمابۆوە، شمشێرەکەی بەهەوادا هەڵدەسوڕاند. عەبا سپیەکەی بەری کە بەپارچەی باق و بریق ڕازێنرابۆوە وەکو باڵی قاز دەهاتە پێش چاوی گاڤریلا، سمی ئەسپەکەی بەفری دەپرژاند و دەیکێشا بەدەموچاوی گاڤریلادا.

کاتێ کە گاڤریلای هێز لێبڕاو خۆی نوساندبوو بەپایە زەخرەفەکراوەکەی هەیوانەکەوە ئەسپە کوێتیەکەی دی بازێکی بەسەر پەرژینەکەدا داو لەلای کادێنە نیوەپڕ لە جۆیەکەوە، سوارەکەی سەرپشتی دانەویەوە و بە شمشێرەکەی دەستی یەکێک لە سەربازەکانی کە گرمۆڵەبووبوو و بەسکەخشێ دەڕۆشت، ڕاست و چەپ قاشکرد.





لەناو کادێنەکەوە دەنگە دەنگ و هاوارونالە دەهات، پاش تاوێک فیشەکێک تەقی. کۆترەکانی کە لەگەڵ یەکەم تەقەدا هەڵفڕیبوون و پەنایان بردبووە بەر گوێسوانەی عەمبارەکە، جارێکی تریش وەکو پڕیشکی وەنەوشەیی فیشەکەشێتە بەئاسماندا بڵاو بوونەوە.

زایەڵەی زەنگی کڵێسا سەرتاپای گوندەکەی هەژاند. "پاشا" شێتبوو، چووبوە سەر بورجی زەنگەکان و لەجیاتی ئەوەی زەنگی خەتەر لێبدات لەبێ ئەقڵی خۆی چووبوو هەموو گوریسەکانی بەجارێ ڕاکێشابوو و وەکو ڕۆژی جەژن هەموو زەنگەکانی هێنابووە زرنگە زرنگ.

سەرۆکی قۆزاقیەکان بەخۆی و کڵاوە "کوبان"یەکەی و عەبا سپیەکەیەوە لە گاڤریلا هاتە پێشەوە، دەموچاوە ئارەقکردۆکەی هاتبۆوە یەک و لچی شۆڕبووبۆوە و کەفی دەچڕاند؛

ـ جۆت هەیە؟

گاڤریلا بەزەحمەت خۆی لەپایەکە جوداکردەوە، لەتاو ئەو هەموو شتەی دیبووی زمانی قورسبووبوو و نەیدەتوانی قسەبکات.

ـ کەڕیت، شەیتانە پیر، وتم جۆت هەیە، زووکە گوێنیەک پڕکە، بیهێنە.

پێشئەوەی فریابکەون ئەسپەکان بەرەو ئاخوڕەکە بەرن، سوارێکی تر خۆیکرد بە حەوشەکەدا و هاواری کرد؛

ـ سواربن! سەرباز لەگردەکەوە سەراژێر بوون، بۆ ئێرە دێن..

سەرکردە بەدەم جنێودانەوە، ئەسپەکەی کە شەلاڵی ئارەقەبوو و هالاوی لێ هەڵدەستا لخاوکرد و هەرئەوەندە مایەوە تا بە بەفر پەڵە سورە تۆخەکەی سەر قۆڵی ڕاستی چاکەتەکەی سڕی. کە پێنج سوارەکە بەغار لە حەوشەکەدا چوونە دەرەوە، گاڤریلا پەستەکە خوێناویەکەی پیاوە قژ زەردەکەی بینی بە پشتی زینی سوارەکەی دوای دواوە بەسترابوو.

تا ئێوارە دەنگی تەق و تۆق لە هەردە پڕ دڕک و داڵەکەی پشت گردەکە نەبڕا، بێدەنگی وەکو سەگێکی تێلاتڕینکراو هەموو گوندی گرتەوە. تاریکی شینباوی ئێوارە باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا گرتبوو کە گاڤریلا وردە وردە هاتەوە سەرخۆی و زاتی دایە بەرخۆی و چوو بۆ کادێنەکە. دەرگاکە لەسەر گازی پشت بوو، هەر کە خۆیکرد بە ژوردا، سەرۆکی





ئەنجومەنی بینی کەتبوو بەسەر پەرژینێکی نزمدا، گولەیەکی پێوەبوو، هەردوو دەستی شۆڕبووبوونەوە بۆ خوارەوە، وەک بیەوێت شەپقەکەی هەڵبگرێتەوە کە لە تەنیشت پەرژینەکەوە کەوتبوو.

تۆزێک لەولای کادێنەکەوە لەسەر بەفرە بە کا داپۆشراوەکە هەر سێ پیاوەکەی کە بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە هاتبوون بەڕیز لەتەنیشت یەکەوە ڕاکشابوون بێجگە لە جلی ژێرەوە هیچ شتێکی تریان لەبەردا نەبوو.

گاڤریلا بەبینینی ئەو دیمەنە ڕق و کینەی سەر لەبەیانی لەدڵدا نەما، وایدەزانی مۆتەکە سواری بووە، ئەم دیمەنەی کە لە کادێنەکەیدا دەیبینی، ئەو کادێنەی کە هەمیشە بزنەکانیماڵە دراوسێکان تەراتێنی تێدا دەکەن و وردە کا لە گورزە کا بەستراوەکان دەردێنن، وا ئێستا لە هەمان کادێندا لاشەی سێ پیاوی لەتلەت کراو دەبینێ، بۆنی مەرگیان لێدێت و لەتەنیشت گۆمە خوێنی نیوە مەییوی کەف کردووەوە درێژبوون.. دیمەنێکی ترسناک و تابڵێی دزێوبوو لەبەرچاوی.

قژ زەردەکە بەپشتا پاڵکەوتبوو و بەشێوەیەکی نائاسایی ملی وەرچەرخابوو، هەردوو قاچی خستبووە سەریەک،

ئەگەر بەوردی سەرنجی سەریت نەدایە کە چەقیبووە ناو بەفرەکە دەتووت پاڵکەوتووە و پشوو دەدات.

دووهەمیان سمێڵ ڕەشێک بوو دانێکی پێشەوەی کەوتبوو، لەشوێنی خۆی گرمۆڵە بووبوو سەری بەنێوان هەردوو شانیدا ڕۆچووبوو، بەرقەوە دانی ڕیچکردبۆوە.

سێهەمیان سەری لەناو کاکەدا نوقم بووبوو دەتووت لەناو بەفردا مەلە دەکات دیاربوو لەکاتی گیانەلادا هەوڵ و تەقەلای زۆری دابوو، و هەردوو دەستی زۆر ڕاوەشاندبوو تا مەرگ وردە وردە لە جوڵەی خستبوو.

گاڤریلا سەری بەسەر قژ زەردەکەدا شۆڕکردەوە، تەماشای دەموچاوە ڕەش داگیرساوەکەی کرد، موچوڕکەیەکی پێدا هات، داخێکی گران لە سیمایدا بەدەرکەوت، لەبەرپێیدا ئەفسەری دانەوێڵە کۆکردنەوە دڕندەکە نەکەوتبوو، بەڵکو لاوێکی نۆزدە ساڵە کەوتبوو، ژێر مووە زەردەکانی سمێڵی و چواردەوری لێوەکانی ئاویان پێدا هاتبووە خوارەوە.. بەستبووی و بووبە بە چلورە. تاقە چرچەکەی نێوچەوانی کە بەسەر هەردوو برۆیدا درێژبووبۆوە تاڕادەیەک قوڵ و غەمگین دەهاتە بەرچاو.





گاڤریلا هەروا لەخۆیەوە بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی هەبێت، دەستیدا لە سنگی ڕوتی لاوەکە.. کوتوپڕ دەستی ڕاکێشایەوە و سەری سوڕما، لەنێو ئەو ساردیە سەهۆڵ ئاسایەدا دەستی بەر گەرماییەکی کەم کەوت.

پیرەژن کە گاڤریلای بینی لاشەیەکی شەلاڵی خوێنی وەک تەختەی داوە بە کۆڵیدا و بەنقەنق دەیهێنێتە ژوورەوە، زریکەیەکی کرد و پاشەوپاش کشایەوە لای ئاگردانەکەوە و بەدەست وێنەی خاچی کێشا.

لەسەر مەستەبەکە پاڵی خست. بە ئاوی سارد شوشتی، بە لفکەیەکی زبر هەردوو قاچی و هەردوو دەستی و سنگی جوان جوان سڕی، هێندەی سڕی تا ماندوو بوو و هەموو لەشی نیشتە سەر ئاو. بەقێزوبێزەوە گوێی نا بە سنگە سارد و سڕەکەیەوە، بەئاستەم ترپەی هێواشی ناڕێک و پێکی دڵی هاتە گوێ.

* * *

سێ ڕۆژ و چوار شەوی خشت، ڕەنگ زەرد و سست وەک لاشەیەکی بێگیان لە ژوورە گەورەکەدا کەوت. برینی ناوچەوان و گۆنای قەتماغەی بەستبوو، سنگە بەسارغی

پێچراوەکەی لەژێر بەتانیەکەدا بەزەحمەت بەرز و نزم دەبۆوە. کە هەناسەی دەدا قرخەقرخ و خیزەی سنگی دەهات. هەموو ڕۆژێک گاڤریلا بە پەنجە زبر و قڵێشاوەکانی لێوەکانی لەیەک جودا دەکردەوە و بەنوکی چەقۆیەک دانە جیڕبۆوەکانی لەیەک دەترازاند، پیرەژنیش بەهۆی قامیشەوە شیری گەرم و ئاوی گۆشتی دەچۆڕاندە دەمیەوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارەم سەرگۆناکانی لاوە قژ زەردەکە کەمێک ئاڵبوون. بۆ نیوەڕۆ دەموچاوی وەک لقی ناسکی نەمامی گۆیژی دوای تۆف و کڕێوە سورهەڵگەڕا.

هەموو لەشی هاتە لەرزین و ئارەقەیەکی سارد و لینجی لەژێر کراسەکەیەوە دەردا.

ئیتر دوای ئەوە بەردەوام وڕێنەی دەکرد، قسەی بێسەر و بەری دەکرد و هەوڵیدەدا هەڵسێت. گاڤریلا و ژنەکەی شەو و ڕۆژ بەنۆرە ئێشکیان دەگرت و بەدیاریەوە دادەنیشتن.

شەوانی درێژی زستان، کاتێ کە لە ڕۆژهەڵاتەوە با لەلابەلای "دۆن"ەوە هەڵیدەکرد و گەواڵە هەوری ساردی بەنزمی بەسەر گوندەکەدا بڵاودەکردەوە و ئاسمانی ڕەش و تاریکی دەژاکاند، گاڤریلا سەری دەخستە نێوان هەردوو





لەپی دەستیەوە و لەژور سەری لاوە زامارەکەوە دادەنیشت و گوێی لە وڕێنە پچڕ پچڕە سەیروسەمەرە بێ سەروبنەکانی دەگرت.

چاوی دەبڕیە ئەو پەڵە سێ گۆشەییە ئەسمەرەی کە تیشکی ڕۆژ لەسەر سنگی دروستی کردبوو و سەرنجی دەدایە پێڵوە شین هەڵگەڕاوەکانی چاوە نوقاوەکانی کە دوو کەوانەی خۆڵەمێشی گەمارۆی دابوون.

هەرکە ئاە و ناڵە لە لێوە وشک هەڵگەڕاوەکانیەوە دەهاتە دەر، یان بەدەنگێکی نوساو فەرمان و جنێوی پیسی دەدا و ئازار و ئەشکەنجە و تورەیی لە ڕوخساریدا دەردەکەوت، گاڤریلا هەستیدەکرد دڵۆپی گەرمی فرمێسک لە گەروویدا پەنگیان خواردۆتەوە. ئا لەو کاتانەدا زۆری بەزەیی پێدا دەهاتەوە.

گاڤریلا هەستیکرد هەر ڕۆژێک یان هەر شەوێک ڕادەبورێ و ژنەکەی بەدیار لاوە بریندارەکەوە ئێشک دەگرێ لەبەر بێخەوی تادێت زەرد و لاواز دەبێت. کە فرمێسکی دەبینی بەسەر ڕومەتە چرچ و لۆچەکانیدا ڕێچکەیان دەبەست و دەهاتنە خوارێ، دەیزانی یان با بڵێین بەدڵ هەستیدەکرد کە خۆشەویستی پیترۆی جوانەمەرگی کوڕی و

فرمێسکەکانی کە تا ئەو کاتە نەیتوانیبوو پڕبەدڵ بۆی هەڵڕێژێت وردە وردە دەبن بە هەست و سۆزی گەرمی خۆشەویستی بۆ ئەم کوڕە نامۆیە، کوڕی دایکێکی بێگانە و نەناس، کە تارمایی مەرگ باڵی ڕەشی کێشاوە بەسەر ڕوخساریدا.

ڕۆژێک تیپێک سەرباز بە گوندەکەدا تێپەڕین. فەرماندەکەیان لەبەردەرگا ئەسپەکەی لای "بەردەست"ەکەی (*بەردەست؛ لەجیاتی "گماشتە"ی فارسی و "مراسل"ی عەرەبی بەکارهێنراوە. و) بەجێهێشت و خۆیکرد بە ماڵی گاڤریلادا، بەتەق و هوڕی شمشێرەکەی لاقەدیەوە بەسەر قادرمەکاندا سەرکەوتە سەرەوە، خۆیکرد بە ژوری میواندا، کلاوەکەی داگرت و ماوەیەکی زۆر بەبێدەگی لەژور سەری کوڕەکەوە وەستا.. لەڕوخساری بریندارەکەدا تارمایی سێبەری ڕەنگ هەڵبزڕکاو بەدی دەکرا. تاڵێکی باریکی خوێن لەنێوان لێوەکانیەوە کە بەزەبری "تا" زۆرەکەی لەشی وەکو خەڵوز ڕەش داگیرسابوون، هاتبووە خوارەوە.

فەرماندەکە سەرە ماش و برنجیەکەی کە پێش وادە نیشانەی پیری لێوەدەرکەوتبوو بادا و نیگای لە نیگای گاڤریلا لادا و بە ماتی و غەمناکیەوە وتی؛





ـ پیرەمێرد ئاگات لەم هاوڕێیەمان بێت.

گاڤریلا بەدەنگێکی پتەو وەڵامی دایەوە؛

ـ ئاگام لێدەبێت.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، هەفتە لەدوای هەفتە هاتن و تێپەڕین، جەژنی لەدایکبوونی مەسیح هات و تێپەڕی، لەڕۆژی شانزەهەمیندا، قژ زەردەکە بۆ یەکەمین جار چاوی کردەوە، گاڤریلا گوێی لە دەنگێکی ناسکی وەک داوی جاڵجاڵۆکە باریک بوو؛

ـ پیرەمێرد تۆیت؟

ـ بەڵێ منم.

ـ خراپیان پێ کردم، وانیە؟

ـ خوا ڕەحممان پێبکات.

گاڤریلا لە سەرنجە کورتە شەفافەکانیدا هەستی بە جۆرە سوعبەتێکی سادەی دور لە ناپاکی دەکرد.

ـ کوڕەکانی تر چیان بەسەرهات؟

ـ ئەوان.. ئەوانمان لە گۆڕەپانەکە ناشت.

بەپەنجەکانی بەتانیەکەی جوڵاند و چاوی بڕیە بنمیچە ڕەشەکە.

گاڤریلا پرسی؛

ـ ناوت چیە؟

پێڵوە شین هەڵگەڕاوە دەماراویەکانی داخست؛

ـ نیکۆلای.

ـ ئێمە ناوت دەنێین پیترۆ، کوڕێکمان هەبوو ناوی پیترۆ بوو.

گاڤریلا ماوەیەک خەیاڵ بردیەوە و ویستی پرسیاری شتێکی تری لێبکات، بەڵام کە گوێی لە مشەمش و هەناسەی ڕێک و پێکی کوڕەکەبوو، بۆ هاوسەنگی کردنی خۆی هەردوو دەستی بەملاولادا بڵاوکردەوە و لەسەرنوکی پەنجە لە قەرەوێڵەی کوڕەکە دورکەوتەوە.

* * *

هێواش هێواش گوڕ و تینی هاتەوە بەر، مانگی دوایی بەهەوڵ و تەقەلایەکی زۆر سەری لەسەر سەرین بەرزکردەوە، پشتی پڕبوو لە شوێن برینی تازەی ناو جێگا.

هەر ڕۆژێک تێدەپەڕی گاڤریلا بە ئاشکرا هەستیدەکرد تادێت زیاتر پیترۆی تازەی دەچێتە دڵەوە و زیاتر هۆگری دەبێت. لەلایەکی تریشەوە تادەهات ڕەنگ و ڕوخسار و سیمای پیترۆی یەکەمی، واتە کوڕەکەی خۆی، زیاتر لا کاڵ





و کاڵتر دەبۆوە، هەروەکو تیشکە لاوازەکانی زەردەپەڕی ئێوارە کە لە شوشەی پەنجەرەکەیەوە دەهاتنە ژورەوە و تادەهات وردە وردە کزتر و کزتر دەبوون.

هەرکە دەیویست یادی غەم و پەژارەکانی پێشوی بکاتەوە و جارێکی تر لێیان نزیک بکەوێتەوە، ڕابوردوی تادەهات دور و دورتر دەکەوتەوە لێی، بۆیە شەرم دایدەگرت و پەستدەبوو. دەچووە دەرەوە ماوەیەکی زۆر لە حەوشەکەدا خۆی بە پیاسەکردنەوە خەریکدەکرد، بەڵام هەرکە بیریدەکەوتەوە بەدرێژایی ئەو ماوەیە ژنەکەی بەبێئەوەی هەنگاوێک دورکەوتبێتەوە، بەزۆر سەری پیترۆوە بووە، ئیرەیی پێدەهات، دەچۆوە ژورەوە و هێمن و بێدەنگ بەدیار پیترۆوە ڕادەوەستا، بەتانیەکەی بە پەنجە زبر و قڵێشاوەکانی ڕێک دەخست و کە هەستی بە سەرنجە توڕەکانی پیرەژن دەکرد، بێدەنگ و کش و مات لەسەر کورسیەک دادەنیشت.

پیرەژن گۆشتاو و ئاوی هەندێ گژوگیای کێویلەی کوڵێنراوی دەرخواردی پیترۆ دەدا، لەو گژوگیا بەهاریانەی کە لەناوەڕاستی مانگی نیساندا گوڵ دەکەن. ئیتر سا بەهۆی ئەو شتانەوە بووبێت یان بەهۆی تین و گوڕی لاوێتیەوە

بووبێت، کوڕە وردە وردە بەسەر سستی و بێهێزیەکەیدا زاڵبوو، برینەکانی ساڕێژبوون، سەرگۆناکانی وردە وردە بەخوێنی گەشی تازە ئاڵبوون.. تەنها باڵی ڕاستی نەبێت کە لەخوار دەفەی شانیەوە ئێسکەکەی شکابوو و بەتەواوەتی چاک نەبووبۆوە و وادیاربوو ئیتر هەر چاکیش نابێتەوە.

سەرئەنجام لە هەفتەی دووهەمی "ڕۆژی گەورەدا" (*"Lent" چلەی ڕۆژو و پارێزکردن لەلای مەسیحیەکان) پیترۆ توانی خۆی بەتەنها بێئەوەی هیچ کەس یارمەتی بدات هەستێتە سەر قنگ و دانیشێت. زەردەخەنەیەکی گەورە لە ڕوخساریدا وەدەرکەوت، وادیاربوو خۆشی حەپەسابوو و باوەڕی نەدەکرد ئەوەندە بەهێزبێت.

ئەو شەوە لە موبەقەکە لای ئاگردانەکەوە لەنێوان قرخە و کۆکەوە دەنگی پیرەمێرد بەرزبۆوە؛

ـ پیرەژن خەوتیویت؟

ـ چیە؟

ـ بەم زوانە کوڕەکەمان چاک دەبێتەوە و لە جێگا هەڵدەستێ باشتر وایە سبەینێ پانتۆڵە قۆزاقیەکەی پیترۆ





لە سنوقەکە دەربێنی.. جل و بەرگی تەواوی بۆ ئامادەکەیت.. هیچی نیە لەبەری کات.

ـ دەزانم، هەموو شتێکم بۆ ئامادەکردووە.

ـ کارامەیت ئافرەت.. پاڵتۆ فەروەکەشت بۆ دەرهێناوە؟

ـ ئەی چۆن؟! قابیلە کوڕەکە بەڕوتی بسوڕێتەوە؟!

گاڤریلا یەک دوو جار ئەمدیودیوی کرد، خەریکبوو خەوی لێدەکەوت لەپڕێکدا شتێکی تری وەبیرهاتەوە، خێرا سەری هەڵبڕی، وەک سەرکەوتنێکی وەدەست هێنابێت پرسی؛

ـ ئەی تەپلەکە؟ هەبێ و نەبێ بیرت چووە، پیرە قاز.

ـ ئۆی.. دەوازم لێبێنە! ڕەنگە لە دوێنێوە چل جار بەلایدا تێپەڕیبیت و نەتدیبێت ، ئەوەتا هەڵمواسیوە بەو مێخەی ئەو بەر ژورەکەوە!

گاڤریلا لەتاو ئازار کەوتە کۆکین، پاشان بێدەنگبوو.

بەهاری پڕ جم و جۆڵ و چالاکی "دۆن"ی هێنابووە هەلەکەسەما، بەفری شەختە کردوو وەکو کرم لێیدابێت ڕەش داگەڕابوو، نەرم بووبۆوە و توندی و ڕەقیەکەی جارانی نەمابوو، سەریاڵەکان ڕوت و قوت بووبوونەوە، ناو دۆڵ و شیوەکان نەبێت هەموو دەشت و دەر بەفری چووبۆوە.

کەنارە دورەکانی "دۆن" لەژێر تیشکی گەرمی هەتاودا لێی ڕاکشابوون.. لەلابەلای دەشتەوە با بۆن وبەرامەی تەرووی (*دەوەنێکە گوڵەکانی بۆنی گەڵی "بەیبون"یان لێدێت.و.ک) لەگەڵ خۆی دەهێنا.

کۆتایی مانگی مارت بوو.

* * *

ـ "بابە" ئەمڕۆ هەڵدەستم!

هەرچەندە هەموو سەربازانی سوپای سور کە بەبەرماڵەکەیاندا تێدەپەڕین و سەرە سپیەکەیان دەدی پێیان دەوت "بابە" بەڵام ئەم جارەیان کە گوێی لەو وشەیە بوو هەستی بە گەرمیەکی تایبەتیکرد تێیدا. ڕەنگە ئەو وای هەستکردبێت، دوریش نیە پیترۆ بە هەست و سۆزی ڕاستەقینەی کوڕێکەوە بۆ باوکی ئەو وشەیەی وتبێت، بەهەرحاڵ هەر کامێکیان بووبێت، دەموچاوی گاڤریلا سور هەڵگەڕا، دەستیکرد بە کۆکین و بەدەم شاردنەوەی دڵخۆشی و لەهەمان کاتدا شڵەژانەکەیەوە بڵمەبڵمێکی کرد؛

ـ دوو مانگ زیاترە لەناو جێدایت، پیترۆ.. ئیتر کاتی هەستانتە..





پیترۆ بەشەلەشەل چووە بەرهەیوانەکە، با هێندە هەوایکرد بە سیەکانیدا خەریکبوو بخنکێت، دەستیکرد بە کۆکین.. گاڤریلا لەپشتەوە گرتی، پیرەژنیش بەبەرکۆشەکەی بەردەوام خەریکی سڕینی فرمێسکە حازرەکانی بوو.

کاتێ کە بەلای عەمبارە لە قوڕدروستکراوە سەربان داڕوخاوەکەدا تێپەڕین پیترۆی زڕکوڕیان پرسی؛

ـ پاشئەوە دانەوێڵەکەت برد.

ـ بردم.

ـ چاکت کرد، بابە!

وشەی "بابە" جارێکی تریش گەرمی بەخشیەوە بە دڵی پیرەمێرد.هەموو ڕۆژێک پیترۆ خۆیدەدا بەسەر گۆچانێکدا و بەشەلەشەل بەناو حەوشەکەدا هات و چۆی دەکرد، گاڤریلا لە هەر شوێنێکەوە بیدیایە، لە کادێنەکەوە، لەسەر بانیژەکەوە، لەهەر شوێنێکەوە کوڕە تازەکەی بەرچاوبکەتایە چاوی تێدەبڕی و خواخوایبوو نەترازێت و بکەوێت.

زۆرکەم قسەیان بەیەکەوە دەکرد، بەڵام وردە وردە تادەهات پەیوەندیەکەی نێوانیان سادەتر و پڕ خۆشەویستی تر دەبوو.

دوو ڕۆژ پاشئەوەی کە بەتەواوەتی دەیتوانی ڕێبکات کاتی نوستن، گاڤریلا لێی پرسی؛

ـ تۆ خەڵکی کوێیت کوڕم؟

ـ ئۆراڵ.

ـ بەبنەماڵە جوتیارن، وانا؟

ـ نەء کرێکار.

ـ چۆن؟! هیچ کارێکت هەبوو، وەکو پینەچێتی.. تەنەکە چێتی؟

ـ نەء، بابە.. لە کارگەیەکدا کارم دەکرد، کارگەی ئاسن تواندنەوە، هەر لە منداڵیمەوە لەوێ ئیشمدەکرد.

ـ ئەی چی گەیاندیتیە دانەوێڵە کۆکردنەوە؟

ـ لە سوپاوە ناردیانم.

ـ بۆ تۆ چی بوویت؟ فەرماندەیان بوویت؟

ـ بەڵێ، بابە.

پرسیاری دوای ئەوە زەحمەتبوو، بەڵام ئەو خۆی مەبەستی ئەوەیان بوو؛





ـ کەواتە تۆ حیزبیت؟

پیترۆ زەردەخەنەیەکی گەشی هاتە سەرلێو؛

ـ شیوعیم.

لەو زەردەخەنە گەشەوە گاڤریلا بۆیدەرکەوت کە ئەو وشە سەیرونامۆیە ئێجگار زۆر تۆقێنەر نیە.

پیرەژن کە لەوساوە چاوەڕێی هەلێکبوو پرسیارێک بکات فرسەتی هێنا و پرسی؛

ـ پیترۆ کەس و کارت هەیە؟

ـ کەس لەم دنیایەدا شک نابەم، وەکو ئەو مانگەی بەئاسمانەوەیە تاک و تەنهام.

ـ دایک و باوکت مردوون؟

ـ منداڵبووم تەمەنم حەوت ساڵ بووە باوکم بە سەرخۆشی شەڕیکردووە و کوشتویانە. دایکیشم ڕەدوی دۆستێکی کەوتووە، هەڵگیراوە..

ـ ئەی دەڵە سەگ، بەو منداڵیە بەجێی هێشتوویت!

ـ ڕەدوی بەڵێندەرێک کەوتووە، ئیتر منیش هەرلە مناڵیەوە لەو کارگەیەدا گەورەبووم.

گاڤریلا هەردوو قاچی بەدەوری ئاگردانەکەدا گرت و ماوەیەکی زۆر بێدەنگبوو، پاشان زۆر هێمن و لەسەرخۆ دەستیکرد بە قسەکردن؛

ـ باشە، کوڕی خۆم، مادام کەس و کارت نیە، دەتوانیت لای ئێمە بمێنیتەوە.. ئێمە کاتی خۆی کوڕێکمان هەبوو، بەیادی ئەوەوەیە کە پێت دەڵێین "پیترۆ"، بەڵام ئەوە ماوەیەک لەمەوپێش بوو، ئێستا بەدووقۆڵی تەنها دەژین.. دوو پیری تەنها کە چەند ڕۆژێکی ژیانمان ماوە بەیەکەوە بەسەری دەبەین.. ماوەیەکی زۆر غەمی چاکبوونەوەی تۆمان خوارد و بەدیارتەوە دانیشتین، ڕەنگە لەبەرئەوەبێت کە ئەوەندە هۆگرت بووین.. هەرچەندە تۆ لە خوێنی بێگانەیت بۆ ئێمە، بەڵام پڕبەدڵ خۆشمان دەوێیت، واهەست دەکەین کە کوڕی ڕاستەقینەی خۆمانیت.. لای ئێمە بمێنەرەوە، زەویمان هەیە بۆ خۆمان ئیدارەی پێدەکەین.. زەوی وزاری دەوروبەری "دۆن" بەپیت و بەرەکەتن. خوا چیدا بەیەکەوە دەیخۆین و ژنێکیشت بۆ دەهێنین.. من تەمەنی خۆمم بەسەربردووە لەپاش من زەوی و زارەکەت بۆ دەمێنێتەوە. ئەوەی کە لە تۆمان دەوێت تەنها ئەوەیە کە حورمەتی پیریەکەمان بگریت و تادەمرین پێکەوە بژین و





بخۆین.. پیترۆی خۆشەویستمان تکات لێدەکەم بەجێمان نەهێڵی و دڵمان نەشکێنی.

سیسرکێک بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەدەنگێکی تیژ و بێبڕانەوە لەپشت ئاگردانەکەوە دەیزیکاند.. با دەرگا و پەنجەرەکانی بە توندی دەدا بەیەکدا.

ـ من و پیرەژن ماوەیەکە سەرقاڵی ئەوەین ژنێکت بۆ بدۆزینەوە.

گاڤریلا بە ڕوخۆشیەکی دەستکردەوە چاوێکی داگرت، بەڵام لێوەکانی لەرزین و زەردەخەنەیەکی خواروخێچیان لەسەر دروستبوو کە زیاتر لەوە دەچوو نیشانەی پاڕانەوە و بێدەسەڵاتی بێت.

پیترۆ چاوی بڕیبووە تەختە درزبردووە شەق و شڕەکانی زەوی ژورەکە، بە دەستی چەپیشی بەردەوام بەهێواشی دەیکێشا بە تەختەی سیسەمەکەدا، دەنگێکی ناخۆش و بێزارکەری لێبەرزدەبۆوە؛ تەپ تەپ تەپ تەپ، تەپ تەپ تەپ تەپ.. دیاربوو بیری لە چۆنیەتی وەڵامدانەوە دەکرد، هەرکە بڕیاری خۆیدا، وازی لە تەپە تەپ هێنا و لەپڕ سەری بەرزکردەوە؛

ـ زۆرم پێخۆشە لاتان بمێنمەوە، بابە.. بەڵام وەک دەزانیت کەڵکی ئیشکردنم پێوە نیە. ئەم دەستە لەعنەتیەم پەکی کەوتووە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەم هاوینە لێرە دەمێنمەوە توانای هەر کارێکیشم هەبوو دەیکەم، دوای هاوین بیرێکی لێدەکەینەوە بزانین چۆن دەبێت..

گاڤریلا قسەکەی بۆ تەواوکرد؛

ـ ئەوسا ڕەنگە هەربە ئێجگاریش لێرە بمێنیتەوە!

لەپێ چاڵی جۆڵاییەکەی پیرەژنەوە جیڕەجیڕێکی شادمانانە بەرزبۆوە و ورشەی شادی بەخشی، هەڵپێچانی دەزولە خوریەکە بەدەوری مەکۆکەدا بێدەنگی ژورەکەی هەژاند. تۆ بڵێی ئەو دەنگانە تەنها لایەلایەیەک بووبێت؟ یان ئەو تەقە تەقە بێبڕانەوە بێزارکەرە، بووبێت بە ئاوازێکی شادی و مژدەی ژیانێکی پڕ هیوا و خۆشتری دابێت بە گوێیدا؟ کێ دەزانێت؟!

* * *

پاش بەهار، ڕۆژە گەرمە خۆربردووە پڕ قرچە قرچەکان هاتن، کە لەبەر خۆڵ و تەپ و تۆزی دەشتەکان چرچ و لۆچ و خۆڵەمێشی دەیاننواند. شەپۆلە توڕەکانی "دۆن"ی یاخی،





وەک هەمیشە، لەبەرز و نزمبوونەوەدا بوون.. لافاو هەڵدەستا و کێڵگە و مەزراکانی کەنارەکانی دادەپۆشی. بەری ئەوبەری "دۆن" سەوزبوو و زیاتر بەلای خۆڵەمێشیدا دەیڕوانی. بۆن وبەرامەی شیرینی سپیدار ئەو ناوەی تەنیبوو، لەنێوان ئەو مێرگ و سەوزەڵانیەدا گۆمێک هەبوو وا بەپەڕەی گوڵی هەڵوەریوی مزرەسێوی کێویلە داپۆشرابوو، ڕەنگی گوڵەباخی گرتبوو.

شەوانە تروسکایی هەورە بروسکەی دور وەکو نیگای کورتی پڕ لەنازی کچان، لەدڵی ئاسماندا چەخماخەیان دەدا. لەو دەمانەدا شەویش وەکو تروسکەی ئەو چەخماخانە کورت و کەم دەوام دەبن.

گاجوتەکان ماوەیەکی ئەوتۆیان نابێت تادوای ماندوبوونی ڕۆژ پشوویەک بدەن.. گاگەل دەردەکرایە دەرەوە بۆ لەوەڕگا، وڵاخەکان هێندە لاوازبوون لەژێر پێستەکانیانەوە یەکە یەکە پەراسوەکانیان دەبینران.

گاڤریلا و پیترۆ یەک هەفتەی تەواویان بەیەکەوە لەدەشت بەسەربرد، پێکەوە زەویەکەیان کێڵا، تەختیان کرد، تۆویان پێوەکرد. شەوانەش هەردووکیان یەک پاڵتۆی فەرویان دەدا بە خۆیاندا و لەژێر عەرەبانەکەدا دەنوستن،

بەڵام گاڤریلا قەت باسی ئەو پەیوەندیە بەتینەی، کە دەتووت بە زنجیر بەستراوەتەوە بە کوڕە تازەکەیەوە، نەدەکرد. بەقژە زەردەکەی و ئێسک سوکیەکەی و حەز لە ئیشکردنەکەیدا پیترۆی جوانەمەرگی بیردەهێنایەوە، ئەو پیترۆیەی کەتادەهات کەمتر و کەمتر دەهاتەوە بیر گاڤریلا، و کارکردن ماوەی ئەوەی نەدەدا بیری لێبکاتەوە.

ڕۆژانی هاوین بەخێرایی تێپەڕین و وادەی درەو نزیک بۆوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژێک لە ڕۆژان پیترۆ ماوەیەکی زۆری بە ئامادەکردنی کەمپاینەکەوە بەسەربرد. کە گاڤریلا بینی پیترۆ لە بەردەم کورەکەدا وەستاوە و زۆر شارەزایانە دەمی چەقۆ درێژەکانی کەمپاینەکە تیژدەکاتەوە و پەڕەکە کۆن و شکاوەکانی دەگۆڕێت و لەبری ئەوان پەڕەکەی تازە دروستدەکات و دەیخاتە جێگای کۆنەکان، لە زیرەکی و دەست ڕەنگینی پیترۆ سەریسوڕما. سەرانسەری ئەو ڕۆژەی بەو کارەوە بەسەربرد، کە تاریک داهات چوو بۆ بارەگای ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن، بانگکرابوو بۆ کۆبونەوەیەکی گشتی. کە پیرەژن لە کانی هاتەوە نامەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، زەرفەکەی کۆن و پیس و چڵکنبوو، لێی نوسرابوو





بەهۆی گاڤریلاوە بگات بەدەستی هاوڕێ "نیکۆلای کاسیخ Nikolai Kasikh". گاڤریلا دڵەڕاوکێ و غەمێکی لەناکاو دایگرت، دڵی خەبەریدا کە ئەم نامە چڵکنەی زەرفەکەی بە قەڵەمێکی قۆپیە چەند وشەیەکی بەخەتێکی ناخۆش و خواروخێچ و پرلە پەڵە تیانوسراوە، کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراوی تێدایە. نامەکەی گرت بەدەستەوە، ماوەیەک ئەمدیو و ئەودیوی کرد، پاشان بەرزیکردەوە دایە بەر ڕوناکیەکە و لێی وردبۆوە، بەڵام نامەی سەرسەخت و سرپۆش هیچی لێ هەڵنەکرا. بەدەست خۆی نەبوو گاڤریلا هەستی بەرق و کینەیەکی زۆر دەکرد بەرامبەر بەو نامەیەی کە هێمنی و ئارامی ژیانی شڵەقاند.

خەریکبوو بیدڕێنێت، بەڵام کە تۆزێک بیری لێکردەوە وای بەباشزانی کە بیداتە دەست خاوەنەکەی.

هەرلەبەردەرگاوە هەواڵەکەی دابە پیترۆ؛

ـ کوڕم، نامەیەکت بۆ هاتووە.

ـ بۆ من؟!

ـ ئا بۆ تۆ، ها وەرە بیخوێنەرەوە.

لە ژورەوە گاڤریلا چراکەی داگیرساند و بە دووچاوی پڕ لەتاسەی زانینی ناوەڕۆکی نامەکەوە چاوی بڕیە ڕوخساری

پیترۆ کە بە خوێندنەوەی نامەکە تادەهات گەشتر دەبۆوە. ئۆقرەی لێبڕا. لێی پرسی؛

ـ لە کوێوە هاتووە؟

ـ لە ئۆراڵەوە.

پیرەژن هەڵیدایە؛

ـ کێ ناردویەتی؟

ـ هاوڕێیانی کارگەم.

گاڤریلا کتوپڕ هەستی بە شتێک کرد، پرسی؛

ـ چییان نوسیوە؟

چاوەکانی پیترۆ پرشنگە هەمیشەییەکەی جارانیان تێدا نەما، بەنابەدڵیەوە وتی؛

ـ دەیانەوێت بگەڕێمەوە بۆ کارگە. بەتەمان جارێکی تر کارگەکە سەرلەنوێ بخەنەوە گەڕ، لەساڵی **1917**ەوە تا ئێستا لەکار کەوتووە. گاڤریلا بەدەنگێکی نزم لێی پرسی؛

ـ ئەی.. تۆ.. دەچیت؟

ـ نازانم.

* * *





پیترۆ کەم کەم لاواز و ڕەنگ زەرد دەبوو، شەوانە گاڤریلا گوێی لێدەبوو، دەینالاند و تا بەیانی لەناو جێگاکەیدا تلیدەدا و خەوی لێنەدەکەوت.. پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە پیترۆ بۆ ئەوە نەخوڵقاوە لە لادێدا بژی، تێگەیشت کە زەوی کێڵان و هەڵگێڕانەوەی زەوی کاری ئەو نیە. ئەو کارگەی ئاسن توانەوەیەی کە پیترۆی تێدا گەورەبووە زوو یان درەنگ ڕایدەکێشێتەوە بۆلای خۆی، و دیسانەوە ڕۆژانی تەنهایی و دور لەخۆشی و پڕلە بێزاری دەستپێدەکەنەوە.

گاڤریلا پڕبەدڵ حەزی دەکرد ئەو کارگە لەعنەتیە وێرانبکات و خشتی بەسەر خشتەوە نەهێڵێت و لەگەڵ خاکدا یەکسانی بکات و شوێنەکەی ببێتە قامیشەلان و گژوگیا و شەخەڵ.

لە سێهەمین ڕۆژی درەودابوو، لەژێر سێبەری کەپرۆکەکەدا ئاویان دەخواردەوە پیترۆ وتی؛

ـ بابە، من ناتوانم لێرە بمێنمەوە، دەبێت بگەڕێمەوە بۆ کارگە. دڵم بۆی لێدەدات.. بیریدەکەم.

ـ ژیانی ئێرەت بەدڵ نیە؟

ـ مەسەلەکە ئەوە نیە. کارگەکە کارگەی خۆمانە. کاتی خۆی کە "کولچاک" ("Kolchak"* ژەنەراڵێکی ڕوسی قەیسەری بووە، فەرماندەی بەشێکی زۆری گاردی سپی و دژ بە شۆڕش بووە، لەسەردەمی جەنگەکانی ناوخۆدا) هێرشی کردە سەر شارەکەمان، ئێمە دە ڕۆژ بەرگریمان کرد. کە شارەکەمانی داگیرکرد نۆ کرێکاری کارگەکەمانی ئیعدامکرد.

ئێستاش کرێکارەکان لەسەربازی گەڕاونەتەوە، هەوڵ دەدەن دوبارە کارگەکە بخەنەوە گەڕ، ئێستا ڕەنگە خۆیان و ماڵ و منداڵیان ڕوت و ڕەجاڵبن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەوڵدەدەن.. من چۆن دەتوانم لێرە بمێنمەوە؟ ..ویژدانم ئازارم دەدات..

ـ تۆ دەتوانیت چیان بۆ بکەیت؟ دەستی ڕاستت لەکار کەوتووە!

ـ قسەی سەیردەکەیت بابە، ئەوان پێویستیان بە هەموو کەسێکە.

گاڤریلا هەوڵیدا وا خۆی پیشانبدات کە پێی ناخۆشنیە، وەڵامی دایەوە؛

ـ باشە، من ڕێت لێناگرم، بەڵام تەنها ئەوەم دەوێت کەلەلای پیرەژن واخۆت نیشانبدەیت کە دەچیت ماوەیەک





لەوێ دەژیت و دوایی دێیتەوە. چونکە ئەگەر وا نەڵێیت بەڕۆیشتنت زۆر سەخڵەت دەبێت خەفەت دەیکوژێت.. خۆت دەزانیت تۆ تاقانەی ئێمەیت..

پاشان دوا هیوای خستەکار و بەدەنگێکی گرفتار و پچڕپچڕ و هێمنەوە وتی؛

ـ بەڵکو هەر بەڕاستیش بگەڕێیتەوە ها؟ ..بەزەییت بە پیریەکەماندا نایەتەوە ها؟ ..دڵت پێمان ناسوتێ؟

* * *

عەرەبانەکە جیرەجیری لێ هەستا، گاجوتەکان بەنقەنق کەوتنەڕێ، بەردە گەچینەکانی ژێر تایەکان کرچەکرچ وردوخاش دەبوون و دەبوون بە تۆز.

ڕێگاکە پێچاوپێچ بەدرێژایی ڕوباری "دۆن" درێژ بووبۆوە. لە ئاستی کڵێسایەکی بچکۆلەدا ڕێگاکە بەلای چەپدا لایدەدا، لە پێچەکەوە کڵێساکانی گوند و گۆڕەپانی ناوەڕاستی گوند و باغ و بێستانە کەسکە دڵگیرەکانی ناوچەکە دەبینران.

گاڤریلا بەدرێژایی ڕێگاکە خەریکی قسەکردن بوو، و هەوڵیدەدا زەردەخەنە لە لێوی نەبڕێت؛

ـ سێ ساڵ لەمەوپێش چەند کچێک ئالێرەدا خنکان، ئەو کلێسا بچکۆلەیەیان بەیادی ئەوانەوە لێرەدا دروستکردووە، و بەدەسکی قامچیەکەی دەستی ئیشارەتی بۆ گومەزە داڕوخاوەکەی کلێساکە کرد و درێژەی بە قسەکانی دا؛

ـ هەر لەم شوێنەشدا خواحافیزبوون لە یەک دەکەین، لێرەوە ئیتر ڕێگای عەرەبانە نیە گردەکە هەرەسی هێناوە، ڕێگا گیراوە. لێرەوە تا گوندەکە فەرسەخێک دەبێت، دەتوانیت بەپێ بڕۆیت. پیترۆ توێشەبەرەکەی پشتی ڕێک کرد و لە عەرەبانەکە دابەزی، گاڤریلا هەوڵیدا نەگری.. قامچیەکەی فڕێدایە سەر زەوی و بەدەستە لەرزۆکەکانی باوەشی بۆ پیترۆ کردەوە؛

ـ خواحافیز کوڕم! بەڕۆیشتنی تۆ خۆری ئێمەش ئاوا دەبێت.

دەموچاوە بەفرمێسک تەڕبووەکەی پڕبووبوو لە چرچ و لۆچ، لەپڕ بەدەنگی بەرز بانگی لێکرد؛

ـ کوڕم دڵنیایت کولیچەکانت بیرنەچووە، کولیچەکانی کە پیرەژن بۆی دروست کردوویت..بزانە هێناوتە؟ ..باشە.. خواحافیز، خواحافیز کوڕم. پیترۆ بە خێرایی و بەلارەلار بە تولەڕێ باریکەکەدا کەوتەڕێ.





گاڤریلا شانی دا دایە سەر لێواری عەرەبانەکە و هاواریکرد؛

ـ بێیتەوە، ها!

دەنگێکی کز لە دەرونیەوە وەڵامی دایەوە؛

ـ نایەتەوە.

لەسەری پێچەکەوە بۆ دواهەمین جار قژە زەردە جوانە ئازیزەکەی بینی. پیترۆ کڵاوەکەی داگرت و بۆی ڕاتەکاند. با شوێن پێیەکانی گسک دەدا و تەپ و تۆزێکی خۆڵەمێشی لێهەڵدەستاند و بەدەوری خۆیدا لولی دەدا.

**1926**

## ((شۆلۆخەف))

* لە **24**ی ئایاری **1905**دا لە گوندی "کروجلین"ی نزیک "فیشینسکایا"ی قۆزاقی یەکیەتی سۆڤێت لەدایکبووە.

* "ئەلیکساندەر میخایلۆفیتچ"ی باوکی فەرمانبەرێکی بچوکی خەڵکی "ریازان" بووە، "ئاناستاسیا دانیلۆڤنا"ی دایکیشی لە بنەماڵەیەکی جوتیاری ناوچەی "ئۆکرانیا" بووە.

* دایکی لە ساڵی "1942"دا لە کاتی بۆمبارانکردنی "فیشینسکایا"دا لەلایەن فاشیەکانەوە کوژراوە. باوکیشی ساڵی "1926" مردووە.

* لە ساڵی "1923"وە کاتێ کە تەمەنی 23 ساڵ بووە، دەستیکردووە بە نوسین.

* یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی ساڵی 1926 کاتێ کە تەمەنی 21 ساڵ بووە چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە.

* دوو جار بە پاڵەوانی کار هەڵبژێردراوە.

*خەڵاتی "لینین"ی وەرگرتووەوخەڵاتی دەوڵەتی پێبەخشراوە.

* خەڵاتی "نۆبڵ"ی وەرگرتووە.

* لەلایەن کۆنترین زانکۆکانی ئەورووپاوە "دکتۆرای فەخری" دراوەتێ.

* ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکەکانی کراون بە فیلمی سینەما، وەکو؛ گاوان، بیژی، خوێنی بێگانە، خاڵ، جوانوو، ئەوانەی لە پێناوی نیشتماندا جەنگان....

* ساڵی 1984 کۆچی دوایی کردووە.

هونەرمەند لەکاتی "ئیبداع"کردندا نابێ ساردبێت! چونکە هەرگیز ناتوانێت کارێکی پوخت و ڕاستەقینە بنوسێت و





ناتوانێت بە خوێنێکی ساردی وەکو خوێنی ماسیەوە و بەدڵێکی ساردی بێ گوڕوتینەوە بچێتە ناو دڵی خوێنەرەوە.

من لەگەڵ ئەوەدام کە خوێنە گەرمەکەی نوسەر لەکاتی نوسیندا بکوڵێت. لەگەڵ ئەوەدام کاتێک دەربارەی دوژمن دەنوسێت، هێندەی ڕقی حەشاردراو لەناخدا هەبێت لەڕقاندا ڕەنگی ڕوخساری بپەڕێت. لەگەڵ پاڵەوانەکەیدا کە خۆشی دەوێت و لەلای ئازیزە، پێبکەنێت و بگری.

"شۆلۆخەف"



**ئەکرەم عەلی محێدین**

- لە ساڵی 1955 لە سلێمانی لەدایکبوووە.

پەیمانگەی کشتوکاڵی (هونەریی) تەواوکرد.

- لەبەرئەوەی جوانەمەرگ لە قوتابییە یێکەمینەکان بوو.. لە کۆلێژی کشتوکاڵ لە ئەبوو غرێب وەرگیرا و، لەساڵی 1983دا بڕوانامەی

وەرگرت و دواتر لە زانکۆی (ئەسکی کەڵەك) وەك موعید خەریکی دەرزوتنەوە بوو.

- لەساڵی 1982دا لەگەڵ بێگەردخاندا ژیانی هاوسەرێتی پێکەوەنا و کوڕێکی تافانەییێکیان بەناوی (زۆزك)ەوە هەیە.

- لە ساڵی 1986 لەتاو زوڵمی ڕژێمی بەعس بە دەردیسەرییێکی زۆر رووەو هەندەران نیشتمانی جێهێشتو دواجار لە سوید گیرسایەوە و.. لەوێ بە ڕەنجی شانی خۆی دەژیا و.. هەردەمیش لە یامەتیدانی هاوڕێیانی نێو وڵات درێغی نەکردووە و بەتەنگیانەوە بووە.

- ساڵی 1977 بە پێنج چیرۆك بەشداریی لە (**کۆمەڵێ چیرۆکی ئاوس**)دا کردووە.

- ساڵی 1992 کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی (**بازنەی خۆر**)ەوە لە سوید چاپ و بڵاوکردەوە.. شەش کورتە چیرۆکی لەخۆی گرتووە.

- دەستەی بەڕێوبەری ڕادیۆی (**ئاوات-هێڤی**) بووە کە لە (مالمۆ)ی سویدەوە بە زمانی کوردی پەخشدەکراو.. بەردەوام لە دژی شەڕی میللەتکوژیی لە باشووری مەزنداو لەمەڕ کێشە گەرم و گوڕەکانی کوردو بە گیان و نەفەسێکی مرۆڤدۆستیو کوردپەروەرانەوە تەنزو وتارو مێزگردی جۆراوجۆری سازدەداو دەنووسی.

دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی (**چراخان**) بوو کە بە کوردی لە سوید دەردەچوو.. بە بەردەوامیش گۆشەیێکی تەنزئامیزی تێیدا هەبوو.





- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (**مەڵبەند**) بوو کە لە لەندەن دەردەچێت و لەمیشدا وێڕای بابەتو وتار, گۆشەییێکی بەردەوامی تەنزئامێزی هەبوو.

- لەمانگنامەکانی (**ژینی نوێ**) و (**پەیام**) و (**ڕۆژی نوێ**) دا وتار و تۆژینەوەی ڕۆژنامەگەرییانەی بڵاوکردۆتەوەو.. نوسەر و هاوکاریان بووە.

- دەوری بەرچاوی لە پەروەردەکردنی منداڵانی کوردی سویددا هەبووە, بەتایبەتی لە بواری فێرکردنی زمانی کوردیدا.

کۆمەڵێ چیرۆك و پەخشانی جۆراوجۆری دیکەی بە زمانی کوردی و عەرەبی هەیە, زوربەیان بڵاونەکراونەتەوە.

کۆمەڵێ چیرۆکی لە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسییێوە کردۆتە کوردی و زوربەیانی لە گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییێکاندا بڵاوکردۆتەوە.

- لە ڕۆژی 22/01/2002 لە سوید بە نەخۆشی کۆچیدوایی کرد و.. هەر لەوێش بە خاك سپێردرا.

**زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2005**

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ئەفغانستان و پێنج ساڵ دەسەلاتی تالیبان | فارسی | وحید مژده | سیاسی | عەلی بیروەندی |
| تۆپەکە | ئینگلیزی | سی. ئیس. فۆریستەر | ڕۆمان | ئەمین شوان |
| ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لەسەدەی (21) | | ئا/( ئە نجومەنی داڕشتنی ستراتیژی | سیاسی | دلاوەر عەبدوڵلا، مجید |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ) | | ساڵەح - تارا شێخ عوسمان |
| نهێنی یاری کاغەز | دانیمارکی | یۆستاین گاردەر | فەلسەفە | بەهرۆز حەسەن |
| کلتوری بەجیهانی بوون و بەجیهانی کردنی کلتور | عەرەبی | د.بورهان غلیۆن /د. سەمیر ئەمین | کۆمەڵناسی | خەبات مەحمود |
| چەند لاپەڕەیەك لە سەربوردەی خۆم | فارسی | سەدرەدین عەینی | ژیاننامە | عەزیز گەردی |
| ڕەوشی ئابووری وکۆمەلآیەتی کوردی رواندز | | ئی. ئار. لیچ | کۆمەلآیەتی | عەزیز گەردی |
| تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان | فارسی | تۆماس ئارتۆر سپراگێنز | سیاسی | فەرشید شەریفی |
| التنین | کوردی | محەمەد موکری | ڕۆمان | ئەبەز کەمال |
| پلاندانان و پلاندانانی ڕاگەیاندن | عەرەبی | د.عماد محمد حسین الهلالی | ڕاگەیاندن | دلاوەر عوسمان ساڵح |
| تۆماری شێتێك | ڕووسی | ن. گۆگۆڵ | شانۆی | جەلال تەقی |
| جوگرافیاو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان | عەرەبی | محمد عبدالغنی سعودی | جوگرافی | جەزا تۆفیق تالیب ئەحمەد عەلی ئەحمەد |
| گەمییەکەی نوح | تورکی | یەشار کەمال | ڕۆمان | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل |
| گوتارو وەرگێڕان | فارسی | عەلی سوڵحجوو | وەرگێڕان | کۆساری فەتاحی |
| رینێ دیکارت | ئەڵمانی | رینێ دیکارت | فەلسەفی | د. حەمید عەزیز |
| ڕۆژی شۆڕش | ئینگلیزی | ڕاجی عمر | مێژووی | شیاو محمود کاوە سەباح |
| دۆنی ئارام | عەرەبی | میخائیل شلۆخۆف | ڕۆمان | محەمەد حەمە ساڵح |
| دووبرا | ڕووسی | لێرمەنتۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| هونەری وانەگوتنەوە | عەرەبی | محمد عبد الرحیم عدس | پەروەردەی | محەمەد ساڵح مەلا حەسەن هۆرێنی |
| کلیلی دەسەلآتی چوارەم | عەرەبی | د.فاروق عمر علی | ڕاگەیاندن | هیوا ساڵح ئەحمەد |
| هنری کیسنجەر | عەرەبی | هنری کیسنجر | سیاسی | ئەبەز کەمال نوری |
| شیخوخة کلیوباتراو أطفال المطر | کوردی | لەتیف هەڵمەت | هۆنراوە | لەتیف هەڵمەت |
| سەرچاوەکانی دیموکراسی | عەرەبی | لاری دایمۆند | سیاسی | دلێر میرزا |
| خۆڕاگرەکان | عەرەبی | بۆریس گۆرباچۆڤ | ڕۆمان | خانەی ڕادۆگا- مۆسکۆ |
| سۆفیگەریتی | عەرەبی | نێکۆس کازەنتزاکیس | | ڕەئوف حەسەن |
| ئەریتی فاشیزم | فارسی | جۆن وایس | مێژووی | کارزان کاوسێن |
| کورتە مێژووی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵناسی | فارسی | بۆتۆڵ | کۆمەڵناسی | فەرشیدی شەریفی |
| تاو | عەرەبی | لاوتزۆ و چوانگ تزۆ | فەلسەفی | دیاری عەلی و ڕەئوف حەسەن |
| خاڵە ساڤا | ڕووسی | أ.پ.چیخۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| الأنفال الکورد و دولة العراق | کوردی | شۆڕش حاجی رسول | بەڵگەنامە ی | خانەی وەرگێڕان |





| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕاوچی | عەرەبی | یەشار کەمال | چیرۆك | تەها ئەحمەد ڕەسول |
| زانستی کیمیا بۆ هەمووان | ئینگلیزی | جی.بی. شولپین | زانستی | د.بایەزید حەسەن |
| صفحات من تأریخ کفاح الشعب الکوردي ج1 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| لەدەرباری شاوە بۆ زیندانی شۆڕش | عەرەبی | إحسان نرغی | سیاسی | ئەحمەد قادر سەعید |
| ڕۆڵی کارکردن لەگۆڕینی مرۆڤ بۆ مەیمون | ئەڵمانی | فردریك ئەنگڵس | کۆمەڵناسی | کەریم مەلا ڕەشید |
| هونەری شیعر | ئەڵمانی | ئەریستۆتلس | فەلسەفە | د.حەمید عەزیز |
| کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی مۆدێرن | فارسی | مالکوم واترز | فەلسەفە | عبدوڵلآ ڕەسوولی |
| خمسون قصیدة مترجمة عن الشعر الأنکلیزی الحدیث | ئینگلیزی | الأدب الأنکلیزی | هۆنراوە | وفاء عبداللطیف زین العابدین |
| حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان | فارسی | کورش صفوی | وەرگێڕان | رفعت مرادی |
| دیموکراسییەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن | عەرەبی | د. محمد عبدالقادر حاتم | ڕاگەیاندن | مەم بورهان قانع |
| دڵشاد | عەرەبی | سەلیم بەرەکات | ڕۆمان | جەوهەر کرمانج |
| گوڵبژێرێك لە پەندو سەرهاتە ناوازەکان | عەرەبی | هادی عەلەوی | پەند | حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی |

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|
| چەردەیەکی کۆمەلآیەتیانە لە مێژووی نوێی ئێراق /2 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | کوێستان جەمال |
| چەردەیەکی کۆمەلآیەتییانە لەمێژووی نوێی ئێراق/5 | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | حەسەن جاف |
| چەردەیەکی کۆمەلآیەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق بەرگی (6) | عەرەبی | علی وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |
| چەردەیەکی کۆمەلآیەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق پاشکۆی بەرگی (6) | عەرەبی | علی وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |

## زنجیرەی بلاّوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لەساڵی 2006

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|
| شانۆی هاوچەرخی سویدی | عەرەبی | د. فازڵ جاف | شانۆی | دلێر میرزا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Kurdish Folktalesچیرۆکی میللی کوردی | کوردی | محەمەد حەمە سالح | چیرۆك | ویلەر سانکستون |
| مارکسیسمی فەلسەفی و ئایدیالیستە هێگلییەکان | فارسی | حوسێن بشیریە | فەلسەفی | مەنسووری تەیفوری |
| کۆمەڵناسی جەنگ | فارسی | گاستۆن بۆتۆڵ | کۆمەڵناسی | مەنسووری تەیفوری |
| یەکەمین تر پە عاشقانەییەکانی دڵم | فارسی | فروغ فەروغزاد | ئەدەبی | ئەبوبەکر قەرەداغی |
| سەفەرنامەی هێنری بێندەر | فارسی | هێنری بێندەر | مێژووی | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ماڵی بووکە شووشە | ئینگلیزی | هێنریك ئیبسن | شانۆی | تەیمور تاهیر |
| چیرۆکەکانی دۆن | فارسی و عەرەبی | میخائیل شۆلۆخەف | چیرۆك | ئەکرەم عەلی |
| ژیان مانای چییە؟ | فارسی | برادلی ترور گریو | فکر | موسلیم ئەحمەد |
| داستانەکانی شانامەی فیردەوسی | فارسی | ئەسەدوللای شەعبانی | مێژووی | دلێر میرزا |
| سەرهەڵدان و دارمانی زلهێزەکان | ئەڵمانی | پاول کێنەدی | مێژووی | د. کوردۆ عەلی |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي ج2 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي ج3 | کوردی | فاتح ڕەسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد | فارسی | حەبیبوللا تابانی | مێژووی | جەلیل گادانی |
| ژیار و تازەگەری | فارسی | هەڤپەیڤینێك لە نێوان جەمشیدی بێهنام و رامینی جەهانبەگلوو | فکر | هیوا عەزیزی |
| سەربازێکی ئەمێریکایی | عەرەبی | ژەنەراڵ تۆمی فرانکس | یاداشت | باسط حەمە غەریب |